# چۆن بتوانین شۆڕش بکەینە فکر گوڵان وەک نموونە

((تا لە ناو خودی خۆماندا ئازاد نەبین
مەشخەڵی شۆڕش لە ناو شۆڕشمان پێ هەڵناگیرسێت))
ئیدگار کینیه لە کتێبی(ڕەخنەگرتن لە شۆڕش - پاریس ١٨٦٧)



د. شێرزاد نەجاڕ
تایبەت بۆ گوڵان نووسیوەتی

**ئەرکی پارتی شۆڕشـــگێڕە روو لە جەماوەرە راســـتەقینەکەی بکاتەوە، وەك جارێکیان (لینین) جەختی لەسەر ئەم حەقیقەتە کردۆتەوە، شۆڕشـــی گوڵانیش هەر ئەمەی کردووە، کاتێ گوزارشتی لەجەماوەری راستەقینەی گەلی کورد دەکردەوە، لەو قۆناغە مێژووییەدا ســـەرکردایەتی کاتیی ئەوسا وردبینترین ئەدای کاری سیاسی دەخستەڕوو، ئەویش بەو شـــێوەیە، رووی لەو کەســـانە دەکرد کە خاڵی هاوبەش کۆی دەکردنەوە، گەرچی جیاوازی سیاســـی و ئیتنی لە نێوانیشـــیان هەبوویێت، هەروەها ئەوانەی کە ســـتەمیان دەرهەق کرابوو، یان ئەوانەی لەســـەر خاکی خۆیان وەدەرنرابوون، هەموویانی لە بۆتەیەکدا کۆکردەوەو ئەمانەش بوونە کەرەســـەیەکی شۆڕشـــگێڕانە بۆ ســـەر لەنوێ کاراکردنەوەی پارتێکی شۆڕشـــگێڕانەی وەك(پارتی دیموکراتی کوردستان)، لەو قۆناغە سامناکەدا(پارتی دیموکراتی کوردستان) بوو بەهەڵگری مەشخەڵی شۆڕشی گوڵان و ئەویش بۆ رۆشنکردنەوەی ڕێگای هەژاران و چەوساوەو قوربانیانی دەستی ستەم، لەتەیارکردنی ئەو جەماوەرەی خۆراکی شۆڕشەکە بوون سەرکەوتنی بەدەستهێنا، کارەکانی پارتی وەك پارتێکی شۆڕشـــگێڕ کارایی خۆی لەوەدیهێنانی وەرچەرخانە شۆڕشگێڕییەکەدا هێنایە دی، بۆ تاوتوێی بارودۆخەکەش ئینتلجنسیا رۆڵێکی کارایان گێڕا لەتیۆراندنی پارتێکی شۆڕشگێڕییدا تا ئەو ڕادەیەی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشگێڕانەیان بۆی داڕشتەوە.**

### چۆن بتوانین ڕووداوێکی وەك (شۆڕش) بکەینە فیکر

بەپێی وتەی مێژوونووس و بیرمەندی فەرەنسایی فرانسۆ فۆریە، ئـــەم تۆمارە لە ڕێکەوتەکانـــی ژیانی فیکریەوە خولْقـــاوە، تایبەتمەندێتی شـــۆڕش بابەتـــی گرەوێکە لە کێڵگەی لێکۆڵینەوە زانکۆییەکاندا، هەر تویژەرێك شۆڕش لە زانســـتی سیاسەتدا وەك دیاردە بخوێنێت و شرۆڤەی بۆ بکات، کۆمەڵگەو پیشەکەی ئەم مافەی پێ ڕەوا دەبینین ئەم کارە بکات، بەمەرجێك بایەخ بە تەکنیکەکانی بدات، هاوشێوەی تویژەرێك کە خەسڵەتەکانی ئارامی و بابەتیی بۆ خۆی بە دەست بهێنێت..

هەر کاتێك تویژەر لەســـەر زانســـتی سیاســـەت و مێژوو بنووســـێت، پێویستە لەســـەری کە دەستنیشانی ئاڕاستە فیکریـــەکان بکات و هەروەها ئامانج لـــە تویژینەوەکەی دیاری بکات، واتا نووسین لەسەر شۆڕش، ڕێگەی تویژەر دیار دەخات بۆ حوکمدانی لەسەر شتەکان.

قســـەکردن لەسەر شـــۆڕش و دانانی چوارچێوەی فکری بۆی، واتا زەرووڕەتی هەبوونی پاشـــخانێکی فیکری کە بتگەیەنێتە ســـەر بۆچوونێك دەربارەی شـــۆڕش، شۆڕش بزاوتێکـــی بەردەوامیـــی پێکەوەرۆیـــە، ئایدیۆلۆژیای شۆڕشـــگێڕیی لە ناو هەناوی تێکۆشانی شۆڕشگێڕانەوە

دەخولقێت، شۆڕشگێڕی بەناوبانگی فەرەنسایی (سیس)لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بە ناوی (چینی سێیەم کێن؟ ١٧٨٩) وەك جەخت لێکردنەوەیەك دەنووسێت((لەناو تاریکایی دەربەگایەتی و هەمەجیەتەوە پێوەندییە ڕاستەقینەکانی نێوان خەڵکی تێکدەشکێت، هەموو جۆرەکانی دادپەروەری بۆگەن دەبێت، بەڵام کاتێك خۆر هەڵدێت، پێویستە پاشخانەکانی هەمەجیەتی کۆن، پەرش و بڵاو ببێتەوەو هەڵبوەشێتەوە، ئێمە هیچ ناکەین لە گۆڕینی خراپەکاریەکان زیاتر...)).

لەو بارەیەوە بیرمەندو مێژوونووسی فەرەنسایی ئیلیکسی دی تۆکفیل قسە لەسەر ڕۆحی ڕاستەقینەی شۆڕش دەکات و لە ڕێگەی گوزارشت لێکردنی هەمەچەشنەوە دەستنیشانی دەکاتەوە، وەك توێژینەوەیەکی مانەوی بۆ باشترین دەستوورێکی پێویست یان وەك ئارەزوویەك بۆ گۆڕینی دەفری هەمان کۆمەڵگە..)) ئەگەر شۆڕشی فەرەنسایی وەك مۆدێلێك وەربگرین کە گوزارشتە لە ڕۆحی ڕاستەقینەی شۆڕش، ئەو خۆی دەناسێنێ بەو شێوەیەی کە گەلاڵە بوونێکی کۆگەلانەیە بۆ کۆمەڵێك سیمای ڕۆشنگەرانە کە پێکهێنەری ڕۆحێکی نوێی مێژوویین و لەگەڵ هەڵوێستی ڕەتکردنەوەی ئەنجومەنە یاساییەکانی ناسراو بە(کۆمۆنە) شۆڕش دەستی پێکرد، ئەویش لە بەهاری ١٧٨٩ دژ بە فەرمانەکانی پاشا کە ڕێگەخۆشکەر بوو بۆ ئەو گۆڕانکارییە خێرایانەی کە لە حوزەیرانی ١٧٨٩ دەستی پێکردو لە ١٤ی تەمووزی هەمان ساڵدا گەیشتە چڵەپۆپەو ئاکام سەرکەوتنی پرۆلیتاریا بەسەر پاشاو ڕژێمی کۆندا، شۆڕشی فەرەنسا گوزارشتە لە چاوکرانەوەی جەماوەرێکی هەڵچوو کە بە هۆیەوە فیکرو وشەکان لە خۆخواردنەوەی ناوەکیی ڕزگاریان بوو، ئەو پەنگخواردنەوەیەی کە بەهۆی ملکەچبوون بۆ دامودەزگا کۆنینەکان دروست بوو بوون، پاشا وەك خۆی نەمایەوە، کڵێسەش وەك خۆی نەما، بەو شێوەیە ساڵی ١٧٨٩ بە وەرچەرخانێکی سەردەم بۆ مێژوو دەژمێردرێت، پاش ئەوەی ڕژێمە کۆنەکە جگە لە تاریکایی و گومڕایی گوزارشتی لە هیچی تر نەدەکرد، ئەو ڕژێمە هەموو خاڵەکانی بەپێوەوەستانی ون کردبوو، لە هیچ دەزگایەکدا بوونی نەمایەوە، ڕەشەبای گۆڕانکارییەکان هەڵیکردو هەموو بنەما باوەکانی ڕژێمی کۆنی هەڵپاچی، شۆڕشگێڕان فیکری ئایندەخوازییان هەڵگرتبوو کە پێشی سەردەمی خۆیان دەکەوتن، وەك چۆن (میرابۆ) بەو شێوەیە گوزارشتی لێ دەکرد، شۆڕشگێڕان هاواریان کرد: گەل بریتییە لە دەسەڵات، ئەم گەلە وەك چۆن (جان جاك ڕۆسۆ) جەختی لە هەمبەر دەکاتەوە، هەرگیز ناتوانن لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتیدا دەسبەرداری مافەکان بن، ئەگەر دەسبەردار بن واتا یەکسەرو خێرا لەوە دەکەون ئازاد بن.

ئەم گەلە ئازادە وەك لە لایەن (سیس)ی شۆڕشگێڕەوە دەناسێنرێتەوە، پێش هەر چالاکیەکی سیاسی و یاسایی دەکەوێت، گەل لەو تاك تاکە ئازادو یەکسان و سەربەخۆو هاوشێوەکانیان پێکدێت کە لە یەکتری جیاوازن، بەڵام لەبەرامبەر پێداویستیە هاوبەشەکان یەکگرتوون، ئەو پێداویستیانەی کە پێکەوەژیان لە نێوان چەشنەکانی مرۆڤایەتی دروست دەکات، ئەم ویستە هاوبەشەیە کە گەل و نەتەوە بونیاد دەنێت و هەموو دەسەڵاتەکانیش لە کۆی گەلەوە دەچەسپێنێت.

پێویستە شۆڕش گوزارشت لەم ویستە بکات، واتا گوزارشت لە کۆی گەل بکات، ئەم گەلە خاوەنی سەروەرێتیە کە بەهۆی دەستوورەوە ئەو سەروەرێتیە پیڕەو دەکرێت.

یاسای بنەڕەتی بۆ شۆڕش لەسەر دوو بیرۆکەی مەتین دروست دەبێت:

فکری سڕینەوەو وێرانکردن و فکری بونیادنانەوەی نوێ: کەواتە شۆڕش تێگەیشتنێکی نوێیە یان ڕوونتر تێگەیشتنێکی ژیاریانەی تازەیە کە هەبوونە کۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و فکریەکەی پێشان ڕەت دەکاتەوەو نایهێڵێت، ئەم شۆڕشە پێویستە بە ئایدیۆلۆژیەتێکی دیاریکراوەوە بلکێنرێت، ئیتر موسکا بە پێکهاتەی سیاسی ناوی دەبات، هەروەها سورێل بە ئەفسانەی سیاسی دەیناسێنێت و باریتۆ بە پێکهاتەبوون ناوی دێنێت، لێرەوە پرسیارە گرنگەکە سەردەردێنێت: ئایا دیاردەی شۆڕشی هاوکوفکراو بە ئیدیۆلۆژیا، دیاردەیەکی ڕەسەنی تەبیعەتی مرۆڤایەتیە؟

هەندێك لە بیرمەندان لە نموونەی مۆسکا و باریتۆ جەخت لەسەر ئەمە دەکەنەوە، بەڵام ئاڕاستەیەکی تر هەیە لەبەر هەندێ هۆکاری تر ئەمە ڕەت دەکەنەوەو جەخت لەو شرۆڤەیە دەکەنەوە کە دەڵێت ئەم دیاردەیە خۆی خەسڵەتێکی بنەڕەتیە لە خەسڵەتەکانی حاڵەتە مرۆییەکان.

لەگەڵ ئەوەشدا تەمومژێکی ئاشکرا بە چواردەوری واتای شۆڕشەوە هەیەو وای لێدەکات فرەواتاو فرەمانای لێ دەربچێت، هۆکاری ئەم تەمومژاویە لە بەرانبەر شۆڕشدا لەوێدایە، بە ڕای (نەدیم بەیتاڕ)ی بیرمەند لە کتێبی (بەها ئیدیۆلۆژییە کودەتاییەکان ـ ١٩٦٤) جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەوەی کە زیاتر لە پلۆرالیزمیبوونی شێوە شۆڕشگێڕییەکاندایە، دیاردە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزەکان شەقڵی خۆیان وەربگرن، ئەمەش لەو واتا هەمەچەشنانەی شۆڕشەوە هاتووە کە:

*شۆڕش بە واتای گۆڕینی چینی دەستڕۆیشتوو بە چینێکی تر.

**ڕۆشنبیران تۆمارێکی تری مێژوویيان بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان دروست کردەوە، چونکە ئاگامەندی ئەوان، ئەم تۆمارە مێژووییەیان بە شکۆدارانە هێشتەوە، لەمبارەیەشەوە(برینتۆن) لە کتێبی(توێکاری شۆڕش)دا ئاماژە بە ڕۆڵی ئەو جۆرە ڕۆشنبیرانە دەدات کە چۆن سەردەکەون و دەردەکەون و دەوروبەری خۆیان دەژێننەوە**

**یەکەمین بەیاننامەی سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئاماژەیەکی گرنگ بوو لەسەر چەکدارکردنی تێکۆشەرانی، بە تێکۆشانی نوێی واقیعبین و زانستیی و شۆڕشگێڕانەو ڕەتکردنەوەی ستەم**

* شـــۆڕش بە واتای گۆڕینی ڕژێمێکی سیاسی بە ڕژێمێکی دیکە.

بەڵام ناکرێت شـــۆڕش تەنیا لە پرۆسەیەکی جێگۆڕکێ و گۆڕیندا کـــورت بکرێتەوە، بەڵکو زۆر گەورەترو فراوانترە لەو پرۆسەیە، دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی مێژوویی گشتیەو، هەڵگری مانای وەرچەرخانەکانە لە هەســـت و فکرەکان و داب و بەهاکان و سیســـتمە کۆمەڵایەتی و سیاســـیەکان ئەویش گۆڕینیان لە ڕەگەوە.

بەو واتایە شۆڕش لە ناو کۆمەڵگەدا دەروون و ڕۆحیەتێکی نوێ دەخوڵقێنێت و دەبێتە ڕێگەخۆشـــکەر بۆ دەرکەوتنی ئاراستەیەکی نوێ لە مۆراڵ و سیاسەت و هونەرو سیاسەت و ئەدەب، حوکمدان لەســـەر شۆڕش پێویستە حوکمدان بێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو وەرچەرخان و گۆڕانکاریانەدا، پێویستە دووربخرێتەوە لە هەر پێوەرێکی هەڵسەنگاندنی مۆراڵیانە، وەك زانراویشە شۆڕشـــگێڕە گەورەکانی نموونەی (سیس و ترۆتســـکی و لینین) جەختیان لەســـەر ئەوە کردۆتەوە کە کێشەی شـــۆڕش کۆدەبێتەوە لە وەرچەرخانە مۆراڵی و ڕۆحی و عەقیدەییەکان ئـــەوەش لە میانەی پێوەندییان بـــە زەرورەتی خســـتنەڕووی فەلســـەفەیەکی نوێ کە پشتبەســـتوو بێت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی وەرچەرخان و گۆڕانکاری پێویســـتەوە، شۆڕش مژدەبەخشە بۆ دروست بوونـــی جیهانێکی نوێ بە پشتبەســـتن بە ئیدیۆلۆژیای کودەتایی تازەوە، کە هەوڵ بـــۆ خوڵقاندنی مرۆڤی نوێ دەدات، ئەمەش مەبەســـتەکەی (مازینی)ە کاتێ جەختی دەکردەوە لەسەر ئەوەی کە هەموو شۆڕشێك پشتبەستووە بە ڕێبازێکی گشتی کە بڕوایەکی نوێی لێوە دەردەچێت.

ئەو شۆڕشەی تەنیا پشت بە ڕووخانی کیانی یاساییانەی کۆمەڵگە دەبەستێت، نابێتە شۆڕش، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە چالاکیە شۆڕشگێڕانەکەی خۆی بباتە ناو بونیادنانێك بە چوارچێوەیەکی ئیدیۆلۆژی کە ببێتە هەوێن بۆ چالاکیەك یان بۆ پرۆســـەی پێگەیاندنی سیاســـیانەی هاووڵاتی، یـــان بە واتایەکی تر بۆ ڕۆشـــنبیربوونی ئیدیۆلۆژیانەی هەمیشەیی کۆمەڵگە، ئەم پرۆسەیەش کلە نکاوراو تویر دروســـت نابێت، زەمینەســـازکردن بۆی لە ڕێی چەندین پەروەردەی فیکریەوە دێتەدی، کە زەمینەیان ســـازداوە بۆ دەرکەوتنی، ئەم پەرەسەندنانە بە هەموو شێوەکانیەوە، کۆکن لەسەر یەك شتی هاوبەش، ئەویش ڕەتکردنەوەو نەهێشتنی سیستمی تەقلیدی کۆنە.

هەروەها خستنەڕووی فەلسەفەیەکی کۆمەڵایەتی تازەیە بۆ ژیانێکی نوێ کە وردە وردە شۆڕدەبێتەوە بۆ کۆمەڵگەو دەستەبژێری ڕۆشنبیران و جەماوەر.

ئەم فەلســـەفە کۆمەڵایەتییە بۆ شۆڕش چەندین بیرمەند لە پشـــتیەوە هەن، شۆڕشـــی فەرەنسی پێشـــەنگانێك لە بیرمەندانـــی وەك (ڤۆڵتێرو ڕۆســـۆ)ی لە پشـــت بوون، لیبرالیەتیش وەك فەلسەفەیەکی گشتگیری کۆمەڵایەتی بیرمەندانی وەك(ئادەم ســـمیس و جـــان لۆك و لایبتیتز و دیکارت و دیتراسی و میل) و ئەوانی تر تا دەگاتە (جۆن راولز)..

شـــۆڕش فەلســـەفەی کۆمەڵایەتی وەردەچەرخێنێت بۆ ڕێگەی ژیان، ڕوانینێکی نوێیە بۆ ژیان، شۆڕشگێڕانیش هاوشـــێوەی زانایانی کۆمەڵناس یان زانایانی سیاسەتوان ڕوو لە فەلســـەفە یـــان ئایدیۆلۆژیا ناکـــەن، بەڵکو لەو بڕوایەوە ڕووی تێدەکەن کـــە نیەتی گۆڕینی دنیایان بۆ مسۆگەر بکات، بە پێی ئیدیۆلۆژیەتە شۆڕشگێڕییەکەیان کە دیانەوێت داهاتووی لێ بونیاد بنێن، بەڵام ئەم پرۆسەیە چۆن مەیســـەر دەبێت و کێ ئەم بارە دەخاتە ئەســـتۆی خۆیەوە.

لە خوێندنەوەی مێژوودا بۆمان ڕوون دەبێتەوە جۆرێکی دیاریکراو لە پارتە سیاســـیەکان دەتوانێت قورسایی ئەم بەرپرســـیارێتیە مێژوویە بخاتە سەرشـــانی خۆی، کە مەبەست لێی پارتی شۆڕشـــگێڕە، ئەو تێکۆشەرانەی لەچوارچێـــوەی ئـــەو پارتە سیاســـیە شۆڕشـــگێڕەدا تێدەکۆشن، ئامادەســـاز کراون بۆ تێکۆشان، لە پێناوی وەدیهێنانی ئامانجەکانی شۆڕشـــدا، ئەم بارە قورســـە مێژوویـــە گرێبەنـــدە بـــە گۆڕانکاری ڕیشـــەیی ناو کۆمەڵگەی تەقلیدیەوە.

پارتی شۆڕشگێڕی، بەرهەمی پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزو دیاریکـــراوە، بەرئەنجامی هەبوونێکە کە هەوڵ بۆ گەیشـــتن بە چەقی باری وێســـتا دەدات، تا بونیادێکی تازەی لێ پێکبێنێت، لە پێناوی کارابوونی ئەم ڕۆڵەشـــدا ئەو فکـــرەی کە پارتێکـــی شۆڕشـــگێڕی ڕێکدەخات، پێویستە لەژێر ڕۆشـــنایی ئاوەزێکی هاوچەرخ بکارێت، بە مەرجێك مێژوو پشـــتگوێ نەخات، بەو شـــێوەیە ئەم فیکرە لەسەر درکپێکردنی واقیع و دیاردەی کۆمەڵایەتی و بە هەند وەرگرتنی کێشـــە هوروژێنراوەکانی کۆمەڵگە هەڵدەســـوڕێت، ئەمەش لەسەر شـــرۆڤەکاریی بارودۆخ و حاڵەتە بابەتیە دیاریکراوەکان هاوکاریی تێکۆشەران دەکات، ئەم ئاوەزە زانســـتیە هاوچەرخە هاریکاری تێکۆشـــەران دەکات، بۆ تێگەیشـــتن لە ژیانی سیاسی، کە بناغەیەکی نارۆونـــی تەمومژە، هاوبارگەبوون لەگەڵیدا، پێویســـتی بـــە عەقڵێکـــی کردارەکییانە هەیە، ئەمـــەش هاوکاریانە بۆ هاتنەئارای بیرکردنەوەی زانســـتانەی عەقڵانیی، لە بری هەســـت و ئارەزووەکان، واتـــە هانابردن بۆ میتۆدی زانستی لە مامەڵەکردن لەگەڵ ڕووداوەکاندا، ئەم میتۆدە تواناکان دەســـەبەر دەکات بۆ پێشبینیکردنی ڕووداوەکان و کۆنترۆڵکردنیان.

**سەرکردایەتی کاتیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەسەرۆکایەتی سەرۆک مسعود بارزانی هاوشان لەگەڵ گرووپێکی دەستەبژێری شۆڕشگێڕ، لەو تێکۆشەرانەی کە شۆڕشی گوڵانی ١٩٧٦ڕاگەیاند، بە وردی بونیاتی دەروونی و سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو بارودۆخە مێژووییەیان هەڵسەنگاندوە کە کۆمەڵگای کوردستانی خۆی تێیدا دەبینیەوە**

**شۆڕشگێڕە گەورەکانی نموونەی (سیس و ترۆتسکی و لینین) جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە کێشەی شۆڕش کۆدەبێتەوە لە وەرچەرخانە مۆراڵی و ڕۆحی و عەقیدەییەکان، ئەوەش لە میانەی پێوەندییان بە زەرورەتی خستنەڕووی فەلسەفەیەکی نوێ کە پشتبەستوو بێت بە چۆنیەتی ئەنجامدانی وەرچەرخان و گۆڕانکاری پێویستەوە**

ئـــەم دۆخـــە بارێكی تر دەخاتە ئەســـتۆی تێكۆشـــەری شۆڕشگێڕەوە، ئەوەش بە پەرەپێدانی تێكۆشانی پشتبەستوو بە عەقڵانیەت و پشتبەخۆبەســـتن، هەروەها بە پەرەپێدانی ویســـتێكی بەهێز، بـــە پێچەوانەوەش ئەگـــەر وا نەبێت، دەكەوێتە بەر تەوژمی دواكەوتنـــی هەبوونی مێژوویی و لە گرێژنە دەرچوونێكی ناچارییانە لە جەنگی بونیادنانی ژیانی تازە، بەم خەســـڵەتانەوە تێكۆشەری شۆڕشگێڕ لەو نەفامانـــەی كە ناتوانن ڕووبـــەڕووی ئەركە مێژووییەكان ببنـــەوە، خۆی جیادەكاتەوە، ئەو ئەركانەی پێویســـتی بە عەقڵانیەتی عەقڵە.

پاش نسكۆی ١٩٧٥ تێكۆشەرانی پارتی دیموكراتی كوردستان دركیان بەو ڕاســـتیە كرد كە جگە لـــە ڕووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەكانی مێژوو هیچ ڕێگەچارەیەكی تریان لەبەردەم نییە، بەردەوامییان بە شۆڕش دایەوە، بەو شێوەیە یەكەمین بەیاننامەی ســـەركردایەتی كاتیـــی پارتی، ئاماژەیەكی گرنگ بوو لەسەر چەكداركردنی تێكۆشەرانی بە تێكۆشانی نوێی واقیعبین و زانستیی و شۆڕشگێڕانەو ڕەتكردنەوەی ستەم، ئەم ئاماژانەش خەسڵەتەكانی پارتی شۆڕشگێڕانە دیار دەخەن، بۆ گرتنە ئەستۆی تێكۆشان بەرەو ڕزگاریی، ئەمەش گواســـتنەوەیەكی فیكرییانەی گرنگ بوو بەرەو عەقڵیەتی زانستیی، كە پێویستە سەرەتا بمانگێڕێتەوە بۆ بنەڕەتی دیاردەكە، لەپێناوی دۆزینەوەی ڕێبازە گشتیەكان و وەرچەرخان و گۆڕانكارییە مێژووییەكاندا كە زەمینە بۆ دەرئەنجامێكی دیاریكراو ســـاز دەكەن. ئەمە ئەو ئەركەیە كە پارتی دیموكراتی كوردستان گرتیە ئەستۆی خۆی بۆ شرۆڤەكردنی بارودۆخی عێراق و كوردستان و گەیشتن بە دەرئەنجامێكی گرنگتر، ئەویش: تێكۆشـــان بۆ وەدیهاتنی ئامانجـــە نەتەوەییەكـــە، ئەو ئامانجانەی تێكۆشـــانێكی درێژخایەنی پێویستە بە ئومێدی سەركەوتن.

ســـەركردایەتی كاتیی پارتـــی دیموكراتی كوردســـتان بەسەرۆكایەتی سەرۆك مســـعود بارزانی هاوشان لەگەڵ گرووپێكی دەستەبژێری شۆڕشـــگێڕ، لەو تێكۆشەرانەی كە شۆڕشـــی گوڵانی ١٩٧٦ڕاگەیاند، بە وردی بونیاتی دەروونی و سیاسی و كۆمەڵایەتی ئەو بارودۆخە مێژووییەیان هەڵســـەنگاندەوە كە كۆمەڵگای كوردستانی خۆی تێیدا دەبینیەوە، بڕیاریان لەسەر رووبەڕووبوونەوەی ئاستەنگەكان و بەردەوامیدان بە تێكۆشانی پارتێكی شۆڕشگێڕانە دایەوە، بەو شێوەیە ســـەركردایەتی كاتیی دیاردەیەكی مێژوویی بوو، لە كاروانی بزاڤی رزگاریخوازی كوردیدا شكۆفەی دایەوە، ئەمە وەك دیاردە، شۆڕشـــێكە كـــە ژیانی نوێی لەبەرچاو گرت، لەوەشدا سەركەوتنی بەدەستهێنا كە توانی واتای شۆڕشـــگێڕانە بەجەماوەرەوە ببەستێتەوە، هەروەها واقیعێكی شۆڕشگێڕی و ڕۆشنگەریی گرنگی دەستەبەر كـــردەوە، بۆ ڕوانین لەو دۆخە سیاســـی و مێژووییەی كە ڕسكابوو، هەروەها لەســـەر توانا تیۆرییەكانی تێگەیشتن لە قۆناغە مێژووییەكە هەڵوەســـتەی كرد، هەموو ئەمەش لەپێنـــاوی بونیاتنانی كۆمەڵگەیەكی تازەو ســـەرلەنوێ دروســـتكەرەوەی مرۆڤـــی كورد، كەواتـــە ئەركی پارتی شۆڕشـــگێڕە روو لە جەماوەرە راســـتەقینەكەی بكاتەوە، وەك جارێكیـــان (لینین) جەختی لەســـەر ئەم حەقیقەتە كردۆتـــەوە، شۆڕشـــی گوڵانیش هەر ئەمـــەی كردووە، كاتێ گوزارشتی لەجەماوەری راستەقینەی گەلی كورد دەكردەوە، لەو قۆناغە مێژووییەدا ســـەركردایەتی كاتیی ئەوســـا وردبینترین ئەدای كاری سیاســـی دەخستەڕوو، ئەویش بەو شـــێوەیە، رووی لەو كەســـانە دەكرد كە خاڵی هاوبەش كۆی دەكردنەوە، گەرچی جیاوازی سیاســـی و ئیتنی لە نێوانیشـــیان هەبووبێـــت، هەروەها ئەوانەی كە ســـتەمیان دەرهـــەق كرابوو، یان ئەوانەی لەســـەر خاكی خۆیان وەدەرنرابـــوون، هەموویانی لە بۆتەیەكدا كۆكردەوەو ئەمانەش بوونە كەرەسەیەكی شۆڕشگێڕانە بۆ سەر لەنوێ كاراكردنـــەوەی پارتێكـــی شۆڕشـــگێڕانەی وەك(پارتی دیموكراتی كوردســـتان)، لەو قۆناغە ســـاماناكەدا (پارتی دیموكراتی كوردستان) بوو بەهەڵگری مەشخەڵی شۆڕشی گوڵان و ئەویش بۆ ڕۆشـــنكردنەوەی ڕێگای هەژاران و چەوساوەو قوربانیانی دەستی ســـتەم، لەتەیاركردنی ئەو جەمـــاوەرەی خۆراكـــی شۆڕشـــەكە بوون ســـەركەوتنی بەدەســـتهێنا، كارەكانی پارتی وەك پارتێكی شۆڕشـــگێڕ كارایی خۆی لەوەدیهێنانی وەرچەرخانە شۆڕشگێڕییەكەدا هێنایـــە دی، بـــۆ تاوتوێی بارودۆخەكەش ئینتلجنســـیا ڕۆڵێكی كارایان گێڕا لەتیۆراندنی پارتێكی شۆڕشگێڕیدا تا ئەو ڕادەیـــەی ئەلتەرناتیڤی شۆڕشـــگێڕانەیان بۆی دارشتەوە،ئەویش وەك زەمینەیەك بۆ تیۆری شۆڕشگێڕێتی پارتی، ئەو ڕۆشـــنبیرانەش تۆمارێكی تری مێژووییان بۆ پارتی دروســـت كردەوە، چونكـــە ئاگامەندی ئەوان، ئەم تۆمارە مێژووییەیان بە شكۆدارانە هێشتەوە، لەمبارەیەشەوە (برینتۆن) لە كتێبی (توێكاری شۆڕش)دا ئاماژە بە ڕۆڵی ئـــەو جۆرە ڕۆشـــنبیرانە دەدات كە چۆن ســـەردەكەون و دەردەكەون و دەوروبەری خۆیان دەژێننەوە، چونكە ئەوانەن كە وامان لێدەكـــەن، نارێكییەكانی دنیا درك پێ بكەین، بەو شـــێوەیە شۆڕشی گوڵان، بەســـەركردایەتی (پارتی دیموكراتـــی كوردســـتان) خەســـڵەتێكی گەوهەرییانەی بـــۆ حزب گێڕایـــەوە، كە بریتیە لە خەســـڵەتی پارتێكی شۆڕشگێڕی جەماوەریانەی واقیعبین و پێكەوە نسكۆیان رەتكردەوەو موكوڕبوون لەســـەر بەردەوامیدان بە شۆڕش، بەردەوامیدان بەتێكۆشـــان لەپێناوی ئازادی و ڕزگاری و دەربازبوون لە ستەم.

**پارتی شۆڕشگێڕ، بەرهەمی پرۆسەیەكی كۆمەڵایەتی ئاڵۆزو دیاریكراوە، بەرئەنجامی هەبوونێكە كە هەوڵ بۆ گەیشتن بە چەقی باری وێستا دەدات، تا بونیادێكی تازەی لێ پێكبێنێت**

**شۆڕش پێویستە بە ئایدیۆلۆژیەتێكی دیاریكراوەوە بلكێنرێت، ئیتر موسكا بە پێكهاتەی سیاسی ناوی دەبات، هەروەها سورێل بە ئەفسانەی سیاسی دەیناسێنێت و باریتۆ بە پێكهاتەبوون ناوی دێنێت**

# شۆڕشی گوڵان

## شێوازێکی نوێی خەبات و بیرکردنەوە بۆ پاراستنی هێڵە سوورەکەی شۆڕشی ئەیلوول





«زۆرجار ئامانجی شۆڕش بۆ سەربەخۆییە، لەبەر ئەوەی چیتر ئەو نەتەوەیە نایەوێت لەلایەن نەتەوەیەکی دیکەوە حوکمڕانی بکرێت. هیندستان لە ساڵی ١٩٤٧دا چیتر نەیویست لەلایەن بەریتانیاوە حوکمڕانی بکرێت. هەر بۆیە زۆرێک لە شۆڕشەکان کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ڕوویان دا، سەربەخۆییان بە ئامانج دەگرت. ماوتسی تۆنگ ساڵی ١٩٤٩ لە بەردەم خەڵکەکەدا ڕایگەیاند «the Chinese people have stood up» ئەوە لە بەشێکیدا مەبەستی ئەوە بوو کە چین ڕازی نابێت لەلایەن هێزێکەوە کە پێکهاتبێت لە ئەوروپی و ئەمریکا و ژاپۆن حوکمڕانی بکرێت، بەڵکو لەلایەن چینییەکانەوە حوکمڕانی دەکرێت، لەبەر ئەوە بە دڵنیاییەوە زۆرجار شۆڕشەکان سەربەخۆیی بە ئامانج دەگرن.»

پڕۆفیسۆر جیرالد هۆرن
سەرۆکی بەشی مێژوو و دیراساتی ئەمریکی و ئەفریقی لە زانکۆی هۆستن

**● بارودۆخی سەختی نێودەوڵەتی لە نێوان نسکۆی ئەیلوول و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان-دا**

مێژووی دیپلۆماتی ئەمریکا لە ساڵانی ١٩٧٠ – ١٩٧٥، مێژووی واتەرگێتە کە لە ساڵی ١٩٧٤ لە سەرەتای خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەیدا، ریچارد نیکسۆن ناچار کرا دەست لە کار بکێشێتەوە، هەروەها مێژووی دۆڕاندنی شەڕی ڤیتنام ـە کە لە ٢٩ی ئاداری ١٩٧٥ ناچار بووە هێزەکانی بکێشێتەوە و لە حوزەیرانی ١٩٧٥ هەر دوو ڤێتنامی سەروو و خواروو یەکیان گرتەوە. ئەم دوو رووداوە پێمان دەڵێن ئەمریکا لەسەر ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و سیاسەتی دەرەوەی لە چ داشکانێکی گەورەدا بووە. سەبارەت بەم داشکانەی ئەمریکا لەسەر ئاستی جیهان، تاریق عەلی بیرمەندی گەورەی پاکستانی، بە شکستێکی هێندە گەورە ئاماژەی پێدەکات کە هیچ بیرمەندێك مەزندەی ئەوەی نەکردووە کە جارێکی دیکە ئەمریکا بەو ئاستە هەڵبستێتەوە کە ئێستا دەیبینین و ئێستاش لە بەردەم گەورەترین تەحەددیدایە لەسەر ئاستی جیهان، بەو ئاستەی ئەو سیستمە نوێیە جیهانییەی (بوش)ی باوك رایگەیاند، ئێستا بۆتە بێ سیستمیی جیهانی نوێ. لەو ماوە سەختەدا هنری کیسنجەر کە ئێستا تەمەنی ٩٢ ساڵە و لە ژیاندا ماوە، لە ساڵانی ١٩٦٩ بۆ ١٩٧٧ دوو پۆستی گرنگی لە ئیدارەی ئەمریکی هەڵسووڕاندووە کە بریتی بوون لە پۆستی راوێژکاری ئاسایشی نیشتمانی و وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە ماوەی ئەو هەشت ساڵەدا کیسنجەر نەك هەر توانی کۆمەڵێك سەرکەوتنی گەورە لەسەر ئاستی جیهان بۆ ئەمریکا تۆمار بکات و باڵانسی هێز بۆ بەرژەوەندی ئەمریکا بگۆڕێت، بەڵکو هەتا ئێستاش هەر ئیدارەیەکی کۆماری لەسەر حوکم بووبێت، نەیتوانیوە دەستبەرداری کیسنجەر بێت و وەك راوێژکارێکی گرنگ دۆسێی زۆر گرنگی پێ سپاردووە. بۆ نموونە: لەسەردەمی حوکمڕانیی رۆناڵد ریگن، کراوە بە سەرۆکی دەستەی فیدراڵی بۆ سیاسەتی ئەمریکا بەرانبەر ئەمریکای باشوور، لەسەردەمی (جۆرج دەبلیو بوش)یش کراوە بە سەرۆکی ئەو لیژنەیەی لە هۆکاری هێرشەکانی ١١ی سێپتەمبەر بکۆڵێتەوە، لەم تەمەنەی ئێستاشیدا کە دوایین کتێبی بە ناونیشانی (سیستمی جیهانی)یە و لە ٢٠١٤ بڵاوی کردۆتەوە، لەسەر ئاستی ئەنجوومەنی سەنات بانگهێشت دەکرێت و لەسەر پرسی ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی دانیشتنی گوێگرتنی بۆ رێکدەخرێت، بۆ ئەمەش لە رۆژی ٢٩ی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ و لەو دانیشتنەی لەلایەن لیژنەی

خزمەتی سەربازی کۆنگرێسەوە بۆی ڕێکخرابوو، سیناتۆرەکان داوایان دەکرد، دەبێت کیسنجەر چۆن لە حەفتاکانی سەدەی رابردوو ئەمریکای رزگار کرد، ئێستاش پلانی خۆی بخاتەڕوو، بە ئاشکراش جەختیان لەوە کردەوە کە تا هەنووکە پێویستییان بە کیسنجەر هەیە.

گەڕانەوە بۆ ئەم باکگراوەندە مێژووییە سەخت و ئاڵۆزەی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ماوەی ١٩٧٠-١٩٧٥، لۆژیکی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بۆ پاراستنی گەلی کوردستان لەناو ئەو گێژاوە سەختەمان بۆ بەرجەستە دەکات و هەست دەکەین ئەم قۆناخە نەك هەر پێویستی بە هەڵوەستە لەسەر کردن هەیە، بەڵکو پێویستی بە دیراساتی زانستی و ئەکادیمی ئاست بەرز هەیە. دیارە لەم ماوەیەدا بەڕێزان ئیدریس بارزانی و مسعود بارزانی، دوو کاراکتەری دیار و گرنگ و هاوکاری نزیکی بەڕێز مستەفا بارزانی بوون، هەم لەسەر ئاستی سەرکردایەتی شۆڕش لەناو کوردستان، هەمیش لە ئاستی شێوازی بەڕێوەبردنی پێوەندییەکانی نێوان شۆڕش و بەغدا، هەروەها جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئاداری ١٩٧٠.

گرێدانەوەی هەوڵەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بە بارودۆخە سەختە نێودەوڵەتییەکەوە، گەڕانەوەیە بۆ لۆژیك و ئەزموونی سەرۆك مستەفا بارزانی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ئەم ئەزموونەی مستەفا بارزانی لە بڕیاردانی بۆ ڕۆیشتنی بۆ سۆڤیەت دەست پێدەکات، کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو دوای سەربەخۆبوونی چەندین نەتەوە، ئەویش وەك سەرکردەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بووە بەشێك لەو سەرکردانەی بیریان لەوە دەکردەوە چۆن لە نێوان هەژموونی سۆڤیەت و ئەمریکادا، سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بپارێزن و پاشانیش بۆ ئەم مەبەستە بزافی وڵاتانی بێلایەن، یان جیهانی سێهەمیان دامەزراند، لەوانەش لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر و جواهر لال نەهرۆ سەرۆکی هیندستان و جۆزێف بروز تیتۆ سەرۆکی یۆگسلاڤیا، ئەم سێ سەرۆکە کە بە خاوەنی فیکری ئەو بزاڤە دادەنرێن، پێش ئەوەی ئەم بزاڤە دابمەزرێنن و پرەنسیپەکانی باندۆگ ١٩٥٥ ڕابگەیەنن، هاوڕێی سەرۆك مستەفا بارزانی بوون، وەك لە گەڕانەوەکەشی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ بینرا، بارزانی مستەفا بە میسردا گەڕایەوە و سەرۆك عەبدولناسر وەك هاوتای خۆی پێشوازی لێکرد.

کەواتە ئەمە دەمانباتەوە بۆ ئەوەی دوای ئەوەی سەرۆك مستەفا بارزانی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە (باکۆ)وە بەرنامەی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ رادەگەیەنێت، لە سەرەتای پەنجاکانەوە دەیەوێت سوود لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە وەربگرێت کە تازە سەربەخۆبوون و دەیانەوێت نەتەوەی خۆیان لەناو ئەو گێژاوە بپارێزین، هەر لەسەر ئەم بنەمایەش دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٨ ڕژێمی پادشایەتی رووخا و عەبدولکەریم قاسم هاتە دەسەڵات و لە دەستووری کاتیی عێراقدا، عێراقی وەك نیشتمانی هاوبەشی کورد و عەرەب پێناسە کرد، ئەو کاتە مستەفا بارزانی بڕیاری دا بگەڕێتەوە بۆ عێراق. بەڵام کاتێك عەبدولکەریم قاسم لە ژێر گوشاری قەومییە شۆڤینییەکانی عەرەب لە هەموو شتێك پاشگەز بووەوە، بارزانی مستەفا شۆڕشی مەزنی ئەیلوولی بەرپا کرد.

ئەمە پێمان دەڵێت، بنەمای سەرەکیی شۆڕش و سیاسەت لای ڕێبەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی، پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بووە و ئامانجی کۆتایی سیاسەت و شۆڕشیش، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، ئەوجا ئەم ئامانجە کۆتاییە کەی دێتەدی، ئەوا ئەمە پەیوەست بووە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەلومەرجی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام هەموو کات لەسەر ئاستی ناوخۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و پاراستنی نەتەوەی بە ئەولەوییەتی کارەکانی زانیوە.

ئەوجا ئەگەر لێرەوە هەڵسەنگاندنێك بۆ ئاستی مامەڵەی شۆڕش لەگەڵ سیاسەتی نێودەوڵەتی لەو قۆناخە هەستیار و ناسکەی جیهان بکەین، دەبینین لە ماوەی ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥ ڕێبەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی هیچ بڕیاریکی نەداوە کە لە دەرەوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیمان بێت، بەڵکو هەموو بڕیارەکانی لەناو ئەو گێژاوە سەخت و جەمسەرگیرییەی جیهاندا بۆ پاراستنی دۆزی نەتەوەیی و گەلی کوردستان بووە، هەر ئەمەش وایکردبوو کاتێك بارزانی مستەفا بڕیارێکی بۆ بەرژەوەندی نەتەوەکەی دەدا، ئەگەر بەدڵی ڕۆژئاوا نەبوایە دەیانگوت: مستەفا بارزانی هاوپەیمانی سۆڤیەتە و ئەگەر بە دڵی سۆڤیەت نەبوایە، دەیانگوت بارزانی مستەفا سەر بە ئەمریکایە، بەڵام ڕاستییەکەی بارزانی مستەفا تەنها سەر بە نەتەوەی خۆی بوو، بڕیارەکانیشی بۆ پاراستنی نەتەوەی خۆی بووە. تەنانەت سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندووش کە زۆر جار نوێنەرایەتی کوردستانیان کردووە بۆ دانوستاندن، یان جێبەجێکردنی ڕێککەوتننامەی ئادار، بەپێی بەرژەوەندی و پاراستنی

**گرێدانەوەی هەوڵەکانی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەیلوول بە بارودۆخە سەختە نێودەوڵەتییەکەوە، گەڕانەوەیە بۆ لۆژیک و ئەزموونی سەرۆک مستەفا بارزانی لەناو سیاسەتی نێودەوڵەتیدا. ئەم ئەزموونەی مستەفا بارزانی لە بڕیاردانی بۆ ڕۆیشتنی بۆ سۆڤیەت دەست پێدەکات، کە لە سەرەتای پەنجاکانی سەدەی رابردوو دوای سەربەخۆبوونی چەندین نەتەوە، ئەویش وەک سەرکردەیەکی ئازادیخوازی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت، بووە بەشێک لەو سەرکردانەی بیریان لەوە دەکردەوە چۆن لە نێوان هەژموونی سۆڤیەت و ئەمریکادا، سەربەخۆیی وڵاتی خۆیان بپارێزن**

**جەمال عەبدولناسر سەرۆکی میسر و جواهر لال نەهرۆ سەرۆکی هیندستان و جۆزێف بروز تیتۆ سەرۆکی یۆگسلاڤیا، ئەم سێ سەرۆکە کە بە خاوەنی فیکری ئەو بزاڤە دادەنرێن، پێش ئەوەی ئەم بزاڤە دابمەزرێنن و پرانسیپەکانی باندۆگ ١٩٥٥ ڕابگەیەنن، هاوڕێی سەرۆک مستەفا بارزانی بوون، وەک لە گەڕانەوەکەشی بۆ عێراق لە ساڵی ١٩٥٨ بینرا، بارزانی مستەفا بە میسردا گەڕایەوە و سەرۆک عەبدولناسر وەک هاوتای خۆی پێشوازی لێکرد**

**سەرۆک مستەفا بارزانی لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو لە (باکۆ)وە بەرنامەی کۆماری کوردستانی سەربەخۆ رادەگەیەنێت، لە سەرەتای پەنجاکانەوە دەیەوێت سوود لە ئەزموونی ئەو دەوڵەتانە وەربگرێت کە تازە سەربەخۆبوون و دەیانەوێت نەتەوەی خۆیان لەناو ئەو گێژاوە بپارێزین**

**بنەمای سەرەکیی شۆڕش و سیاسەت لای رێبەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی، پاراستنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بووە و ئامانجی کۆتایی سیاسەت و شۆڕشیش، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بووە، ئەوجا ئەم ئامانجە کۆتاییە کەی دێتەدی، ئەوا ئەمە پەیوەست بووە بە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ هەلومەرجی سیاسەتی نێودەوڵەتی، بەڵام هەموو کات لەسەر ئاستی ناوخۆ یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و پاراستنی نەتەوەی بە ئەولەوییەتی کارەکانی زانیوە**

نەتەوەی کـــورد مامەڵەیان لەگەڵ بەغدا کردووە. هەر بۆ نموونە: لە ســـاڵی ١٩٧٤ کاتێك حکومەتی بەغدا هەموو هەوڵی ئەوە بوو کە رێککەوتننامەی ئادار بکاتە ئۆتۆنۆمییەکی کارتۆنی، شەهید ئیدریس بارزانی پێی لەسەر ئەوە دادەگرت ئەو چوار ساڵەی بۆ جێبەجێکردنی رێککەوتنەکە دانراوە، ماوەی ساڵێك درێژ بکرێتەوە بۆ ئەوەی وتووێژی زیاتر بکرێت و بگەنە خاڵی هاوبەش، حکومەتی بەعس ئەوەی قبووڵ نەبوو، دەیویست سوود لەو بارودۆخە ئاڵۆزەی سیاسەتی نێودەوڵەتی وەربگرێت و کورد ناچار بکات لەســـەر مافەکانی خۆی سازش بـــکات، بەڵام رێبـــەری نەتەوەییمان ئەگـــەر لەنێوان (مـــان و نەماندا) تەنها یەك رێگە هەبێت کە ســـازش لەســـەر مافی گەلی کوردستان بکرێت، ئەوا بێگومان نەمانەکەی هەڵبژاردووە و سازشـــی لەسەر مافەکانی گەلی کوردســـتان نەکردووە. بارزانیی مســـتەفا ئەو رێگەیەی هەڵبژارد و کردیە ئەو هێڵە سوورەی کە هیچ کەس و حزب و لایەنێك نەتوانێت بیبەزێنێت.

ئەگەر لێـــرەوە دووبارە ســـەیری گۆڕانکارییەکانی نێوان ســـاڵانی ١٩٧٠- ١٩٧٥ بکەین لەســـەر ئاستی نێودەوڵەتـــی و بەراوردی بکەین لەگـــەڵ بڕیارەکانی رێبەری نەتەوەییمان مســـتەفا بارزانـــی، بە بڕیاری راگرتنی شۆڕشیشەوە لە ســـاڵی ١٩٧٥، دەکرێت ئەم خاڵانە ئاماژە پێبکەین:

١. لـــە ســـاڵی ١٩٧٠ کاتێـــك مســـتەفا بارزانی رێککەوتنی ئاداری لەگـــەڵ حکومەتی بەغدا ئیمزا کرد، وەك موحسین دزەیی لە وتارێکیدا پێشتر بۆ گوڵان ئاماژەی پێکردووە، بارزانیی مســـتەفا دەیزانی سەدام حوسێن و حکومەتی بەعس پابەند نابن بەو رێککەوتنە، بەڵام لەبەر ئەوەی ســـەرکردایەتی شۆڕش پێیوابووە کە رێککەوتنەکە بکرێت باشترە، قبووڵی کردووە.

٢. ئـــەم رێککەوتنـــە بووە هۆکاری ئـــەوەی کە بە دیکۆمێنتێکی یاسایی مافی خۆبەڕێوەبردنی کوردستان تۆمـــار بکرێت، لەمەش زیاتر، جارێکی دیکە نێومالّی کورد لە دابەشبوون رزگارکرا و یەکڕیزی دروستکرایەوە. دیارە یەکڕیزیی نێومالّی کوردیش لای مستەفا بارزانی ئەولەوییەتی هەموو ئامانجەکان بووە.

٣. لایەنێکی دیکە بۆ سەربەخۆیی بڕیاری مستەفا بارزانی، بڕیاری شـــەڕنەکردنەوەیە لە ساڵی ١٩٧٣ کە میسر هێرشی کردە سەر ئیسرائیل، دیارە ئەگەر مستەفا بارزانـــی خاوەنی بڕیاری ســـەربەخۆی خۆی نەبوایە، رۆژئاوا پێی باش بوو کورد شەڕ دەست پێبکاتەوە، بەڵام بارزانیی مستەفا پابەند بوو بە رێککەوتنەکە و ئەمەش مانای ئەوەیە لەبەر ئـــەوەی بڕیارەکە لە بەرژەوەندیی کورد و کوردستان نەبووە، ئەو بڕیارەی نەداوە.

٤. لە ســـاڵی ١٩٧٤ کە حکومەتی بەعس شـــەڕی بەسەر کوردا سەپاندەوە، مســـتەفا بارزانی گەیشتبووە قەناعـــەت کە کـــورد ناتوانێت لەگەڵ عێـــراق بژی، وەك د.شـــەفیق قەزاز پێشتر باســـی کردووە، بارزانیی مســـتەفا بە دوای بەدیلی ئۆتۆنۆمـــی گەڕاوە، ئەو بەدیلەش فیدراڵی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی کوردستان بووە. سەبارەت بە یەکەمیان د.شەفیق دەڵێت: لیژنەی بۆ دامەزراوە و کاریشی لەسەر کراوە، سەبارەت بە دووهەمیشیان پرۆفیســـۆر ئەمازیا بارام کە ماوەی ٤٠ ساڵە لەسەر سیاسەتی عێراق کار و شرۆڤە دەکات، لە دیمانەیەکدا پێی وتین: من لە ئاکامی دیراسەتکردنم لەسەر ئەم پرسە و بینینی ئەو کەسانەی کە لەو سەردەمە لە سەر ئاســـتی نێودەوڵەتی پێوەندییان لەگەڵ مستەفا بارزانی و شۆڕشی کوردستان هەبووە، لە ماوەی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ مســـتەفا بارزانی هەوڵیداوە تەنها یەك دەوڵەت ئامادە بێت دان بەدەوڵەتی کوردستان بنێت، ئەو دەوڵەتی کوردســـتان رابگەیەنێت. ئەم هەوڵەی بارزانی مستەفا لە ساڵی ١٩٧٤- ١٩٧٥ نیشانەیە بۆ ئەوەی زۆر بە وردی ئاگاداری باری سەختی سیاسەتی نێودەوڵەتی بووە و دەیســـەلمێنێت کە تاچەند ئـــاگادار بووە لەوەی ئەو بارودۆخە گۆڕانکاری ســـەیر و گەورە بە خۆیەوە دەبینێت، بۆیە کاتێك کیســـنجەر لە ٦ی ئادار ســـەدام حوسێن و شای ئێرانی پێکەوە کۆکردەوە و هەردوولایانی گەیاندە رێککەوتن، بێجگە لە بڕیاری پاراستنی گەلی کوردستان و گۆڕینی شێوازی خەبات، هیچ رێگەیەکی دیکە لە بەردەم بارزانیی مســـتەفا نەمایەوە، بۆیە ئەو بڕیارە قورســـەی مستەفا بارزانی کە هاوشێوەی بڕیارە قورسەکانی ســـیمبولی هەموو نەتەوە ئازادیخوازەکانی جیهانە، بڕیارێك بوو بۆ دووبارە رێکخستنەوەی شێوازی شـــۆڕش و پاراستنی گەلی کوردســـتان لە مەینەتیی زیاتـــر، بەڵام تائێستاشـــی لەگەڵدا بێت، ئـــەم بڕیارە مێژووییە وەك پێویست دیراسەتی لەسەر نەکراوە و مافی خۆی پێنەدراوە.

٥. لە ماوەی ســـاڵانی ١٩٧٠-١٩٧٥، کیسنجەر کە بەو کەســـە دادەنرێت خیانەتی لە شۆڕشـــی کوردستان کردووە، بەڵام خودی کیسنجەر دەیگێڕێتەوە لە بارودۆخی نێودەوڵەتی ئەو ســـەردەمە توانی لە دەرگای کۆماری چین بدات و سەرۆك وەزیرانی چین (شوان لای) دەرگای لێبکاتەوە و ئەندامیەتی نەتەوەیەکگرتووەکان لە تایوان بســـەندرێتەوە و کۆماری چین ببێتـــە ئەندامی نەتەوە یەکگرتـــووەکان و ئەندامی هەمیشـــەیی ئەنجوومەنی ئاســـایش، ئەمە گۆڕانکارییەکی هێندە گەورەیە هەتا

ئێستاش لە مێژووی دیپلۆماتییەتی ئەمریکا وەك یەكێك لە سەركەوتنە گەورە و دیپلۆماتییەكان باس دەكرێت.

٦. هەر لەو ماوەیەدا ئیسرائیل شەڕی ئۆكتۆبەری ١٩٧٣ی دۆڕاند و میسر سەركەوت، بەڵام كیسنجەر توانی ئەنوەر سادات بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی كە لەگەڵ ئیسرائیل ئاشتی بكات، وەك محەمەد حەسەنێن هەیكەل لە كتێبی (پاییزی تووڕە) ئاماژەی پێكردووە، كیسنجەر ساداتی گەیاندە ئەو قەناعەتەی كە بڵێت: ئەگەر ڕێگەی ئاشتی بە قودسدا بڕوات، ئامادەم بچمە قودس، هەر واشی لێكرد، سادات چووە قودس و پاشان ڕێككەوتنی ١٩٧٨ و لە سەردەمی كارتەر ڕێككەوتنی كامپ دیڤیدی ئیمزا كرد.

٧. كیسنجەر بە ڕێگەی هاواری بومدین كە ئەو كات وەزیری دەرەوەی جەزائیر بوو، توانی سەدام حوسێن بە داخوازییەكانی شای ئێران رازی بكات و واز لە بەشێكی شەتولعەرەب بهێنێت بۆ ئەوەی شۆڕشی كورد كۆتایی بێت. سەدام حوسێن ئەمەی كرد، ئەم ڕێككەوتنەش بنەمای سەرەكیی هەموو ئەو نەهامەتییانەیە كە ئەمریكا لە ساڵی ١٩٨٠ ـەوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە دەستییەوە دەناڵێنێت.

هنری كیسنجەر هەموو ئەمانەی لە جیهان بەگشتی و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەتایبەتی كرد، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باكووری ئەفریقیا بكاتە ناوچەی نفووزی ئەمریكا و ئێران و توركیا بكاتە قەڵغانی پاراستنی ئەو ناوچە گرنگە، بەڵام ئیرادەی خۆڕاگریی كورد و گۆڕانكارییە چاوەڕواننەكراوەكان، خەونەكەی كیسنجەری لە ١٩٧٦ لە سەر ئاستی كێشەی كورد و لە ١٩٧٩ بە ڕووخانی ڕژێمی شا، لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەتاڵ كردەوە، كیسنجەریش لە ویژدانی نەتەوەیەكی زیندوودا تەنها ڕووڕەشی بۆ مایەوە.

### ● سەركردایەتیی كاتی و بڕیاری هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی گوڵان

یەكێك لە سیما جوانەكانی بڕیار دروستكردن لە ژیانی شۆڕش و سیاسی مستەفا بارزانی - دا، بڕیاردانی قورسە لە ڕۆژە سەختەكان و تەسلیم نەبوونە بە ئیرادەی دوژمن، ئەوجا ئەو دوژمنە هەر كەسێك بووبێت، لەمەش زیاتر ڕاوێژكردن و باسكردنی بارودۆخەكە وەك خۆی، لەگەڵ گەلی كوردستاندا بووە، ئەمەش واتە هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی و ڕاستگۆیی لەگەڵ گەلەكەی. ئەم شێوازی بڕیاردروستكردنەی مستەفا بارزانی، بە تەواوەتی لە شێوازی بڕیار دروستكردن و بڕیاردانی سەرۆك مسعود بارزانی ڕەنگیداوەتەوە و لەو كاتەوەی ئەو بەرپرسیارێتییەی كەوتۆتە سەرشان كە تەمەنی تەنها ٣٠ ساڵ بووە، تا ئێستا كە سەركردایەتی شەڕێكی نێودەوڵەتی دەكات، لە هەموو بڕیارەكانیدا بەتایبەتی لە ڕۆژە سەختەكاندا، هەمان شێوازی بڕیارەكانی بارزانیی مستەفا بووە، تەنها بنەمایەك بۆ بڕیاردانی سەرۆك مسعود بارزانی، پاراستنی گەل و نەتەوەی كوردستان بووە، هەر بۆیە دوای ئەوەی لە ١٩٧٥ بە پیلانێكی نێودەوڵەتی شۆڕشی ئەیلول نسكۆی بەسەردا هات، ئەوا سەركردایەتی شۆڕش و شۆڕشەكەش گۆڕانكاری بەسەردا دێت، بۆیە لەبەر ڕێنماییەكانی ڕێبەری نەتەوەییمان مستەفا بارزانی و بە بەشداری سەركردایەتی سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو، دوو هەنگاوی گرنگ هەڵگیران:

١. دامەزراندنی سەركردایەتییەكی كاتی بۆ ئەوەی ئەركی دووبارە خۆڕێكخستنەوە و ئامادەكاری بۆ دەستپێكردنەوەی شۆڕش و هەڵسەنگاندنی ئەو قۆناخە لە ئەستۆ بگرێت، دامەزراندنی ئەو سەركردایەتییە كاتییەش یەكێكی دیكە لە ئەزموون و لۆژیكەكانی بارزانیی مستەفا بوو، لەبەر ئەوەی هەڵبژاردنەوەی سەركردایەتییەكی نوێ بۆ ئەو قۆناخە، پێویستی بە گرێدانی كۆنگرە هەبوو، ئەو بارودۆخەش بۆ گرێدانی كۆنگرە لەبار نەبوو، نەشدەتوانرا كۆنگرە گرێ بدرێت، بۆیە سەركردایەتیی كاتی ڕاگەیەندرا.

٢. ڕاگەیاندنی شۆڕشی گوڵان لە ٢٦ی ئایاری ١٩٧٦، تەنها ئەنجامدانی چالاكییەكی پێشمەرگانە نەبووە بۆ ئەوەی ڕایبگەیەنن كە ئەوە یەكەم تەقە و ئەوە دووبارە بڵێسەی شۆڕشە، نەخێر، ڕاگەیاندنی شۆڕشێك بوو بە تێگەیشتن لە قۆناخە سەختەكە بە كردنەوەی دەرگای فرەیی و پێكەوە خەباتكردن، بە ڕەخنە لە خۆگرتن و بەخۆداچوونەوە و بە قبوولكردنی شكست و بوونی ئیرادە بۆ هەستانەوە.

ئەگەر سەرنجی ئەم دوو بڕیارە گرنگە بدەین كە دوای نسكۆی ئەیلوول لەژێر سەركردایەتی سەركردەیەكی لاوی تەمەن ٣٠ساڵ كە سەرۆك مسعود بارزانی - یە دراون، چەندین ئاماژەی بیركردنەوەی نوێ و شەفافییەت لەگەڵ گەل و نەتەوەی خۆی پیشانمان دەدات، لەبەر ئەوەی سەركردایەتیی كاتی هەنگاوی یەكەمی بە هەڵسەنگاندنەوە دەست پێدەكات و ئەم هەڵسەنگاندنەوەیەش تەنها بۆ ئەندامانی پارتی نەبووە، بەڵكو بۆ هەموو گەلی كوردستان بووە، لەدوای ئەمەش پیشاندانی ئیرادەیەكی لە بن نەهاتوو بووە

**ساڵی ١٩٧٤ كە حكومەتی بەعس شەڕی بەسەر كوردا سەپاندەوە، مستەفا بارزانی گەیشتبووە قەناعەت كە كورد ناتوانێت لەگەڵ عێراق بژی، وەك د.شەفیق قەزاز پێشتر باسی كردووە، بارزانی مستەفا بە دوای بەدیلی ئۆتۆنۆمی گەڕاوە، ئەو بەدیلەش فیدراڵی و دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی كوردستان بووە**

**پرۆفیسۆر ئەمازیا بارام كە ماوەی ٤٠ ساڵە لەسەر سیاسەتی عێراق كار و شرۆڤە دەكات، لە دیمانەیەكدا پێی وتین: من لە ئاكامی دیراسەتكردنم لەسەر ئەم پرسە و بینینی ئەو كەسانەی كە لەو سەردەمە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی پەیوەندییان لەگەڵ مستەفا بارزانی و شۆڕشی كوردستان هەبووە، لە ماوەی ساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ مستەفا بارزانی هەوڵیداوە تەنها یەك دەوڵەت ئامادەبێت دان بەدەوڵەتی كوردستان بنێت، ئەو دەوڵەتی كوردستان ڕابگەیەنێت**



**سەرکردایەتی کاتی هەنگاوی یەکەمی بە هەڵسەنگاندنەوە دەست پێدەکات و ئەم هەڵسەنگاندنەوەیەش تەنها بۆ ئەندامانی پارتی نەبووە، بەڵکو بۆ هەموو گەلی کوردستان بووە، لەدوای ئەمەش پیشاندانی ئیرادەیەکی لە بن نەهاتوو بووە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی نوێ بنەماکانی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی دژی کورد چنرابوو، پووچەڵ بکاتەوە**

بۆ ئەوەی بە شـــێوەیەکی نـــوێ بنەماکانی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی دژی کورد چنرابوو، پووچەڵ بکاتەوە. لایەنێکی دیکەی بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی قووڵکردنەوەی چەمکی فرەلایەنی و خەباتی هاوبەش بووە لە نێوان هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی و عێراقی لە بەرەیەکی هاوبەشدا، ئەم حاڵەتە لە شۆڕشی ئەیلوولدا لە ژێر سەرکردایەتی مستەفا بارزانی بوونی هەبووە، ئەمەش بەو مانایەی حزبی دیکەی سیاســـی و بۆچوونی سیاســـیی دیکە لەناو شۆڕشـــی ئەیلوول هەبوون کە پارتی دیموکراتی کوردســـتان نەبوون، بەڵام یەك سەرکردایەتی شـــۆڕش هەبووە کە سەرکردایەتی شۆڕشـــەکەی کردووە، بەڵام لە شۆڕشی گوڵاندا ئەم سەرکردایەتییە گۆڕا بۆ بەرەی هاوبەش، راستە ژیانی بەرەیی لە کوردســـتاندا ئاســـتەنگی زۆری هاتەبەر و بەداخـــەوە چەندین شـــەڕی ناوخۆش روویـــدا، بەڵام لـــە کۆتایی ١٩٨٦ و ســـەرەتای ١٩٨٧، ســـەرەتای قۆناخێکی ســـەخت دەرکەوت و ئایندە بۆ کوردســـتان رۆشـــن نەبوو. سەرۆك مســـعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشـــە زیندوو، هەوڵیاندا بەرنامەیـــەك دابرێژن و لەگەڵ حزبە سیاســـییەکانی کوردســـتان باسی بکەن، بۆ ئـــەوەی هەموو جیـــاوازی و ناکۆکییەك وەلابنرێت و هەموو پێکەوە لەیەك ســـەنگەردا شەڕی چارەنووس بۆ ئایندەی کوردســـتان بکەن، ئـــەم بەرنامەیە دوای چەندین کۆبوونەوە بووە هەوێنی ئاشـــتبوونەوەی پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بـــەردی بناخەی ئەو بەرەی کوردســـتانییەش دوای شەهیدبوونی ئیدرس بارزانی دانرا، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئیدریس بارزانی لە پرۆسەی ئاشتبوونەوەی نێوان پارتی دیموکراتی کوردســـتان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان رۆڵێکی کاریگەری هەبووە و ئەو ئاشـــتبوونەوەیەش بە بناخەی بەرەی کوردســـتانی دادەنرێـــت، ئەوا ئیدریس بارزانی وەك ئەندازیاری بەرەی کوردستانی لە مێژووی



بزاڤی رزگاریخوازی کوردستاندا ناوی تۆمار کراوە.

ئەو پێشبینییەی سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی بەوەی کوردستان رووبەڕووی مەترسییەکی گەورە دەبێتەوە، لە ناوەڕاستی ١٩٨٧ سەرەتاکەی دەرکەوت و لە سەرەتای ١٩٨٨ پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران دەستی پێکرد، دوای ئەویش راگرتنی شەڕی (عێراق – ئێران)ی بەدوادا هات. بەعس و سەدام حوسێن دوای راگرتنی شەڕی عێراق و ئێران، ئەوەی لە ١٩٧٥ بە وازهێنان لە شەتولعەرەب بۆیان نەهاتەدی کە دەیانگوت: «دارخورما لەسەر شاخەکان دەڕوێت، بەڵام پێشمەرگە لە چیاکان دروست نابێتەوە»، ویستیان لەساڵی ١٩٨٨ جێبەجێی بکەن و پێشمەرگە لە کوردستان نەهێڵن، بەڵام شۆڕشی گوڵان ئەم خەونەی پووچەڵ کردەووە، ئەم جارەش بە بڕیار و سەرپەرشتی و بەشداری راستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی داستانی خواکورك لە ١٩ی تەموزی ١٩٨٨ تۆمار کراو پێشمەرگەی کوردستان ئەو سوپایەی بەعسی تێکشکاند کە بۆ ماوەی هەشت ساڵ شەڕی ئێرانی کردبوو، هەموو جیهانیش پشتگیری لێدەکرد. ئەم بڕیارەی سەرۆك بارزانی بۆ مقاوەمەت و راگەیاندنی پێشبینیەکانی بۆ ئایندەی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە بووە وەرچەرخانێك بۆ ئەوەی کورد بەرەو ئاسۆیەکی دیکە هەنگاو هەڵبگرێت کە خۆی لە راپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ دا ببینێتەوە.

### ● ئایندەی نەتەوە لەفکری مسعود بارزانی-دا

بەپێی بەرنامەی بەرەی کوردستانی، سەرۆك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرە لە ناوخۆی وڵات و سەرۆك تاڵەبانی وەك سەرۆکی بەرە بۆ دەرەوەی وڵات دیاری کرابوون، ئەمەش واتە: ئەوەی سەرۆك بارزانی لە ناوخۆی وڵات بڕیاری لەسەر دەدات، بڕیاری سەرۆك تاڵەبانی-شە و بەپێچەوانەشەوە، هەر بۆیە کە راپەڕین

**لە کۆتایی ١٩٨٦ و سەرەتای ١٩٨٧، سەرەتای قۆناخێکی سەخت دەرکەوت و ئاینده بۆ کوردستان رۆشن نەبوو. سەرۆک مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو، هەوڵیاندا بەرنامەیەک دابڕێژن و لەگەڵ حزبە سیاسییەکانی کوردستان باسی بکەن، بۆ ئەوەی هەموو جیاوازی و ناکۆکییەک وەلابنرێت و هەموو پێکەوە لەیەک سەنگەردا شەڕی چارەنووس بۆ ئایندەی کوردستان بکەن**

ئەوەی لە بڕیارە لۆژیکییەکانی بارزانی لە ماوەی راپەڕین و دواتریش لە قۆناخی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت فێری دەبین، ئەوەیە هەر حزب و لایەنێکی سیاسی (پێکەوە، یان بە جیا) هەر سەرکەوتنێک بەدەست بهێنێت، ئەوە سەرکەوتنی ئەو لایەنە، یان ئەو کۆمەڵە حزبە نییە و دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان ئەو سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی گەلی کوردستان بزانن و گەلی کوردستان خۆی بڕیار بدات چۆن ئیدارەی ئەو سەرکەوتنانە دەدات و بە کێی دەسپێرێ

**ئەم لۆژیکەی کە شۆڕشی گوڵانی لەسەر هەڵگیرساوەتەوە، هەتا ئێستاش لە ویژدانی مسعود بارزانی-دا یەک مانای هەیە، ئەو مانایەش ئەوەیە هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان هەر چەندە سەرکەوتووبن، ئەوە سەرکەوتنی هەمووانە و گەلی کوردستان خاوەنی راستەقینەی ئەو دەسکەوتە گەورانەیە**

دەستی پێکرد لە مارتی ١٩٩١، سەرۆك بارزانی راستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو قۆڵەکانی راپەڕینی دەکرد و لە قۆناخ بە قۆناخیش ناوچە ئازادکراوەکانی بەسەر دەکردەوە. ئەوەی لە بڕیارە لۆژیکییەکانی بارزانی لە ماوەی راپەڕین و دواتریش لە قۆناخی خۆئامادەکردن بۆ هەڵبژاردن و دامەزراندنی پەرلەمان و حکومەت فێری دەبین، ئەوەیە هەر حزب و لایەنێکی سیاسی (پێکەوە، یان بە جیا) هەر سەرکەوتنێك بەدەست بهێنێت، ئەوە سەرکەوتنی ئەو لایەنە، یان ئەو کۆمەڵە حزبە نییە و دەبێت هەموو حزبە سیاسییەکان ئەو سەرکەوتنە بە سەرکەوتنی گەلی کوردستان بزانن و گەلی کوردستان خۆی بڕیار بدات چۆن ئیدارەی ئەو سەرکەوتنانە دەدات و بە کێی دەسپێرێت. ئەم بیرکردنەوەیەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ ئایندەی نەتەوە، زۆر جاران لە لایەن کادرانی پارتی بەتایبەتی ئەوانەی بیر لە ئایندەی پارتی دەکەنەوە رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە، بەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیارەکانی لەسەر حیسابی ئایندەی پارتییە، ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەگەڵ ئەوەی راستییە، بەڵام لای مسعود بارزانی ئایندەی نەتەوە لە ئایندەی پارتی زۆر گرنگترە. هەر بۆ نموونە کاتێك سەرۆك مسعود بارزانی وەکو سەرۆکی بەرەی کوردستانی لە دوای ئازادکردنی شاری کۆیە لە ساڵی ١٩٩١ رایگەیاند دەبێت هەڵبژاردن بکرێت و دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، زۆر کەس پێیان وابوو ئامانجی مسعود بارزانی ئەوەیە پارتی هەڵبژاردن بباتەوە، بەڵام ئامانجی مسعود بارزانی زۆر لەم بیرکردنەوەیە دوور بوو، ئەو دەیویست هەڵبژاردنەکە سەرکەوتوو بێت و کوردستان قۆناخێکی دیکە بچێتە پێشەوە، بۆیە لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ لە بری ئەوەی مسعود بارزانی وەك سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان، بانگەشەی هەڵبژاردن بۆ پارتی دیموکراتی کوردستان بکات، بانگەشەی بۆ پرۆسەی هەڵبژاردنەکە دەکرد و کاتێك لێیان دەپرسی: حەز دەکەی لەم هەڵبژاردنە کێ دەنگی زۆر بهێنێت و بیباتەوە، دەیگوت: من دەمەوێت پرۆسەکە بە سەرکەوتوویی بەڕێوەبچێت و کورد لەم پرۆسەیە سەرکەوتوو بێت، ئەگەر پرۆسەکە سەرکەوت، ئەوا هەموو کورد بردوویەتەوە. ئەگەر لەو دیمەنە وردبینەوە، دەزانین کە لای مسعود بارزانی گرنگ نییە پارتی لە دەسەڵات بێت، یان نا، بەڵکو ئەوەی بۆی گرنگە ئەوەیە کورد کیانێکی خۆی هەبێت، ئەوجا کێ ئەو کیانە بەڕێوە دەبات، ئەوەیان بۆی گرنگ نییە. هەر واشی کرد، دوای ئەوەی پرۆسەی هەڵبژاردنی ١٩٩٢ تەواو بوو، هێندەی سەقامگیری کوردستان و سەرکەوتنی پرۆسەکە لای مسعود بارزانی گرنگ بوو، دەنگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ گرنگ نەبوو، لەمەش گرنگتر کاتێك لە بیرکردنەوەی مسعود بارزانی - دا نەتەوە پێویستی بە بڕیاردانی سەخت و قورس هەیە و دەکەوێتە دووڕیانێك کە یان دەبێت بڕیارێکی سەخت و قورس بدات، یان نەرمی بنوێنێت لەسەر ئایندەی نەتەوە، ئەوا مسعود بارزانی بڕیارە قورسەکە دەدات و چی دەبێت با ببێت، هەڵدەبژێرێ. ئەم بێباکی و بوێرییەی سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر پرسە چارەنووسسازەکانی نەتەوە، لەسەر پرسەکانی تایبەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەوجۆرە نییە. هەر بۆ نموونە: ئەگەر سەیری قۆناخەکانی شەڕی ناوخۆ بکەین کە زۆر جار پارتی دەکەوتە بەر مەترسی، هەرگیز مسعود بارزانی بڕیاری (چی دەبێت، با ببێت)ی لە سەر ئایندەی پارتی نەداوە و پەیامەکەی ٤ی ئایاری ١٩٩٤ ئاشکرایە کە دەڵێت: دەزانم غەدر لە پارتی کراوە، بەڵام نابێت پارتی وەڵامدانەوەی هەبێت، بەڵام لەسەر پرسی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەسەر هەموو دامەزراوە رەسمییەکانی کوردستان، لەگەڵ ئەوەی لەو کاتە مەترسیی سەرەکی دەکەوتە سەر پارتی بەوەی سەرۆکەکەی بڕیاری هەڵکردنی ئاڵای کوردستانی داوە، بەڵام مسعود بارزانی بڕیارەکەی دا و (چی دەبێت با ببێت)ی هەڵبژارد. هەروەها لە پرۆسەی ئازادکردنی عێراق و هەڕەشەی تورکیا بۆ هاتنە ناو کوردستان هەمان بڕیاری دا. لەسەر راپۆرتی دیراسەتی عێراق کە ناسراوە بە راپۆرتی بیکەر هاملتۆن و چارەنووسی کەرکووك، مسعود بارزانی هەر لە بەغداوە تەواوی راسپاردەی راپۆرتەکەی رەتکردەوە و (چی دەبێت با ببێت)ی هەڵبژارد. لە ٢٠١٢ـەش کاتێك نوری مالیکی بە پێشێلکردنی رێککەوتنی هەولێر، یاری بە چارەنووسی عێراق و کوردستان دەکرد، دیسان مسعود بارزانی بڕیاری رەتکردنەوەی دیکتاتۆریەتی دا و رایگەیاند: دەگەڕێینەوە بۆ گەلی خۆمان و چی بڕیار بدات ئەوە دەکەین. لە ئابی ٢٠١٤ ـەش کاتێك داعش هێرشی کردە سەر کوردستان، ئەمجارەیان بڕیارێکی دا کە نەك هەر بۆ ناوچەکە و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگەی سەرسامی بوو، بەڵکو بۆ هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردن بوو، ئەو بڕیارەش بڕیاری (شەڕی مان و نەمان) بوو دژی تیرۆریستانی داعش لە سەر زەوی، کە تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، هەموو دەوڵەتانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی نەیانتوانیوە ئەو بڕیارە بدەن بە سوپای خۆیان لەسەر زەوی شەڕی تیرۆریستانی داعش بکەن.



## • شۆڕشی گوڵان

### دەستکەوتی نەتەوەیەك، نەك حزبێك

شۆڕشی گوڵان بریتی نییە لە شۆڕشێك تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان شانازی پێوە بکات، هەروەها جۆرێـــك نییە لە کێبڕکێی حزبی بەوەی چ لایەنێك شۆڕشـــی هەڵگیرساندەوە، ئەم پرسە و خوێندنەوەی مێژووی بزاڤی رزگاریخوازیمان خوێندنەوەی لەمە قووڵتر و تێگەیشتنی لەمە زیاتریشی دەوێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە هەڵگیرســـانەوەی شۆڕشـــی گوڵان هێندەی دروســـتکردنەوەی ئومێدە بۆ نەتەوەیەك و بەتاڵکردنەوەی ئەو خەونەی بەعس و سەدام حوسێن بوو بەوەی پێشـــمەرگە و چیاکانی کوردستان لێك جیـــا بکەنەوە، هێندە پێوەندی بە حزبایەتییەوە نییە. راســـتە لـــە بارودۆخێکی ســـەخت و دژواردا ئەم شۆڕشە دەســـتی پێکردۆتەوە، راستە میللەت بەرەو نائومێدی هەنـــگاوی هەڵدەگرت، بـــەڵام پارتی دیموکراتی کوردستان بە دامەزراندنی سەرکردایەتی کاتی، بەرپرسیاریەتی قۆناخە سەختەکەی هەڵگرت و شـــانیدایە بەر و دەستی بە خۆهەڵسەنگاندنەوە و خۆئامادەکردن بۆ شۆڕش و درێژەپێدانی مقاوەمەت کـــردەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە لـــەو قۆناخەدا بە ســـەرۆکایەتی مســـعود بارزانی خۆیان بە خاوەنی کارەســـات و نســـکۆکە زانیوە و لێی هەڵنەهاتوون، بەڵکو جارێکی دیکە گەڕانەوە بووە بۆ ناو میللەت و هەوڵدان بووە بۆ دووبارە دروســـتکردنەوەی ئومێد بۆ ئایندەی نەتەوەیەك، ئەم لۆژیکەی کە شۆڕشی گوڵانی لەســـەر هەڵگیرساوەتەوە، هەتا ئێستاش لە ویژدانی مســـعود بارزانی-دا یـــەك مانای هەیە، ئـــەو مانایەش ئەوەیە هەموو حزبە سیاســـییەکانی کوردستان هەر چەندە سەرکەوتووبن، ئەوە سەرکەوتنی هەمووانە و گەلی کوردستان خاوەنی راستەقینەی ئەو دەســـکەوتە گەورانەیە و بۆ ئێســـتاش گرنگە لەسەر پاشـــخانی ٤٠ ســـاڵی رابردووی شێوازی ســـەرکردایەتی مسعود بارزانی ســـەیری ئایندەی نەتەوەکەمان بکەین و دڵنیا بین لەوەی لای سەرۆك بارزانی ئاینـــدەی نەتەوە گرنگە نـــەك حزب، لە ئێستاشدا کە شانی داوەتە بەر ئەوەی بە هەر نرخێك بێت کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات و خاوەنی دەوڵەتی ســـەربەخۆی خۆی بێـــت، هێمای ئەوەیە کە دەیەوێت گەلی کوردســـتان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و تەواوی حزبە سیاســـییەکانەوە هاوبەش بـــن لەم بڕیارە و هەموو پێکەوە بڕیار بدەین، گەلی کوردســـتانیش هەر بڕیارێك بـــدات، هەموو پێکەوە جێبەجێی بکەین.

**لای سەرۆک بارزانی ئایندەی نەتەوە گرنگە نەک حزب، لە ئێستاشدا کە شانی داوەتە بەر ئەوەی بە هەر نرخێک بێت کوردستان بڕیاری سەربەخۆیی بدات و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، هێمای ئەوەیە کە دەیەوێت گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوە و تەواوی حزبە سیاسییەکانەوە هاوبەش بن لەم بڕیارە و هەموو پێکەوە بڕیار بدەین، گەلی کوردستانیش هەر بڕیارێک بدات، هەموو پێکەوە جێبەجێی بکەین**



*** هەندێـــك لە چاودێـــران پێیانوایـــە جیهان بەرەو کێشەیەکی تازە دەڕوات، ئەویش جەمسەرگیرییە. ئایا شـــەڕی سارد گۆڕاوە بۆ ئاشتییەکی سارد؟ بەگشتی چۆن سەیری ئەم دابەشبوونەی جیهان دەکەن؟**

- ئەگەر بە ڕاشـــکاوی بدوێم، ئـــەوا من ئەمە بە ئاشتیی سارد ناوی نابەم. پێشتر شەڕی سارد لە نێوان ئەمریکا و یەکێتی ســـۆڤیەت لە ئـــارادا بوو، یەکێتی ســـۆڤیەتیش چارەنووسی هەرەسهێنان و داڕووخان بوو. لە ئێســـتادا لەلایەك چین و لەلایەك یەکێتی ئەوروپا و لەلایەکی دیکەشەوە ئەمریکا لە ئارادایە. هەروەها چیتر ڕۆژئاوا بەرەیەکی یەکگرتوو نییە، بەڵکو تەواو دابەش بووە، هەروەهـــا پێوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئەورووپا بە چەشـــنی ڕابردوو گەرم و گوڕ نین. ئەنجێلا مێرکل و بە ڕاددەیەکی زیاتر فرانسوا هۆلاند ڕۆڵێکی گەورەتر دەبینین لە ئاســـت ڕووســـیا و لە پرســـی ئۆکرانیادا. ئۆکرانیا وڵاتێکی زۆر گرنگە بۆ ئەورووپا، هاوکات ئێمە بەڕاستی نامانەوێت سزا بە سەر ڕووسیادا بسەپێندرێت، بەڵکو دەمانەوێت بازرگانی لەگەڵ ڕووســـیادا بکەین. ئەمریکا بازرگانییەکی زۆری لەگەڵ ڕووسیادا نییە، لەبەر ئەوە سزاکان زۆر کاریگەرییان نییە لەسەر ڕووسیا، بەڵکو کاریگەرییان لەســـەر ئەورووپا دەبێت. لە پێوەندی بە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتەوە، ئـــەوا جیاوازییەکانیان

### پرۆفیسۆر رۆندی ویڵسن
### پسپۆڕ لە دیراساتی ئیسلامی بۆ گوڵان:

# ئەو کێشەیەی ئێستا لە عێراق و سووریا بوونی هەیە شەڕی تایفەگەریی نێوان شیعە و سوننەیە

**پرۆفیسۆر رۆندی جامیس ئەلکسەندەر ویڵسن ئوستادی ئابوورییە لە زانکۆی دۆرهام لە بەریتانیا و یەکێکە لە وانەبێژەکانی دیراساتی ئیسلامی لە زانکۆی قەتەر. بۆ قسەکردن لەسەر بارودۆخی ئێستای رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندەی ناوچەکە، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ ئەنجامدا و بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە.**

ئاڵۆزە و وەك یەك نین. ئەمریکا دەیەوێت جۆرێك لە لێك نزیك بوونەوە لەگەڵ ئێراندا ئەنجام بدات، ئایا ئەمە ڕوودەدات، یان نا، ئێمە نازانین، بەڵام ئەوروپا پشتیوانییەکی بەرفراوانتری وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەکات، چونکە بازاڕێکە بۆ ئەوان و دەبینین ڕێککەوتنی کڕینی چەك لەلایەن سعودیە و ئیماراتەوە لەگەڵ فەڕەنسا ئەنجام دەدرێت، ئەمەش وایان لێدەکات هاوکارییەکی باشتری یەکتر بکەن، تەنانەت ئەگەر لەسەر حیسابی پێوەندییەکانیشیان بێت لەگەڵ ئێراندا.

*** بەم دواییە یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا بۆ فشار خستنە سەر ڕووسیا نرخی نەوتیان بۆ نیوە دابەزاند و لەمەشدا سەرکەوتوو بوون، بەڵام ئەمە لە هەمان کاتدا کاریگەری هەبوو لەسەر هاوپەیمانەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بەتایبەتی ئەو وڵاتانەی هەناردەکاری نەوتن. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دابەزینی زیاتری نرخی نەوت ئەوەندەی دیکەی جەمسەرگیرییەکە قووڵتر دەکاتەوە؟**

- من نازانم ئەوەی ئێوە دەیڵێن دروستە، یان نا، بەڵام هۆکاری دابەزینی نرخی نەوت بۆ ئەوە دەگەڕایەوە کە چین بڕێکی کەمتری نەوتی هاوردە کرد، واتە ڕەوتی گەشەکردنەکە گۆڕانکاری بەسەردا هات، هەروەها

**ئەمریکا بازرگانییەکی زۆری لەگەڵ ڕووسیادا نییە، لەبەر ئەوە سزاکان زۆر کاریگەرییان نییە لەسەر ڕووسیا، بەڵکو کاریگەرییان لەسەر ئەوروپا دەبێت**

**لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە ئێستا فشارێکی کەمتر هەیە لەسەر ڕژێمەکەی ئەسەد لەلایەن تورکیاوە. بەڵام باوەڕم وا نییە بە هۆی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەسەد بڕوات، تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی ئەسەد لە دەسەڵاتدا نەمێنێت، بریتییە لە تێکشکاندنی لە سەر دەستی موعارەزەی سووری**

**شەڕی سووریا و عێراق لە بەرژەوەندیی تورکیا نەبوون، لەبەر ئەوەی شەریکی بازرگانی تورکیا بوون و لە ماوەی رابردووشدا ئاستێکی نزمی بازرگانیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، ئەمەش بۆتە تەحەددی بۆ تورکیا و وای لە تورکیا کرد بۆ بازرگانی ڕوو لە یەکێتی ئەوروپا بکات**

ئەمریکا نەوتێکی زیاتری بەرهەم هێنا، واتە بڕێکی زیاتری نەوت کەوتە بازاڕەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هێندە پێویست بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەکات، بەڵام هێشتا ئەوروپا نەوت هاوردە دەکات و پێویستی بە نەوتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەیە، بەڵام حاڵەتەکە بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جیاوازە، ئێران کەوتۆتە ژێر کاریگەری ئەم قەیرانەوە، لەبەر ئەوەی پشت بە داهاتی نەوت دەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی داهات، هەروەها وڵاتانی هاریکاری کەنداویش، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەم وڵاتانە نەختینەیەکی یەدەگی گەورەیان هەیە، بەتایبەتی سعویە، ئەوا لە دۆخێکی باشتردان بە بەراورد بە ئێران.

*** ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پشێوترین و پڕ توندوتیژترین ناوچەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش لە ئاست چارەسەرکردنی کێشەکانیدا دەستەوەستانە. پرسیارەکە ئەوەیە تا چ ڕاددەیەك کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئەمریکا لەم ناوچەیە بە مانای کۆتایی هاتنی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دێت؟**

- لە راستیدا داگیرکردنی عێراق مایەی کارەسات بوو، هەروەها ئەو کردەوانەی لە ئەفغانستان ئەنجامدران، ئەوانیش کارەساتیان لێکەوتەوە. لەبەر ئەوە خواستێك لە ئەوروپا، یان ئەمریکا نەماوە بۆ ڕەوانەکردنی سوپا، یان هێزی ئاسمانی بۆ ئەوەی لەم شەڕ و ناکۆکیە ناوخۆییانەوە تێوەبگلێن. ڕاستە ئامادەن فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان بنێرن، بەڵام ئامادە نین گیانی ئەمریکییەکان، یان گیانی ئەوروپییەکان بکەنە قوربانی. بەداخەوە کێشەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تایفەگەرییە، مێژووی ئەوروپاش مێژووی دابەشبوونی تایەفەگەری بوو، کە بە چەشنی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە لە نێوان شیعە و سوننەدا دابەش بووە. نیگەرانییە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەم ناکۆکییانە ئەگەری ئەوەیان هەیە بۆ نزیکەی سەد ساڵ درێژە بکێشن، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش لە ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ئەم بەرپرسیارێتییە ڕووبەڕووی لایەنەکانی ناوچەکە دەبێتەوە، وەك سعودیە و ئێران کە بگەنە ڕێککەوتنێکی هاوبەش، بەڵام بەداخەوە ئەمەیان ناوێت، لەبەر ئەوە شەڕی بەردەوام دەبینین. ئەو دۆخەی لە سووریادا هەیە، شەڕی بەوەکالەتە لە نێوان شیعە و سوننەدا، هەروەها هەمان حاڵەت لە عێراقیشدا هەیە کە زۆرینەی شیعەن، لەگەڵ هاتنەئارای دەوڵەتی ئیسلامی کە گرووپێکی ئوسووڵی سوننەن. دابەشبوونی تایفەگەری بۆتە ئەو بەنزینەی کە ئاگری ئەم شەڕە خۆش دەکات. ئەگەر لە مێژووی ئەوروپا بڕوانین، دەزانین پرۆتستانت و کاسۆلیك بۆ سەدان ساڵ چییان لە بەرامبەر یەکدا کرد، بۆیە بەلای منەوە لە ئێستادا ئەگەرەکانی ئایندە جێی ئومێد نین، بەتایبەتی کە سعودیە و ئێران نایانەوێت کۆتایی بەم دۆخە بێنن کە وڵاتانی عێراق و سووریا و لوبنان و ئێستاش یەمەن بەدەست ئەم دۆخەوە دەناڵێنن.

*** سعودیە ترس و نیگەرانی هەیە لە فراوانخوازی ئێران، ئێرانیش دوای ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە وەك شەریکی ئەمریکا لە شەڕی دژ بە داعش مامەڵە دەکات، چۆن لەم هاوکێشەیە دەڕوانیت کە هەردووکیان دژی یەکن و کار لەگەڵ ئەمریکا دەکەن؟ ئایا تا چەند ئەگەری شەڕێکی ئیقلیمی لە ئارادایە بە هۆی ڕکابەریی ئێران و سعودیە بەتایبەتی کە گەردەلوولی حەزم بە سەرکردایەتی سعودیە دژی یەمەن دەستی پێکرد؟**

- بەداخەوە ئەمریکا ناتوانێت ببێتە شەریکی هەردوولا، چونکە سعودیە و ئێران بە تەواوەتی دژ بە یەکترن. ئەگەرچی ئەمریکا خوازیاری ئەوەیە پارێزگاری لە پێوەندییە باشەکانی بکات لەگەڵ سعودیەدا، بەڵام ئاشکرایە ئەو دۆخەی هەیە دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشە لە نێوان ئەمریکا و سعودیەدا، ئێمە کۆبونەوەی وڵاتانی هاریکاری کەنداومان لەگەڵ سەرۆك ئۆبامادا بینی، ئەگەرچی پێموا نییە دەرئەنجامێکی زۆری لێبکەوێتەوە. لەبەر ئەوەی بەلای ئەوانەوە پێدەچێت ئەمریکا بیەوێت پێوەندییەکی باشی لەگەڵ ئێراندا هەبێت، بە چەشنی ئەوەی لە سەردەمی شادا هەیبوو، ئەمەش جێی خۆشحاڵی ڕیاز نابێت. لەبەر ئەوە سەرکردەکانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو لە کامپ دەیڤید هەندێ مەسەلە تاوتوێ دەکەن، بەڵام بە باوەڕی من بە نائومێدی دەگەڕێنەوە و ئەمریکاش لەسەر سیاسەتەکانی خۆی بەردەوام دەبێت، بەڵام لایەنی سەرەکی لێرەدا ئەمریکا نییە، بەڵکو ئێران و سعودیەن، ئەم دۆخەش ئەگەری زیاتری ناکۆکی هەڵگرتووە کە دەبێتە هۆی زیاتر ناسەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، من زۆر گەشبین نیم بە باشتربوونی بارودۆخەکە، ئەویش کاتێك لایەنی لێکچوون دەبینین لەگەڵ مێژووی ئەوروپا کە شەڕی نێوان کاسۆلیك و پرۆتستانت چەندین سەدەی خایاندووە، کە ئێستاش حاڵەتی هاوشێوە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەگوزەرێت و ڕێگەیەکی ڕاستەقینە نییە بۆ چارەسەرکردنی بەهۆی بوونی تایفە و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیای جیاوازەوە.

*** تورکیا لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان خۆی بە ڕژێمێکی عەلمانی و هاوپەیمانی ڕۆژئاوا ئیعتیبار**

**کـرد، بەڵام دەبینین لـە دوای بەهـاری عەرەبییەوە سیاسـەتی دەرەوەی تورکیا لـە زۆ لایەنەوە تەبا نییە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوادا، هەروەها بارگرژی لەگەڵ ئیسرائیلیش دروست کردووە، ئایا تا چەند ئەمە بۆتە هـۆی قووڵکردنەوەی کێشـەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست؟**

- تورکیـا ئابوورییەکی زۆر سـەرکەوتووی هەیە و ئەردۆغان سەرکردەیەکی سـەرکەوتووە و بە دڵنیاییەوە تورکیا وڵاتێکی زۆر گرنگە کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت. شەڕی سووریا و عێراق لە بەرژەوەندیی تورکیا نەبوون، لەبەر ئەوەی شـەریکی بازرگانـی تورکیا بوون و لە ماوەی رابردووشدا ئاستێکی نزمی بازرگانیان لەگەڵدا ئەنجام دراوە، ئەمەش بۆتە تەحەددی بۆ تورکیا و وای لـە تورکیا کرد بۆ بازرگانـی ڕوو لە یەکێتی ئەورووپا بکات. تورکیـا بەرژەوەندیی هاوبەشـی زۆری هەیە لەگـەڵ ئەورووپا، ڕەنگە ئەردۆغـان خۆزگە بخوازێت بارودۆخەکە بە شێوەیەکی دیکە بوایە. کەواتە پێوەندی نێوان تورکیـا و یەکێتی ئەورووپـا زۆر گرنگە، بەڵام ئاشکرایە حکومەتەکانی ئەورووپا و بەتایبەتی حکومەتی ئەڵمانیـا نیگەرانن لە بارەی مـاف و ئازادییەکان و زیندانیکردنی خەڵك بە بێ ڕێوشـوێنی یاسایی ڕاست و دروسـت لە تورکیا، هەمـوو ئەمانە لە نێوان تورکیا و یەکێتـی ئەورووپادا هەیـە و دەبێتە هۆی ئەوەی بەم زووانە تورکیا نەبێتـە ئەندامی یەکێتی ئەورووپا. بەڵام تورکیا وڵاتێکی زۆر سـەرکەوتووە و سیاسـەتیش لەو وڵاتە لە پەرەسەندندایە، ئەوان پێشتر لەگەڵ ڕژێمەکەی ئەسـەددا تەبا بوون، بەڵام لەم چەند سـاڵەی دواییدا تەواو بوونەتە بەرهەڵستی و پتر جەخت لەسەر سروشتی سوننەبوونی دەوڵەتی تورکی دەکەنەوە. ئەوان دەیانەوێت ڕاستەوخۆ تێوەنەگلێن لە بارودۆخی سووریا و عێراقەوە، بەڵام بە شێوەیەك لە شێوەکان هەر تێوەدەگلێن، چونکە سنووریان هەیە لەگەڵ ئەو دوو وڵاتەدا. باوەڕم وا نییە ئەوان لەگەڵ دەوڵەتی ئیسـلامی داعشـدا بن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ شتێکیان نەکردووە بۆ ڕاگرتنی. ئێمە دەمانەوێت تورکیایەکی سەقامگیر ببینین. تورکیا ئەوەندە بەهێزە کە بتوانێت هەر شـتێك ئەنجام بدات کە بیەوێت، تورکیا ئەندامی ناتۆیە و سـوپایەکی بەهێزی هەیە. ئەردۆغان بڕیار دەدات کە چی دەوێت، بێ ئەوەی بایەخ بەوە بدەن تێڕوانینی ئەمریکا چییە لەو پرسەدا. ئەمریکاش ئەو ڕاسـتییە دەزانێـت. ئەمریکا دەیەوێت پارێزگاری لـە پێوەندییە باشـەکانی لەگەڵ تورکیا بکات، بەڵام ناتوانێت خۆی بسەپێنێت بەسەر تورکیادا، کـەس ناتوانێت خۆی بەسـەر تورکیادا بسـەپێنێت، چونکـە وڵاتێکی گەورەیە کـە دەبێت ڕێزی لێبگرن. پێوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا ئاڵۆزە، هەروەها پێوەندییەکانی لەگەڵ ئیسرائیلیشـدا تەواو ئاڵۆزە. ئاشکرایە ئەوان تەواو دژی سیاسەتەکانی ئیسـرائیلن، ئەمەش بۆ چەند ساڵێکە درێژەی هەیە و هیچ شتێك لەو ڕووەوە نەگۆڕاوە. هەروەها هاوسۆزییان لەگەڵ فەلەسـتین و حەماس و غـەززە و ئەوەی لە کەناری ڕۆژئـاوا ڕوودەدات و ...تـاد هەیە، کەواتە مەسەلەکە گەلێك ئاڵۆز بووە.

**ئەورووپا پشتیوانییەکی بەرفراوانتری وڵاتانی ئەنجومەنی هاریکاری کەنداو دەکات، چونکە بازاڕێکە بۆ ئەوان و دەبینین ڕێککەوتنی کڕینی چەک لەلایەن سعودیە و ئیماراتەوە لەگەڵ فەڕەنسا ئەنجام دەدرێت**

*** هێشـتا تورکیا لەگـەڵ ئەوەدایە کە ڕووخاندنی ڕژێمی ئەسەد یارمەتیدەرە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و شەڕکردن لە دژی داعش، سەرەڕای ئەوەش هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتـی پێکهێندرا و هەنـگاوی هەڵگرت، بەڵام چونکە ئێران لە ئاست پرسی لابردنی ئەسەد هەستیارە، ئەمریکاش ئەم هەسـتیارییەی لەبەرچاو گرتووە. ئایا ڕەچاونەکردنی مەرجەکانی تورکیا نیشانەی بێتوانایی تورکیا نییـە، چونکە چاوەڕوان دەکرا تورکیا لە دوای بەهاری عەرەبییەوە ڕۆڵی زیاتر ببینێت؟**

- من لەگەڵ ئەوەدا هاوڕام کە ئێسـتا فشـارێکی کەمتر هەیە لەسەر ڕژێمەکەی ئەسەد لەلایەن تورکیاوە. بەڵام باوەڕم وا نییە بە هۆی فشارە نێودەوڵەتییەکانەوە ئەسـەد بـڕوات، تاکە ڕێگـە بۆ ئەوەی ئەسـەد لە دەسـەڵاتدا نەمێنێت، بریتییە لە تێکشکاندنی لە سەر دەستی موعارەزەی سووری. لەو باوەڕەشدا نیم دەوڵەتی ئیسلامی تێك بشـکێندرێت، بەڵکو بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە و ئەمە بارودۆخێکی پەرەسەندووە. کێشەکە لە دڵڕەقی و دڕندەیی دەوڵەتی ئیسـلامی داعشدایە، چونکە ئەگەر کەمتر توندوتیژ بوونایە، ئەوا ئەگەری ئەوە هەبوو، لەگـەڵ دەوڵەتانی دراوسـێ دەرەکی و تەنانـەت لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاواشـدا هاوپەیمانێتی دروسـت بکەن. کەواتە کێشـەکە لـە ئایدیۆلۆژیا و باوەڕی داعشـدا نییە، بەڵکو لە هەڵسوکەوتەکانیدایە کە بۆتە تەحەددییەکی گەورە بۆ هەموو لایەك. بەڵام لەو باوەڕەشـدا نیم بتواندرێت تێکی بشـکێنن، بەڵکو بۆ ماوەیەك دەمێنێتەوە. ئەوان بەرهەمی دروسـتبوونی بۆشـایین و ئێسـتاش گـوڕ و تینیـان وەرگرتووە و ململانێـی ئەلقاعیدەش دەکەن. لەبەر ئەوە دەمێننەوە و بەردەوام دەبن و خەڵك لە فەرەنسـا و بەریتانیاوە دەچنە ناویانـەوە، زۆرێك لە وڵاتـە عەرەبییەکانیش لەگەڵ داعشن و پشـتیوانی دەکەن، ئەمەش مایەی کێشە و نیگەرانییەکـی گەورەیە.بەداخەوە ئەوان بەم شـێوەیە هەڵسـوکەوت دەکەن و زەحمەتە بزانین چییان لەبارەوە بکەین.

**ئەو دۆخەی لە سووریادا هەیە، شەڕی بەوەکالەتە لە نێوان شیعە و سوننەدا، هەروەها هەمان حاڵەت لە عێراقیشدا هەیە کە زۆرینەی شیعەن، لەگەڵ هاتنەئارای دەوڵەتی ئیسلامی کە گرووپێکی ئوسووڵی سوننەن. دابەشبوونی تایفەگەری بۆتە ئەو بەنزینەی کە ئاگری ئەم شەڕە خۆش دەکات**

**نیگەرانییە سەرەکییەکە ئەوەیە ئەم ناکۆکییانە ئەگەری ئەوەیان هەیە بۆ نزیکەی سەد ساڵ درێژە بکێشن، چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش لە ئەستۆی وڵاتانی ڕۆژئاوا نییە، بەڵکو ئەم بەرپرسیارێتییە ڕووبەڕووی لایەنەکانی ناوچەکە دەبێتەوە**



### کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە دەریای مردوو

# پیشاندانی سەقامگیری ئەردەن و تێکشکانی داعش بە دەستی پێشمەرگە




WORLD
ECONOMIC
FORUM



کۆڕبەندی ئابووری جیهانی دەریای مردوو و داڤۆس، لەگەڵ ئەوەی بە ناونیشانەکەیدا کۆڕبەندێکە بۆ قسە و باس لە سەر پەرەپێدانی ئابووری و کاریگەریی رووداوەکان لەسەر ئەم پەرەپێدانە، بەڵام ئەم کۆڕبەندە سەکۆیەکە بۆ باسکردنی هەموو ئەو تەحەددی و کێشانەی کە رووبەڕووی جیهان دەبنەوە لە سەر ئاستی ئابووری و سیاسی و تەنانەت جیۆپۆلیتیکیش، لەمەش زیاتر کۆڕبەندی ئابووری جیهانی سەکۆیەکە بۆ کۆبوونەوەی نێوان سەرۆك و شاندە بەشداربووەکان، هەروەها ئەو کەسایەتییانەی لە بوارە جیاجیاکاندا لەسەر ئاستی جیهان گرنگییان هەیە.

کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە داڤۆس بێت، یان دەریای مردوو، سەکۆیەکە بۆ دیالۆگ لە سەر چەمکە تازەکانی هەموو بوارەکانی مرۆڤایەتی، هەڵسەنگاندنی ئەو تەحەددی و هەڕەشانەی کە لە هەموو بوارەکاندا رووبەڕووی مرۆڤایەتی دەبنەوە، ئەوجا ئەو تەحەددی و هەڕەشانە پێوەندییان بە پێشکەوتنی زانست و تەکنەلۆژیاوە هەبێت، یان پێوەندییان بە هەڕەشەی تیرۆریستان و ئاسایش سایبەرەوە هەبێت.

گرێدانی کۆڕبەندی ئابووری جیهان لە دەریای مردوو، لە ئێستادا ئاماژەیەکە بۆ سەقامگیری سیاسی و ئاسایش لە ئەردەن، بەتایبەتی کە ئەردەن یەکێکە لە دەوڵەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لەو پەڕی ناسەقامگیری (سیاسی و سەربازی و ئاسایش) دایە، تەنانەت ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئەردەن دەوڵەتێکی سەرکەوتووە لە هەرێمێکی فاشیلدا. لە هەمانکاتدا پیشاندانی رۆڵی شانشینی ئەردەنی هاشمییە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوچەکە، هەروەها کراوەیی ئەردەنە بۆ گوێگرتن لەو بۆچوون و رێگە جیاوازانەی کە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان باسدەکرێن.

لایەنێکی دیکەی گرنگیی ئەم کۆڕبەندە ئامادەبوونی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانە، دیارە لە کانوونی دووەمی ٢٠١٥ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەوەی بە فەرمی بۆ کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە داڤۆس بانگهێشت کرابوو، بەڵام لەبەر بارودۆخی شەڕی داعش بەرەکانی شەڕی بەجێنەهێشت و نەیتوانی لەو کۆڕبەندە ئامادە بێت، بەڵام چوونی بارزانی بۆ کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لە دەریای مردوو ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تیرۆریستانی داعش مەترسییەکانیان تا رادەیەکی زۆر لە سەر هەرێمی کوردستان کەم بۆتەوە و لەمەش زیاتر داعش نەك هەر لەسەر دەستی پێشمەرگە تێکشکێندراون، بەڵکو هەموو ئەو ناوچانەشیان لێ پاککراوەتەوە کە پێشتر داگیریان کردبوو. لەبەرامبەر ئەم سەرکەوتنەی پێشمەرگە بە سەرۆکایەتی بارزانی بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، هێشتا داعش لە بەشەکانی دیکەی عێراق توانای هێرشکردن و تەنانەت داگیرکردنی شارێکی گەورەی وەك رومادی هەیە کە تێیدا ژمارەیەکی هێجگار زۆر چەك و تەقەمەنی و بە سەدان تانك و زرێپۆش لەلایەن حەشدی شەعبی و سوپا و پۆلیسی عێراقەوە بۆ تیرۆریستان بەجێهێڵدران، ئەمەش پەیامێکە بۆ جیهان و هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعش، کە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی داعش بەو مانایە نییە تیرۆریستانی داعش توانای هێرشکردنیان نەماوە، بەڵکو مانای ئەوەیە تەنها لەو بەرانەی شەڕەوە




داعش برستی لێبڕاوە و لووتی شکێندراوە و ئەفسانەکەی بەتاڵ کراوەتەوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لێیە، ئەمەش گرنگی خۆی هەیە کە ئامادەبووانی داڤۆس وەك ئامادەبووانی کۆڕە هاوبەشەکەی ئەنجوومەنی ئەتڵەنتیك و ئامۆژگای ئاشتی لە ئەمریکا، گوێ لە ئەزموونی سەرۆکێك بگرن کە خۆی ڕاستەوخۆ سەرکردایەتی شەڕی تێکشکانی داعشی کردووە.

لە کۆڕبەندی داڤۆس لە مانگی یەکی ٢٠١٥ واتە تەنها ٤ مانگ لەمەوپێش یەکێك لە پەنێڵەکانی ئەو کۆڕبەندە گەڕان بوو بە دوای ئەزموونی سوپایەکدا کە بتوانێت لە سەر زەوی تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت. ڕاستە لە کۆڕبەندەکەی داڤۆس د.ڕۆژ نوری شاوەیس وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە بەشداری کردبوو، بەڵام ئەزموونی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بەتایبەتی دوای ئازادکردنی چیای شنگال و بەشێکی شاری شنگال تازە بوون و بە تەواوەتی کۆبانێ ئازاد نەکرابوو، ئەو کات دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش پێیانوابوو ئەو سەرکەوتنانەی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی داعش بەدەستی هێناون، تەنها پێوەندی بە ناردنی ژمارەیەك چەك و هێرشە ئاسمانییەکانەوە هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەی گەلی کوردستان هەموو کات هاوکارییە سەربازییەکان بۆ پێشمەرگە و هێرشە ئاسمانییەکانی هاوپەیمانان بەرز دەنرخێنت و هەموو کات سوپاسگوزارە و بە هۆکارێك بۆ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە هەژماریان دەکات، واقیعی شەڕی تیرۆریستانی داعش دەریخست ئەو هاوکارییانەی لەگەڵ پێشمەرگە ئاکامی سەرکەوتووی بەدەست هێناوە، لەگەڵ هێزەکانی دیکە و لەناو عێراقدا هەمان سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، هەر بۆیە ئەو کات بەلای هاوپەیمانانەوە (بێجگە لە ئەڵمانیا و فەرەنسا) هێندەی سەرکەوتنەکان گرێدەدرانەوە بە هاوکارییەکانەوە، گرێنەدەدرانەوە بە ئیرادەی پێشمەرگەوە بۆ شەڕی تیرۆریستان لەسەر زەوی، بۆیە لە ئێستادا کە دەرکەوت ئیرادەی پێشمەرگە و هاوکارییە سەربازی و هێرشە ئاسمانییەکان هەموویان پێکەوە تەواوکارن و مۆدێلێکی تازەی سەرباز بە ناوی پێشمەرگە لەسەر زەوی دروست دەکات، ئەوا ئاستی وتووێژەکان دەگوازرێنەوە بۆ وردبوونەوە لە ئیرادەی پێشمەرگە و زەرووڕەتی سەیرکردنی کوردستان وەك وڵاتێك کە خاوەنی سوپایەکە ناوی پێشمەرگەیە و دەتوانێت لە سەر زەوی تیرۆریستان تێکبشکێنێت.

لەم لایەنەوە ئەگەر ئاسایش و سەقامگیری و تێکشکاندنی تیرۆریستان گرێ بدەینەوە بە ئایندەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەپێدان و گەشەی ئابووری و ڕەواندنەوەی مەترسییەکان لەبەردەم وەبەرهێنانی جیهانی لەم ناوچەیە، ئەوا هەر هەنگاوێك بۆ ئایندە هەڵبگیرێت، پێویستە پێشتر بیر لەوە بکرێتەوە کە پەرەپێدان و گەشەی ئابووری و وەبەرهێنانی جیهانی، پێویستی بە هێزێکە کە بتوانێت لە سەر زەوی ئاسایش و سەقامگیری دابین بکات و تیرۆریستان تێکبشکێنێت. لەو بوارەدا تاکە ئەزموونێك کە تا ئێستا جیهان بتوانێت وەك ئەزموونێکی زیندوو پەنای بۆ بەرێت، هەرێمی کوردستانە کە خاوەنی سوپای پێشمەرگەیە، بۆیە دەبێت جیهان پشتگیری لەو مۆدێلە وەك دەوڵەتێکی سەربەخۆ بکات بۆ ئەوەی بتواندرێت هەمان مۆدێل بۆ ئاسایش و سەقامگیری و تێکشکانی تیرۆریستان بونیاد بنرێتەوە.



مەحمود سەنگاوی فەرماندەی میحوەری گەرمەسێر بۆ گوڵان:

# وەک فەرماندەیەکی سەربازی بۆ سەربەخۆیی کوردستان پشتگیری بڕیاری سەرۆک بارزانی دەکەم

**ئەو سەرکەوتنانەی لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژی داعش بەدەست هاتوون، بەرهەمی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی هەموو خەڵك و حزبە سیاسییەکانی کوردستانە، هەروەها ئەو ئاسۆیەشی کە لەبەردەم ئایندەی کوردستان کراوەتەوە، بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی سەرکەوتنی گەورەتر تۆمار دەکات. لەم بارودۆخەدا ئاسۆی گۆڕانکاری بۆ بەرژەوەندیی کورد لەئارادایە، رۆژ لە دوای رۆژ هەرێم و بەغدا لێك دوور دەکەونەوە و زیاتر لە سەربەخۆیی نزیك دەبینەوە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە گرنگە و هەڵسەنگاندنی رەوشی ئێستا، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ مەحمود سەنگاوی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و فەرماندەی پێشمەرگە لە میحوەری گەرمەسێر کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** ئەوەی ئێستا جێگەی شانازییە بۆ نەتەوەکەمان، ئەو سەرکەوتنانەیە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بەدەستی هێناوە، ئەمەش سەرکەوتنی تەواوی خەڵکی کوردستانە بە جیاوازیی حزب و لایەنە سیاسییەکان و تەنانەت نەتەوە ئاینەکانیشەوە، ئایا چۆن ئەم دەسکەوتە نەتەوەییە گەورەیە بپارێزین؟**

- ئەم دەسکەوتانە تەنها بە یەکڕیزیی نەتەوەکەمان و حزبە سیاسییەکان دەپارێزرێت، سەرەوریشە بۆ نەتەوەکەمان لەم قۆناخە چارەنووسسازەدا، هەموو پێکەوە لە سەنگەرەکانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش بە یەکگرتوویی لە پشتی یەکتری وەستاوین و بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەین، بۆیە پێویستە زیاتر لە ئێستاش یەکڕیزی و یەکهەڵوێستیی نەتەوەکەمان بپارێزین، ئەمەش مەرجی سەرەکی و بنەمای هەموو سەرکەوتنەکانی ئێستا و ئایندەمانە.

*** سەرۆك مسعود بارزانی لەم قۆناخەدا کە سەرکردایەتی ئەم شەڕە جیهانییەی کردووە، ئەرکی لە پێشان قورستر بووە، لەبەر ئەوەی پێشتر جەنابی سەرۆك مام جەلال هەموو کات ئەرکەکانی لەگەڵ بەش دەکرد، ئایا تاچەند سەرۆك مسعود بارزانی توانی ئەرکەکانی سەرۆك مام جەلال لەم قۆناخە ناسکە جێبەجێ بکات و یەکڕیزیی هێزی پێشمەرگە و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانیش بپارێزێت؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانە و هەموومان دەنگمان پێداوە، بۆیە ئەرکی سەرشانییەتی ئەو رۆڵە بگێڕێت، هەروەها ئەو رۆڵەشی گێڕاوە، بۆیە ئەگەر نەتوانێت یەکپارچەیی و یەکڕیزی نەتەوە و نێوان لایەنە سیاسییەکان بپارێزێت، ئەوا ئەو کات مێژوو وەك سەرۆکێکی سەرکەوتوو تۆماری ناکات، بۆیە ئەمە مێژوو حوکمی لەسەر دەدات، ئەگەر لەماوەی سەرۆکایەتیی بەرپرسیاریەتیدا بتوانێت بە بەردەوامی ئەم یەکڕیزی و یەك هەڵوێستییە بپارێزێت، ئەوا دوای ئەوەی لەو پۆستەشدا نامێنێت، هەموومان شانازی پێوە دەکەین.

*** سەرۆك بارزانی پێش ئەوەی ئەم سەردانە مێژووییەی بۆ ئەمریکا بکات، سەردانی سەرۆك مام جەلالی کرد، ئەم سەردانەش ئەوەی لێدەخوێندرایەوە کە سەرۆك بارزانی ئامانجی ئەم سەردانەی بۆ سەرۆك تاڵەبانی روون دەکاتەوە؟ ئایا تاچەند ئەم سەردانەی سەرۆك بارزانی بۆ لای سەرۆك تاڵەبانی بووە هۆکاری ئەوەی جارێکی دیکە هێزی پێشمەرگە هەست بە ئاسوودەیی بکات و زیاتر هانبدرێت بۆ ئەوەی سەرکەوتنی گەورە لە بەرەکانی شەڕ تۆمار بکرێت و هەموو خەڵکی کوردستانیش زیاتر پشتگیریی پێشمەرگە بکات؟**

- ئێمە پێشتر رەخنە و گلەییمان هەبوو لە سەردانەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوە، لەبەر ئەوەی لە پێکهاتەی شاندەکەیدا نوێنەری یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی لەگەڵدا نەبوو، بۆیە ئەمەش دەبووە جێگەی گلەیی و گازندەی ئەندام و کادیرانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بێگومان سەردانی سەرۆك بارزانی بۆ لای سەرۆك تاڵەبانی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، بە بۆچوونی من سەردانێکی باش بوو، ئەوە وەفاداری ئەو قۆناخەیە کە جەنابی مام جەلال و جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێکەوە لە کوردستان خەباتیان کردووە و سەرکردایەتیی قۆناخە جیاوازەکانیان کردووە، بەتایبەتی کە لەسەر دەستی هەردوو بەڕێزان شەڕی ناوخۆ کۆتایی هاتووە، سەردەمی دوو ئیدارەیی کۆتایی هاتووە، لەسەر دەستی ئەوان کاری زۆر گەورە و باش لەم وڵاتە کراوە و خزمەتی زۆر باشکراوە، هەربۆیە سەردانەکەی رۆڵێکی ئیجابی و کاریگەری هەبووە.

**ئەوەی لەسەر خاکی خۆی شەڕ دەکات، بە ئیرادە و ئازاترە لەو کەسەی هێرش دەکات و دەیەوێت خاک و ماڵمان بدزێت**

**جەعفەری کە ئێستا وەزیری دەرەوەی عێراقە هەمان ئەقڵییەتی وەزیری دەرەوەی سەردەمی بەعسی هەیە، لەبەر ئەوەی داوا دەکرێت چەک راستەوخۆ بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام ئەو دەڵێت: نەخێر، دەبێت لە رێگەی ئێمەوە بێت، دیارە لەرێگەی ئەوانیشەوە بێت ئەو چەکەی دێت بۆ پێشمەرگە ٧٥٪ی دەدزن و ٢٥٪ی بۆ پێشمەرگە دەنێرن**

**نەک ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵکو ئایندەی نێوان شیعە و سوننەش پچڕاوە و هیچ هێزێک نییە جارێکی دیکە بتوانێت پێکەوەی گرێبداتەوە**

*** گەورەترین دەستکەوت لەم سەردانەی سەرۆک بارزانی و شاندی یاوەری بۆ ئەمریکا ئەوەیە کە پێشمەرگە راستەوخۆ پڕچەک دەکرێت و ٣ لیوای پێشمەرگەش بە باشترین چەك و تازەترین شێوازی مەشق دادەمەزرێت. ئایا چۆن سەیری ئەم هەنگاوە دەکەن بۆ دامەزراندنی سوپای پارێزەری کوردستان؟ ئایا دەتوانی خوێنەرانمان دڵنیا بکەیتەوە کە پێشمەرگە دەتوانێت پارێزگاری لەسەربەخۆیی کوردستان بکات؟**

- پێش هەموو شتێك ئەمە سەرکەوتنێکی گەورەیە، ئومێدیش دەکەم دامەزراندنی ئەم سێ لیوایەی پێشمەرگە تەنیا لە پارتی و یەکێتی نەبێت، هیوادارم ئەو سێ لیوایە لە گەنجە وڵاتپارێزەکانی وڵاتی خۆمان پێکبهێندرێت، ئەو گەنجە دڵسۆزانەی بەبێ ئەوەی پێوەندییان بە پارتی و یەکێتییەوە هەبوبێت، بەچەکی خۆیان و بێ مووچە، خۆبەخشانە هاتوونەتە بەرەکانی شەڕ و بۆ پاراستنی ئەم خاکە شەڕیان کردووە و بەشێکی زۆریشیان لێ شەهید و بریندarbووە، بۆیە ئومێدی من ئەوەیە ئە و سێ لیوایە لەو گەنجانە پێکبهێندرێت و تەنیا موڵکی پارتی و یەکێتی نەبێت، بەڵکو سێ لیوای نیزامی و سەربازی بێت بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، ئەم هێزەش لە ناوچە داگیرکراوەکان کە ئێستا ئازاد کراون جێگیر بکرێت. بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەتان جەخت لەوە دەکەمەوە من هیچ کاتێك بە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان ناڵێم ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ناوچەی کێشە لەسەر، ئێستاش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشی زۆری ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە ئومێد دەکەم ئەم سێ لیوایە ببێتە کۆڵەگەی سوپای یەکگرتووی کوردستان، سوپایەك ببێتە پارێزەری خاکی کوردستان و سەروەرییەکان و ئەو دەستکەوتانەی بەدەست هاتوون.

*** جیا لەوەی ئەندامی مەکتەبی سیاسیت، لە هەمانکاتدا فەرماندەیەکی مەیدانی پێشمەرگەشیت لەم سنوورە هەستیارە، ئایا تاچەند خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەیتەوە کە ئەو ناوچە کوردستانییانەی هەتا ئێستا لە ژێر دەستی تیرۆریستانی داعشدا ماون، ئەوانیش ئازاد دەکەن و بۆ سەر هەرێمی کوردستانی دەگەڕێننەوە؟**

- ئەوەی لە بەردەستی تیرۆریستانی داعش ماوە زۆر کەمە، هەروەها لە ژێر دەستی عێراقیشدا ناوچەیەکی کەم ماوە کە نەگەڕابێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆ نموونە لە میحوەری گەرمەسێر توانیومانە شاری جەلەولا بە تەواوەتی، هەروەها دەشتی تبچ کە ناوچەیەکی زۆر فراوانە، هەروەها ناوچەی خورماتوو لەوێشەوە بۆ کەرکوك و هەتا دەگاتە سەربەشاخ و عەتشانە و مەلا عەبدوڵلا رزگار بکەین، کە ئەمانە هەمووی ئێستا بەشێکن لە هەرێمی کوردستان، بۆیە کاتێك هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناخی بێ چەکی و بە چەکی کۆن توانیبێتی ئەو ناوچانە بپارێزێت و تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، ئەوا ئێستا کە باس لەوە دەکرێت چەکی تازە بۆ پێشمەرگە دێت، ئەوا بارودۆخەکە باشتر گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەگەر چەکیش بۆ پێشمەرگە نەهاتبایە پێشمەرگە هەر پارێزگاری لێدەکرد. پێشمەرگە بە خوێنی خۆی ئەو ناوچانەی ئازاد کردووە و هەر بە خوێنی خۆیشی دەیانپارێزێت. ئێمە خاکی داگیرکراوی خۆمان ئازاد کردووە و نەچووین خاکی خەڵکی دیکە داگیر بکەین، ئەو خاکەش بە خوێنی خۆمان دەپارێزین.

*** ئایا دوای نەمانی داعش، ئێوە وەك هێزی پێشمەرگە هەر پارێزگاری لەو ناوچانە دەکەن؟**

- بەرنامەی هێزی پێشمەرگە ئەوەیە زیاتر بچێتە پێشەوە و ئەو ناوچانەشی ماون ئەوانیش رزگار بکەین و بیگەڕێنینەوە سەر هەرێمی کوردستان، بۆیە مەسەلەی کشانەوە لەو ناوچانە ئەوە مەسەلەیەك نییە ئەسڵەن باسی لێوە بکرێت، ئەوە خاکی کوردستانە و پێشتر داگیرکراوە، چۆن جارێکی دیکە بوار دەدەین داگیر بکرێتەوە، لەسەر ئەم خاکە کورد تەعریب و تەرحیل کراوە، نەهامەتی بەسەردا هاتووە، بۆیە دوای ئەوەی داعش نامێنێت، حکومەتی عێراق دەبێت قەرەبووی ئەو ناوچانە و خەڵکەکەی بکاتەوە.

*** پسپۆڕانی سەربازی سەبارەت بە شەڕی هێزی پێشمەرگە لە دژی تیرۆریستانی داعش، ئاماژە بەوە دەکەن ئەم شەڕە کۆمەڵێك کەموکورتی بۆ دەرخستین، لەهەموویان گرنگتر یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا بۆ لەمەودوا چۆن ئەو کەموکورتییانە راست بکەینەوە بۆ ئەوەی هێزێکی پێشمەرگەی تۆکمە و یەکگرتوومان هەبێت؟**

- پێش هەموو شت گرنگە لە ئێستاوە دامەزراوەی تەجنید دروست بکەین، لەبەر ئەوەی چیتر لاوەکانی کوردستان لە کۆمیتە و ناوچەکانەوە نەیەن ببن بە پێشمەرگە، بەڵکو لەناو ماڵەکانی کوردستانەوە بێن و خۆیان بۆ پێشمەرگە ناونووس بکەن و لەسەر بنەمای نیشتمانی نەك تەزکیەی پارتی و یەکێتی ببنە پێشمەرگە، ئەم هێزە بەو جۆرە نەبێت هەر لەگەڵ پارتی و یەکێتی کێشەیەك کەوتە نێوانیان هێزەکەش دابەش ببێتەوە، بۆیە دەبێت بیر لە دامەزراندنی سوپایەك بکەینەوە کە ئەو سوپایە توانای رزگارکردنی کوردستان و پارێزگاریکردنی دەستکەوت و سەروەرییەکانی خەڵکی

کوردستانی هەبێت.

*** بەڵام ئێستا سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان ئەو بەرنامەیەی هەیە بۆ یەکگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئایا تا چەند پشتیوانی لایەنە سیاسییەکان بۆ ئەم بەرنامەیەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان گرنگە؟**

- دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پشتگیری لە یەکگرتنەوەی پێشمەرگە بکەن، ئەم بەرنامەیە جەنابی سەرۆك داوای بکات، یان هەر حزبێك، ئەو جا پارتی بێت، یان یەکێتی دەبێت هەموومان پشتگیری لێبکەین، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەم پرسە نەدرێتە دەست لق و مەڵبەند و کۆمیتە و ناوچەکان بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هێزێکی حزبی دروست بکەنەوە، لەناو ئەم هێزە حزبییەدا ئەگەر لێپرسینەوە بکەین، هەر بۆ نموونە ئەگەر بڵێین: ئەم کادیرە دزی کردووە، دەڵێن: ئەوە یەکێتییە تۆ رقت لێیەتی، یان دەڵێن ئەو پارتییە تۆ رقت لێیەتی، بۆیە نابێت ئەم دەستێوەردانە حزبییە بمێنێت، چونکە رێگرە لەوەی هێزێکی پێشمەرگەی یەکگرتوو دابمەزرێت.

*** ئێستا پشتیوانییەکی گەورە بۆ نەتەوەکەمان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دروست بووە، ئایا چۆن ئەم پشتیوانییە بۆ ئایندە سوودی لێوەربگرین؟**

- هەموو جیهان بۆی دەرکەوت کە کورد لەسەر خاکی خۆی دەژی و دەیەوێت بە ئازادی لەسەر ئەو خاکە بژی، دەوڵەتان لە سەرەتای دروستبوونی عێراقەوە ئامانجیان ئەوە بووە ئێمە لە عێراقدا بەشێك بین و مافەکانمان بۆ دابین بکرێت، بەڵام لە سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقەوە هەتا ئێستا ئێمە وەك نەتەوەی کورد دەچەوسێینەوە. لەسەردەمی پاشایەتی بە هێزی سوپا نەدەهاتنە سەر خاکی کوردستان، بەڵام خاکی کوردستان داگیر دەکرا و عەرەبی لێ نیشتەجێ دەکرا، دوای رووخانی پاشایەتی و هاتنی عەبدولکەریم قاسم، وتیان ئەو وڵات دەکاتە بەهەشت، بەڵام ئەو بە سوپاوە هات و وڵاتەکەمانی کاول کرد، دوای ئەو عەبدولسەلام و عەبدولڕەحمان عارف و ئەحمەد حەسەن بەکر و سەدام حوسێن هاتن، هەر کوردستانیان کاول کرد، هەتا ٢٠٠٣ کە ئەم بارودۆخە هاتە پێشەوە و بە حیساب عێراقێکی نوێی دیموکراتی و فیدراڵی دێتە ئاراوە، بەڵام ئەوانیش بودجە و مووچەی کوردستانیان بری. سەیر بکەن پارە دەنێرن بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش، بەڵام مووچەی خەڵکی کوردستان نانێرن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا لای ئەوانەی لە بەغدا حوکم دەکەن، داعش لە خەڵکی کوردستان باشترە، هەموو ئەم رەفتارانە لای خەڵکی کوردستان رەتدەکرێتەوە و قابیلی قبووڵکردن نین، جیهانیش گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی ئەمانە ناتوانن مافەکانی کورد بسەلمێنن و کورد ناتوانێت لەگەڵ ئەوان بژی، بۆیە هەنگاوی ئایندەمان دەبێت بریتی بێت لەوەی ئەگەر عێراق پابەند دەبێت بە دەستووری عێراق و سیستمی فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی، ئەوە شتێکی باشە، بەڵام ئەگەر ئەمە نەبێت، ئەوا ئێمە ئەمڕۆ بڕیار بدەین، یان سبەی، دەبێت سەربەخۆ بین و لە عێراق جیاببینەوە. وەك خەزعەلی دەڵێت: کورد هەموو شتێکی لە ئێمە جیایە، تەنانەت زمان و کەلتوور و جلوبەرگیان، بۆیە مافی خۆیانە جیاببنەوە، بەڵام حەکیم کە خۆی بە دۆستی کورد دەزانێت، دەڵێت: نابێت جیاببنەوە. ئەوە مەسەلەیەکە لە چەمچەماڵ هەیە، دەڵێن: کوێخا شەریفی سەیدان یەکێك بووە لە پێشمەرگە ئازا و قارەمانەکان و بەداخەوە لە پێشمەرگایەتی شەهید بووە، رۆژێك قایمقام بانگی دەکات و پێی دەڵێت: خزمەکانت گلەییت لێدەکەن و تۆیان بە کوێخا قبووڵ نییە. ئەویش دەڵێت: قوربان ئەوە قسەی ئەوانە منیان بەدڵ نییە، بەڵام من هەموویانم بە بچووکی خۆم قبووڵە، بۆیە ئەوانیش ئێستا ئێمەیان بە بچووکی خۆیان قبووڵە، ئێمەش ئەو بچووکییە قبووڵ ناکەین.

*** هەر لەسەر پرسی سەربەخۆیی، وەك ئاگادارن لە چەند رۆژی رابردوودا سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەم پرسەی بە راشکاوی لە کۆبوونەوەی لەگەڵ هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان باس کردووە و هەمووان پشتگیرییان کردووە. پرسیاری ئێمە ئەوەیە بۆ ئەوەی ئەم پرسە سەرکەتوو بێت، ئایا ئەرکی هەموومان لەم قۆناخە چییە؟**

- ئەم پرسە بەرپرسیارییەتێکی زۆر قورسە و دەبێت هەموومان بەرپرسیارێتییەکەی هەڵبگرین، بۆ ئەوەی دواتر هیچ حزبێکی سیاسی موزایەدە نەکات و بڵێت: ئەوە میللەتەکەمان لە برسان دەمرێت و خەتای ئێمە نەبووە و خەتای مسعود بارزانی، یان پارتی یان یەکێتی بووە، یان بڵێن: ئەوە کادیرە توندڕۆکان ئەو بڕیارەیان داوە. بۆیە کاتێك بڕیار دەدەین سەربەخۆ بین، دەبێت هەموو ناخۆشییەك قبووڵ بکەین، دەبێت تەحەمولی ئەوە بکەین پەلامارمان بدەن، برسیمان بکەن، دەبێت هەموومان جووتیاری بکەین و تەحەمولی خواردنی نانی رەق بکەین بۆ ئەوەی سەربەخۆیی بەدەست بهێنین. بۆیە کاتێك هەموو لایەنە سیاسییەکان لەبەردەم جەنابی سەرۆك دەڵێن: ئێمە پشتیوانیت لێدەکەین بۆ وروژاندنی پرسی سەربەخۆیی، دەبێت دوارۆژیش بڵێن: ئێمە

**پارە دەنێرن بۆ ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی داعش، بەڵام مووچەی خەڵکی کوردستان نانێرن، ئەمەش مانای ئەوەیە ئێستا لای ئەوانەی لە بەغدا حوکم دەکەن، داعش لە خەڵکی کوردستان باشترە، هەموو ئەم رەفتارانە لای خەڵکی کوردستان رەتدەکرێتەوە و قابیلی قبووڵکردن نین**

**ئێمە نابێت چاوەڕێی ئەوە بین پرسی سەربەخۆییمان بۆ بێننەماڵەوە و پێمان بڵێن: فەرموو ئەوە مافی خۆتانە، ئەمە قەت رووناداب، لەبەر ئەوەی هەموو دەزانن کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندە و دەیانەوێت بەروبوومەکەی بخۆن هەروەک چۆن بە درێژایی مێژوو خواردوویانە، نەوتیان دزیوین و ئەم وڵاتەیان ژێردەستە کردووە**

**ئێمە خاکی داگیرکراوی خۆمان ئازاد کردووە و نەچووین خاکی خەڵکی دیکە داگیر بکەین، ئەو خاکەش بە خوێنی خۆمان دەپارێزین**

بەرپرسیارین و هاوبەشی ئەو بڕیارەین، ئێمە پشتیوانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانمان کردووە بۆ ئەوەی ئەو بڕیارە بدات، من وەك کادیرێکی عەسکەری پشتیوانی تەواوی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەم و لە برسانیشدا بمرم، ئەو مردنەم لە ژێردەستەیی پێخۆشترە. لێرەدا دەبێت ئەوە لەبیر نەکەین، کاتێك ئەم بڕیارە دەدرێت، مەرج نییە ئەم بڕیارە ١٠٠٪ سەرکەوتوو بێت، بۆیە کاتێك ئەم بڕیارە دەدرێت دەبێت گیانی خۆمانی لە پێناودا بەخت بکەین، نابێت لێی پاشگەز بینەوە، هەتا بە ئامانجەکەی خۆمان دەگەین.

*** ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە دوای ئەوەی گوتاری سەربەخۆیی کوردستان بووە گوتاری هەموو حزبەکانی کوردستان، عەرەبی شیعەی عێراق کاردانەوەیەکی توندی هەبوو، جۆرێك لە گۆڕانکاریش بە سەر گوتاری سیاسییان هات بەرامبەر کوردستان، ئایا ئەمە مانای ئەوە نییە عەرەبی شیعە دژی سەربەخۆیی کوردستانە؟**

- ئەوە نییە جەنابی حەکیم دژیەتی، ئەوە گرنگ نییە دژن، لەبەر ئەوەی ئێمە نابێت چاوەڕێی ئەوە بین پرسی سەربەخۆییمان بۆ بێننەماڵەوە و پێمان بڵێن: فەرموو ئەوە مافی خۆتانە، ئەمە قەت روونادات، لەبەر ئەوەی هەموو دەزانن کوردستان خاکێکی دەوڵەمەندە و دەیانەوێت بەروبوومەکەی بخۆن هەروەك چۆن بە درێژایی مێژوو خواردوویانە، نەوتیان دزیوین و ئەم وڵاتەیان ژێردەستە کردووە، بۆیە ئەوان دەیانەوێت هەروا بمێنێتەوە و ئێمەش دەمانەوێت رزگارمان بێت، ئەوان دەڵێن: جیاببنەوە خیانەتە، ئێمەش دەڵێین: سەربەخۆیی مافێکی شەرعی نەتەوە و گەلی کوردستانە.

*** هەتا ئێستا ئێمە بەشێکین لە عێراق، بەڵام دەرکەوت حکومەتی بەغدا حکومەتێکی فاشیلە و شۆڤێنییانە سەیری پێشمەرگە و مافەکانی گەلی کوردستان دەکات، لەمبارەوە چۆن سەیری ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا دەکەیت؟**

- من دەڵێم: نەك ئایندەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا، بەڵکو ئایندەی نێوان شیعە و سوننەش پچڕاوە و هیچ هێزێك نییە جارێکی دیکە بتوانێت پێکەوەی گرێبداتەوە. لەوانەیە هەرێم و بەغدا پێوەندییان باشتر بێت، بەڵام شیعە و سوننە شەو و رۆژ لە یەکتری دەکوژن، هەر بۆ نموونە: شیعەکان شێتێك، یان منداڵێکی سوننە دەگرن و دەیکوژن، سوننەش بەهەمان شێوە، ئایا ئەم دوو تایفەیە جارێکی دیکە دەتوانن پێکەوە بژین؟ وەك کوردیش بە درێژایی مێژوو خاکەکەیان داگیرکردووین، ئەنفال و کیمیابارانیان کردووین، تەرحیل و تەبعیسیان کردووین، ئایا تازە دەتوانین لەگەڵ ئەمانە بژین؟ من دەڵێم: ئەمە مەحاڵە، لەبەر ئەوەی ئەقڵییەتی ئەوان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و هەر هەمان ئەقڵییەتە کۆنەکەی سەردەمی بەعسە. جەعفەری کە ئێستا وەزیری دەرەوەی عێراقە هەمان ئەقڵییەتی وەزیری دەرەوەی سەردەمی بەعسی هەیە، لەبەر ئەوەی داوا دەکرێت چەك راستەوخۆ بدرێتە پێشمەرگە، بەڵام ئەو دەڵێت: نەخێر، دەبێت لە رێگەی ئێمەوە بێت، دیارە لەرێگەی ئەوانیشەوە بێت ئەو چەکەی دێت بۆ پێشمەرگە ٧٥٪ی دەدزن و ٢٥٪ی بۆ پێشمەرگە دەنێرن، بۆیە ئەمە مانای ئەوەیە ئەوان دەیانەوێت ئێمە هەر ژێردەستەی ئەوان بین، ئەمەش مەحاڵە قبووڵ بکرێت، هەر بۆیە بۆ ئێستا بڕیاری سەربەخۆیی لە هەموو بژاردە و بڕیارێکی دیکە گونجاوترە. ئاکامەکەشی هەر چییەك بێت، دەبێت بڕیاری سەربەخۆیی خۆمان بدەین.

*** ئاماژەت بەوەکرد کە ئەقڵییەتیان گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە، لەو ماوەیەش رێککەوتنێکی دیکە لە گەڵ حکومەتەکەی عەبادی کرا، ئەویش پەشیمان بووەوە، ئایا ئەمە مانای ئەوەیە ئەقڵییەتی عەبادی و مالیکی و جەعفەری هەمان ئەقڵییەتە؟**

- ئەقڵییەتی مالیکی و جەعفەری و عەبادی و عەللاوی هەموویان یەك ئەقڵییەتە، ئەویش ئەقڵییەتی شۆڤێنی عەرەبییە، هەمووی یەك ئەقڵییەتە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە.

*** ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەوەیە کە هیچ هێزێك جگە لە پێشمەرگە نەیتوانی سەرکەوتنی گەورە لەسەر زەوی دژی تیرۆریستانی داعش تۆمار بکات، هەر بۆ نموونە: سوپای عێراق و حەشدی شەعبی بە هاوکاری زەمینی کۆماری ئیسلامی ئێران و هاوکاری ئاسمانی هاوپەیمانان نەیانتوانی لە بەشەکانی دیکەی عێراق هەمان سەرکەوتن تۆمار بکەن، تەنانەت وەك دەبینین تیرۆریستانی داعش رومادیشیان گرتەوە، نهێنی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بۆچی دەگێڕیتەوە؟**

- پێش هەموو شت، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەبات بۆ خۆی و بۆ ئازادکردنی وڵاتی خۆی دەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە هێزێکی شۆڕشگێڕە و بۆ بیروباوەڕێك شەڕ دەکات، نەك هێزێك بێت بۆ پارە و شتی دیکە شەڕ بکات. بۆیە لە هەموو بەرەکانی شەڕ سەرکەوتووە، من بە شانازییەوە دەیڵێم و ئەوەشی دەیگێڕمەوە ئازایەتی پێشمەرگەیە، نەك هی من، ئێوە خۆتان هاتوون بۆ بەرەی جەلەولا، نە فڕۆکە و نە تۆپخانە هاوکاری نەکردین، لەمەش زیاتر تۆپ و تەقەمەنی

**گرنگە لە ئێستاوە دامەزراوەی تەجنید دروست بکەین، لەبەر ئەوەی چیتر لاوەکانی کوردستان لە کۆمیتە و ناوچەکانەوە نەیەن ببن بە پێشمەرگە، بەڵکو لەناو ماڵەکانی کوردستانەوە بێن و خۆیان بۆ پێشمەرگە ناونووس بکەن و لەسەر بنەمای نیشتمانی نەک تەزکیەی پارتی و یەکێتی ببنە پێشمەرگە**

**کاتێک هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە قۆناخی بێ چەکی و بە چەکی کۆن توانیبێتی ئەو ناوچانە بپارێزێت و تیرۆریستانی داعش تێکبشکێنێت، ئەوا ئێستا کە باس لەوە دەکرێت چەکی تازە بۆ پێشمەرگە دێت، ئەوا بارودۆخەکە باشتر گۆڕانی بەسەردا دێت**

باشیشمان نەبوو، بەڵام توانیمان بە درێژایی ئەو چەند مانگە ئەو شەڕە گەورەیە لەگەڵ تیرۆریستانی داعش بکەین، بەداخەوە زۆر پێشمەرگەمان شەهید بوون، زۆرمان بریندار بوون، بەڵام بیروباوەڕی پێشمەرگە لە شەڕەکەدا سەریخستین، ئەمەش دەریخست پێشمەرگە بۆ بیروباوەڕی خۆی و نەتەوە و خاکی خۆی شەڕ دەکات، هەر بۆیە ئەوەی لەسەر خاکی خۆی شەڕ دەکات، بە ئیرادە و ئازاترە لەو کەسەی هێرش دەکات و دەیەوێت خاک و ماڵمان بدزێت، ئێمە لەماڵی خۆمان بووین، ئەوان پەلاماریان داین بۆ ئەوەی ماڵەکەمان بدزن. ئەمەش نهێنی سەرکەوتنی پێشمەرگەیە.

*** ئێستا سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان توانیویەتی لەسەر ئاستی دیپلۆماتی هەنگاوی باش هەڵبگرێت بچێتە پێشەوە، ئایا هەموو پێکەوە چی بکەین باشە بۆ ئەوەی ئەم بەرەوپێشەوە چوونە نەهێڵین بۆ دواوە بگەڕێتەوە؟**

- مەرجی سەرەکی ئەوەیە دەبێت هەموو لایەنە سیاسییەکان یەکهەڵوێست و یەکدەنگ و یەکگرتوو بین. بەداخەوە کورد سروشتێکی هەیە هەر کەسێك دەگریت، خۆی بە سیاسەتمەدار دەزانێت، ئێوە چەند جارێك وەك سیاسەتمەدار ناوی منتان هێنا، راستە من ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزبێکی سەرەکی وەك یەکێتی نیشتمانی کوردستانم، بەڵام من کادیرێکی عەسکەریم و بۆ نەتەوەی خۆم خەبات دەکەم و سیاسەتمەدار نیم، ئەم قسانەی من بۆ ئێوەی دەکەم، هەموو لایەك حیسابی لەسەر دەکات، چونکە کاتێك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی هەڵدەستێت لێدوانێك دەدات، یان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی لایەنەکانی دیکە هەر یەکەیان لێدوانێك دەدات، دەبێت بزانن ئەم لێدوانانە مەترسین لەسەر ئێمە، بۆیە دەبێت لەسەر سیاسەتی دەرەوەمان سیاسەتمەدارە ئاقڵەکان ئەوانەی بەئاگان لە سیاسەتی ئەمڕۆی جیهان، ئەوان قسەی لەسەر بکەن، نابێت ئەم بارودۆخە لە خۆمان تێکبدەین و دژی دنیا بین، شەڕی ئێمە نە لەگەڵ ئێرانە و نە لەگەڵ تورکیا و هیچ وڵاتێکە، شەڕی ئێمە، شەڕی ئازادی وڵاتی خۆمانە و دژی هیچ لایەکیشیان نابین، ئێمە ئومێد دەکەین دوای ئەوەی لە عێراق جیادەبینەوە، دراوسێیەکی باش بین بۆ عێراق، ئومێد دەکەین دوای ئەوەی دەبینە دەوڵەت پێوەندییەکی باشمان لەگەڵ ئێران و تورکیا و سووریا هەبێت.

*** بەرنامەیەکی هەمەلایەن هەیە بەوەی هەم بەرامبەر بەغداو هەمیش بەرامبەر خۆمان و جیهان یەکهەڵوێست و یەکدەنگ بین، ئەمە تاچەند بۆ ئایندەمان گرنگە ؟**

- وەك پێشتر وتم، مەرجی سەرەکی ئەوەیە یەکپارچە و یەکهەڵوێست بین، ئەو لایەنە سیاسییانەی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان کۆدەبنەوە و بڕیارێك دەدەن، دەبێت حزبەکانیان لە سەرەوە بۆ خوارەوە بەو بڕیارانە پابەند بن. هەر بۆ نموونە دوای ئەوەی بڕیارەکان دراون، دەبینی لە تەلەفزیۆنەکانەوە لەسەر پرسی دەستوور و سەرۆکایەتی هەرێم هەر کەس بە کەیفی خۆی قسەی دەکرد، یان باسی ئەوە دەکەن، ئایا کاك مسعود بارزانی دەبێتەوە بە سەرۆکی هەرێم؟ لەکاتێکدا پرسەکە پۆستەکەی کاك مسعود بارزانی نییە، بەڵکو قسەکردنە لەسەر گۆڕینی سیستمەکە، ئایا ئەم سیستمە دەگۆڕیت یان نا؟ خۆ سەرۆکایەتیی هەرێم تەنیا بۆ کاك مسعود بارزانی دروست نەکراوە، هەتا بڵێین لەبەر ئەوەی ئەو سەرۆکی هەرێمە، دەبێت کۆشکەکەی وابێت و دەسەڵاتەکەی ئەوەندە بێت، سەرۆکایەتیی هەرێم بۆ خەڵکی ئەم وڵاتەیە، ئێستا کاك مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمە، لەوانەیە دووساڵی تر کەسێکی تر بێت، بۆیە ئەوەی گرنگە بۆ ئێمە ئەوەیە ئەم وڵاتە دەستوورێکی هەبێت، ئەو بڕیارانەی حزبە سیاسییەکان دەیدەن، پێوەی پابەند بن. نەك ئەمڕۆ بڕیار دەدەن و بۆ سبەی رۆژنامەکانیان دەخەنە ناو بازاڕ بە هەموو شێوەیەك قسە بکەن و شاشەی تەلەفزیۆنەکانیان بکەنە مینبەرێك بۆ دژایەتی، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە کاتێك حزبێك بڕیار دەدات دەبێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەو بڕیارەوە پابەندبوون هەبێت.

*** هەموو لایەك نەبوونی دەستوور بە بۆشاییەك دەزانن، تاچەند گرنگە لەم قۆناخە ببینە خاوەنی دەستووری خۆمان؟**

- ئێمە ئەوە ماوەی ٢٥ ساڵە خۆمان وڵاتی خۆمان بەڕێوە دەبەین، هەموو وڵاتێکیش دەبێت دەستوورێکی هەبێت. ئێستا لە کوردستان رەشنووسی دەستوورێك هەیە و لیژنەی بۆ دروست کراوە. ئومێد دەکەین بگەنە شێوەیەك کە لە خزمەتی خەڵکی کوردستاندا بێت، دەستوور بۆ پارتی و یەکێتی و گۆڕان نانووسرێتەوە، بۆیە بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت، ئێمە و پارتی پێشتر ٩٠٪ی دەنگی کوردستانمان هەبوو، ئێستا چەندمان هەیە؟ بۆیە ئەم دەستوورە بۆ خەڵکە، نەك حزبە سیاسییەکان.

*** کەواتە تا چەند گرنگە لەسەر پرسی دەستوور لایەنەکان لە موزایەدەی سیاسی دوور بکەونەوە؟**

- بە قەناعەتی من دوور ناکەونەوە و هەر کەس قسەی خۆی دەکات، بەڵام ئومێدەوارین بگەنە رێککەوتنێکی باش لەسەر دەستوورەکە.

**هیچ کاتێک بە ناوچە داگیرکراوەکانی کوردستان نائێم ناوچە دابڕاوەکانی دەرەوەی هەرێم، یان ناوچەی کێشە لەسەر، ئێستاش لەسەر دەستی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەشی زۆری ئەو ناوچانە گەڕاونەتەوە سەر هەرێمی کوردستان**

**هیوادارم ئەو سێ لیوایە لە گەنجە وڵاتپارێزەکانی وڵاتی خۆمان پێکبهێندرێت، ئەو گەنجە دڵسۆزانەی بەبێ ئەوەی پێوەندییان بە پارتی و یەکێتییەوە هەبووبێت، بەچەکی خۆیان و بێ مووچە، خۆبەخشانە هاتوونەتە بەرەکانی شەڕ و بۆ پاراستنی ئەم خاکە شەڕیان کردووە و بەشێکی زۆریشیان لێ شەهید و برینداربووە**

# دوا دەرفەت
# بۆ جێبەجێكردنی ڕێككەوتننامەی نێوان هەولێر و بەغدا



دكتۆر بێوار خنسی*

تایبەت بۆ گوڵان ئامادەی كردووە

بە هەر دوو ئاستی جەماوەری و حكوومی كاردانەوەیەك لە هەمبەر مامەڵەی ناتەندروست و نامەبدەئییانە و خۆدزینەوەی حكومەتی فیدڕاڵی بۆ دواخستنی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان هەیە كە بەپێی دوایین ڕێككەوتنی هەردوولا، ناردنی بەشە بودجەی هەرێم خراوەتە بەرانبەر فرۆشتنی ئەو نەوتە خاوەی لە كوردستانەوە دەنێردرێتە دەرەوە، هەندێك هەن پشتگیری تەواو لەوە دەكەن كە هەرێمی كوردستان ئابوورییەكی سەربەخۆ ڕابگەیەنێت، هەندێكیش لە ڕێی بەردەوامبوونی دیالۆگەوە پشتگیری لە پێدانی دەرفەتێكی تر بە بەغدا دەكەن، ئەوەش بە مەبەستی دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەكی دادوەرانە كە بە هۆیەوە ئەرك و مافەكانی هەردوولای حكومەتی ناوەندی و حكومەتی هەرێم لە بەرانبەر یەكتر مسۆگەر بكات، تا چیتر لەبەرانبەر ئەم دۆخە نامرۆیی و نایاساییەی حكومەتی بەغدا كە ماوەی ١٥ مانگە لە بەرانبەر هەرێمی كوردستان پیادەی دەكات، سنوورێك بۆ موعاناتی خەڵكی هەرێمی كوردستان دابنرێت، كە بە هۆیەوە مووچەی فەرمانبەرانی دامودەزگاكانی هەرێم دوا دەكەوێت، دواجاریش بەغدا بە منەت و بە نیوەناچڵی ئەو مافە فەوتێنراوانەیان بۆ دەگێڕێتەوە. پێدانی مووچە لەم ساتەوەختە هەستەوەرەی كە عێراق و هەرێمی كوردستانیشی پێدا تێدەپەڕێت، زامنكاری پاراستن و چەسپاندنی پێگەی فەرمانڕەوایەتی هەرێمی كوردستانە لە بەرانبەر هەموو ئەو گێژەڵووكانەی ڕووبەڕووی هەرێم و عێراق و ناوچەكەش دەبێتەوە.

## ● پرەنسیپی ڕێككەوتن لە نێوان هەردوو جەمسەردا:

پرەنسیپی دوایین ڕێكەوتننامەی نێوان هەولێر و بەغدا بووەتە بناغەیەكی دەستووری بۆ دیاریكردنی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراقی فیدڕاڵی، واتا ئەو ڕێككەوتنە زامنكاری ئەوەیە دووبارە ئەوەی لە ساڵی ٢٠١٤ ڕوویداوە (لەو كاتەیدا كە دەوڵەت بە بێ بودجە بەڕێوەدەچوو) دووبارە نەبێتەوە، هەردوولا ڕێككەوتوون لەسەر ئەوەی نەوت سەرچاوەی بنەڕەتی بودجەی ساڵی ٢٠١٥ بێت، بەو شێوەیەی ڕۆژانە ٣,٣ ملیۆن بەرمیلی لێ بفرۆشرێت، بە نرخی ٥٦دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك، لەو بارەیەوە حكومەتی فیدڕاڵ ڕۆژانە٢,٧٥٠ملیۆن بەرمیل بفرۆشێت و حكومەتی هەرێمی كوردستانیش ٥٥٠هەزار بەرمیل ڕۆژانە بە كۆمپانیای سۆمۆ بفرۆشێت لە ڕێی بەندەری جیهانی توركیاوە، لەبەرانبەریشدا حكومەتی ناوەندی ١٧٪ لە بودجەی گشتی بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان ڕەوانە بكات.

## ● ڕێژەی فرۆشتنی نەوت لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوودا:

ڕێژەی٣٣٦ ملیۆن و٥٠١٠ بەرمیل لەلایەن حكومەتی ناوەندییەوە لە ماوەی چوار مانگی ڕابردوو بە بڕی ١٥,٩١٧ملیار دۆلارفرۆشراوە، یان بە بڕی ٣,٩٧٩ ملیار بۆ هەر مانگێك، بەپێی ئەو ڕێژەیە دەبوایە لەو ١٧٪ی كە مافی هەرێمی كوردستانە مانگانە٦٧٦ ملیۆن دۆلار ڕەوانەی هەرێم بكرایە، یان١٠,٤٪ی بودجەكە كە ٤١٣ ملیۆن دۆلار مانگانەیە، كەچی ئەوەی ڕەوانە كراوە بریتیە لە ٣٥٩,٦ملیۆن دۆلار لە مانگێكدا یان لە سنووری٥٣٪ی ئاستی داواكراو، واتا مانگانە ٣١٧ ملیۆن دۆلار لە ئاستەكەی خۆی كەمی كردووە كە دەكاتە ٤٧٪ی ئەوەی پێویست بوو بنێردرێت.

بەهای ئەو نەوتە خاوەی دراوەتە كۆمپانیای سۆمۆ لە ماوەی چوار مانگی پێشوودا دەكاتە نزیكەی١,٩٣٧ ملیار دۆلار واتە بە ڕێژەی ٤٨٤ ملیۆن لە مانگێكدا، واتا بە

١٢٥ مليۆن دۆلار كەمتر لە مانگێكدا لەو ڕێژەیە بۆ هەولێر نێردراوە، ئەویش بە دواكەوتنەوە لە وادەی خۆی.

**● ئەو واقیعەی حكومەتی ناوەندی مانگانە پێویستیەتی لە پارە:**

حكومەتی ناوەندی مانگانە نزیكەی ٣,٤ ملیار دۆلاری پێویستە بۆ دابینكردنی مووچەی فەرمانبەران، وێڕای ئەوەی پێویستیی بە ١,٠٤٠ملیار دۆلار بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و پشتگیریكردنی حەشدی شەعبی و یارمەتیدانی ئاوارەكان هەیە. واتا بەغدا مانگانە پێویستی بە ٤,٤٤١ملیار دۆلاری مانگانە هەیە، ئەمەش لە ڕێژەی ناردنە دەرەوەی فرۆشتنی نەوتی ئەو چوار مانگەی پێشوو زیاترە.

ئەگەر هەناردەی بەشە نەوتی هەرێم كە ئەو چوار مانگە دراوەتە سۆمۆی بخرێتە سەر، بە ڕێژەی ٤٨٤ ملیۆن دۆلار لە مانگێكدا، ئەو كاتە كۆی گشتی دەگاتە(٤,٤٦٣ ملیار لە مانگێكدا).

هەموو ئەم ژمارانە كە لە واقیعەوە نزیكن، ڕەنگدانەوەی ئەو موعاناتە داراییە كە بارودۆخی ئێستای حكومەتی ناوەندی پێوە گیرۆدەیە و لەسەر هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان بە قورسی ڕەنگی داوەتەوە. بۆیە لایەنی جەماوەری و حكوومی لە هەرێم داوادەكەن چارەسەرێكی ئەلتەرناتیف بدۆزرێتەوە و سنوورێك بۆ ئەم كێشەیە دابنرێت كە چیتر بە هۆیەوە هاووڵاتیانی هەرێمی كوردستان باجی هەڵەكانی سیاسەتی حكومەتی ناوەندی نەدەنەوە.

**● واقیعی ئەو پارەیەی حكومەتی هەرێمی كوردستان مانگانە پێویستێتی:**

مانگانە حكومەتی هەرێمی كوردستان پێویستی بە ٨٥٠ملیار دینارە(٧٠٠ملیۆن دۆلار)بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێم جگە لە تێچووی دارایی (ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و دابینكردنی ژیانی ئاوارەكان و دەستەبەركردنی پرۆژەكانی پەرەپێدانی هەرێمی كوردستان) و وێڕای پێدانی مافی كۆمپانیا نەوتییەكان كە لە هەرێمی كوردستان كار دەكەن.

**● بووژانەوەی ئاستی هەناردەكردنی نەوت لە مانگی نیسان:**

دەستپێشخەرییە ئەرێنییەكان ئاماژەدەرن بە بەرزبوونەوەی ئاستی هەناردەی نەوتی خاو لە لایەن حكومەتی ناوەندی كە گەیشتۆتە نزیكەی ٣,٠٩٠ ملیۆن بەرمیل لە ڕۆژێكدا، هەروەها ئاستی هەناردەی نەوتی هەرێمیش بەرزبۆتەوە بۆ ٥٦٢ هەزار بەرمیل لە ڕۆژێكدا، كەواتە ئاستی هەناردە كردنەكە گەیشتۆتە نزیكەی٣,٦٥٥ ملیۆن بەرمیل، هاوكات نرخی نەوت لە بووژانەوە و بەرزبوونەوەدایە لە ٤١,٤٥دۆلار كە لە مانگی كانونی دووەم ئەو نرخەی هەبوو بۆ ٥١,٧٥دۆلار هەر بەرمیلێك لە مانگی نیسان، لە مانگی ئایاریشدا نرخەكە بەرزبووەوە بۆ ٦٥ دۆلار بۆ هەر بەرمیلێك كەواتە نرخی نەوت بۆ هەر بەرمیلێك بە گشتی بڕی٥٦دۆلاری تێپەڕاندووە كە پێشتر لەسەر ئەو ژمارەیە بودجەی ساڵی ٢٠١٥ی عێراق دیاریكرابوو، ئەمەش مژدەبەخشە بۆ ئەوەی لە توانادایە چارەسەری قەیرانەكەی ئێستای پێ بكرێت، لە حاڵەتێكدا ئەگەر حكومەتی ناوەندی پابەند بێت بەم ڕێككەوتنەی كە لە نێوان هەولێر و بەغدا واژۆ كراوە، ئەویش بە ناردنی مافە داراییەكانی هەرێم بە شێوەیەكی ڕێكوپێك و مانگانە، بەمەش دابەشكردنی سامانی نەوت مانگانە بۆ هەموو پارێزگاكان دادپەروەرانە ئەنجام دەدرێت، بە ناردنی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستانیشەوە كە بریتیە لە ١٧٪ بە پێی ئەو ڕێككەوتنەی پێشتر لە نێوان هەردوو لایەنەكەدا واژۆ كراوە.

**● دوا دەرفەت لە بەردەم حكومەتی هەرێم:**

بۆ دواجار هەرچی هەنجەت و بیانووی حكومەتی ناوەندییە نەماوە لە بەرانبەر ئەوەی كە نیوەی بەشە بودجەی هەرێمی كوردستان ڕەوانە نەكات، لە پارەی هەناردە كردنی ئەو نەوتەی بە پێی ڕێككەوتنامەكە دابین دەكرێت، پاش ئەوەی مانگی نیسان بە ڕێژەی ٥٦٢ هەزار بەرمیل ڕۆژانە نەوت لە لایەن هەرێمەوە تەسلیمی كۆمپانیای سۆمۆ كرا، ئەوەش بەرزترە لەو ڕێژەیەی بە پێی ڕێككەوتنەكە تەرخان كراوە كە بریتیە لە ٥٥٠هەزار بەرمیل نەوت لە ڕۆژێكدا، پارەی ئەو ڕێژە نەوتەی مانگی نیسان كە هەرێم ناردوویەتیە دەرەوە بریتیە لە ٨٧٥ ملیۆن دۆلار لە هەر مانگێكدا، ئێستاش كە نرخی نەوت بەرز بۆتەوە بۆ نزیكەی ٦٥دۆلاربۆ هەر بەرمیلێك كەواتە ئەو بڕە پارەیە كە حكومەتی ناوەندی پێویستە بیداتە حكومەتی هەرێم بریتییە لە ١,٩٣ملیار دۆلار لە مانگێكدا، كەواتە ئەم واقیعە نوێیەی هاتۆتە پێشەوە پێویستی بە بەردەوامبوونی ئاستێكی ترە لە وتووێژ، دوا دەرفەتیش كە بدرێتە حكومەتی ناوەندی بۆ ناردنی ١٧٪ی بودجەكە بە شێوەیەكی مانگانەو لە كاتی خۆیدا، ئەوەش هەنگاوێكە لە دانانی سنوورێك بۆ ئەو موعاناتەی دانیشتووانی هەرێم بە هۆی وەرچەرخانی دۆزی فرۆشتنی نەوت لە دۆزێكی ئابووری بۆ دۆزێكی سیاسی تووشیان بووە، كە بەهۆیەوە ماوەی ساڵێك زیاترە باجەكەی لەلایەن هاووڵاتیانی كوردستانەوە بە قورسی دراوەتەوە، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە دەرگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكرێنەوە بۆ دانانی سنوورێك تا ئەو موعاناتەی هاووڵاتیانی هەرێم دەیكێشن، نەهێڵێت، ئەویش لە ڕێی بڕیاردانێكی ئابوورییانەی وەها كە باری دارایی و ئابووری هەرێم ڕاست بكاتەوە، كە ئەو بارە بە نەرێنی بەسەر هەموو ناوەندەكانی ژیان و بژێوی خەڵكی هەرێمی كوردستاندا شكاوەتەوە.

---

* ڕاوێژكاری وزە لە ئاژانسی پاراستنی كوردستان

**دوا دەرفەتیش كە بدرێتە حكومەتی ناوەندی بۆ ناردنی ١٧٪ی بودجەكە بە شێوەیەكی مانگانەو لە كاتی خۆیدا، ئەوەش هەنگاوێكە لە دانانی سنوورێك بۆ ئەو موعاناتەی دانیشتووانی هەرێم بە هۆی وەرچەرخانی دۆزی فرۆشتنی نەوت لە دۆزێكی ئابووری بۆ دۆزێكی سیاسی تووشیان بووە، كە بەهۆیەوە ماوەی ساڵێك زیاترە باجەكەی لە لایەن هاووڵاتیانی كوردستانەوە بە قورسی دراوەتەوە**

**پێدانی مووچە لەم ساتەوەختە هەستەوەرەی كە عێراق و هەرێمی كوردستانیشی پێدا تێدەپەڕێت، زامنكاری پاراستن و چەسپاندنی پێگەی فەرمانڕەوایەتی هەرێمی كوردستانە لە بەرانبەر هەموو ئەو گێژەڵوكانەی ڕووبەڕووی هەرێم و عێراق و ناوچەكەش دەبێتەوە**



ڕەشید خەییون توێژەر و نووسەری ناوداری عێراقی بۆ گوڵان:

# عێراق دابەشبووە و تەنیا ڕاگەیاندنەکەی ماوە

# ئەگەر بەغدا لەگەڵ هەرێمی کوردستان راستگۆ بوایە کورد خۆی رووی لە بەغدا دەکرد و یارمەتی عێراقی دەدا



**لـــە عێراقدا خەڵکانێـــك هەن کە لەســـەر بنەمای ئەقڵانییەت و بەرژەوەندیی ئایندەی عێراق بیردەکەنەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە ئەو خەڵکانەی بەو شـــێوەیە بیردەکەنـــەوە کەمینەن و کاریگەرییان لەســـەر رەوتی رووداوەکان نییە، لەمەش زیاتر ئەو سیاسەتەی ئێستا بە ناوی مەزهەبێکەوە لە عێراق پیادە دەکرێت، بۆچوونی تەواوی مەزهەبەکە نییە و بگرە خەڵکانێکیش هەن لەناو مەزهەبی شـــیعە کە ئەو بۆچوونە رەتدەکەنەوە، بەڵام ئەوانیش کەمینەن و ناتوانن ئاڕاستەی بڕیار دروستکردن لە هاوکێشـــەکەدا بگۆڕن. بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق و ئایندەی ئەم وڵاتە کە بەرەو کارەسات هەنگاو هەڵدەگرێت، ئەم وتووێژەمان لەگەڵ رۆشنبیر و نووسەری دیاری عێراقی رەشید خەییون ئەنجامداوە و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** دوای ئـــەو هەموو تەگەرە و کێشـــە ئاڵۆزانەی ئەم دواییەی رەوشی ئەمنی لە عێراق، پێشبینی ئەوە دەکەن کە ئایندەی ئەم وڵاتە بە چ ئاڕاستەیەکدا بچێت و بەگشـــتی چ خوێندەوەیەکتان بـــۆ داهاتووی عێراق هەیە؟**

- لە ئێستادا رەوشەکە زیاتر بەرەو مەترسییەکی زۆر هەڵدەکشـــێت، هەر ئەوەندەی زانیمان شاری تکریت لە دەســـتی داعش رزگارکرا، بـــەڵام ئەوەندەی نەخایاند، ئەنباریش داگیرکرا، ئەگەر رەوشـــەکە هەر وا بەردەوام بێت، ئەوا رەنگە مەترســـی بۆ ســـەر بەغداش دروست ببێـــت، بۆیە من بە قۆناغێکی ترســـناکی دەزانم، ئەم مەترســـییەش لە زۆر لایەندا دەبینـــم، واتا بارودۆخی عێراق لەو پەڕی مەترســـیدایە، کێشەکە تەنیا داعش نییە، بەڵکو لە شـــوێنەکانی دیکەی عێراقیشـــە، واتا هەموو بابەتەکان بە یەکەوە گرێدراون. ململانێی ئابووری و ئایینزایی و تایفەگەری و پشـــکایەتی و شـــەڕی کورسی و دەســـەڵات ئەمانە خۆیان فاکتەری هاندەرن بۆ زیاتر لەبارچوونی رەوشـــەکە، من لە راوبۆچوونی خۆم و لە نووســـین و وتارەکانی پێشووشدا ئاماژەم بەوە کـــردووە، کە لەناوبردنی تیـــرۆر و داعش بە تەنیا بە سوپایەکی یەکگرتووی عێراقی ئەنجام دەدرێت، بوونی میلیشـــیای چەکدار لـــە رووبەڕووبوونەوەی داعش و

**ململانێی ئابووری و ئایینزایی و تایفەگەری و پشکایەتی و شەڕی کورسی و دەسەڵات ئەمانە خۆیان فاکتەری هاندەرن بۆ زیاتر لەبارچوونی ڕەوشەکە**

**بوونی میلیشیای چەکدار لە ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و ئەو ململانێیە تایفەگەرییە خۆی لەخۆیدا یاریدەرەی زیاتر بوونی ئەو تیرۆریستانە و خودی داعشە، ئەو شوێنانەی کە لەباوەشگری داعشن، هەر ئەوان ترسیان لە بوونی ئەو میلیشیایانە هەیە**

**دەتوانین ڕەخنەی توند لە پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵات و سەرۆک وەزیران، یان هەر بەرپرسێک بگرین، بەڵام کەس جورئەت ناکات باسی سەرکردەیەکی ئەو میلیشیایانە بکات، لەبەر ئەوەی چەکدارن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن**

ئەو ململانێیــــە تایفەگەرییە خۆی لەخۆیدا یاریدەرەی زیاتر بوونی ئەو تیرۆریســـتانە و خودی داعشـــە، ئەو شوێنانەی کە لەباوەشگری داعشن، هەر ئەوان ترسیان لە بوونی ئەو میلیشیایانە هەیە، هەروەها بوونی ئێران لە پێشـــەوەی هاوکێشەکە هۆکارێکە بۆ پشتیوانی لەو هێزە داعشـــەی کـــە هەیە، چونکە لە راســـتیدا ئەوە حەشدی شەعبی نییە، بەڵکو حەشدی شیعییە، ئەوان پابەندی پیاوانی مەزهەبی شـــیعەن وەك خامنەیی و نەســـروڵلا و هی دیکەن، بۆیە راوتەگبیرێکی نهێنی هەیە وردە وردە بەدەردەکەوێت، کە وایکردووە سوپایەکی بەرامبـــەر هەبێت و هەر دەبێ تایفـــی بێت، هەروەها چەکدارکردنی لایەنەکەی دیکە کە سوننەیە، ئەمەشیان ململانێی تایفەگەری بەدوادا دێت، واتە چەکدارکردنی حەشدی شەعبی و بیرۆکەی چەکدارکردنی عەشیرەتە ســـوننییەکان خـــۆی لە خۆیدا خۆشـــکردنی ئاگری ململانێیە تایفییەکەیە، ئەوەی لە ئەعزەمیە رووی دا، بەدەر نەبوو لەم دووبەرەکی و ململانێیەی نێوان سوننە و شـــیعە، بۆیە بە هیچ شـــێوەیەك من لـــەو بڕوایەدا نیم، کە بتواندرێت هیچ شـــارێکی داگیرکراوی عێراق چ موســـڵ، یان ئەنبار رزگار بکرێن، هەروەها رەنگە داعـــش گەمارۆی بەغدا بـــدات، لەبەر ئەوە ئومێدی ئەوە نییە ئەم شـــارانە بە حەشـــدی شـــەعبی رزگار بکرێن، من سەرم ســـوڕماوە بۆچی حەشدی شەعبی ناخرێتە سوپایەکی یەکگرتووی عێراقەوە، لە مێژووی عێراقدا زۆر میلیشیا دەمەزراون، وەك هێزی بەرگریی لە ســـەردەمی عەبدولکەریم قاسم و حەرەس قەومی و هی دیکە، ئەوانە هەموویان میلیشـــیا بوون، بەڵام ئەو هێزانە لە ژێر فەرمانی حکومەت و دەســـەڵاتدا بوون بە ئەرێنی و نەرێنییەکانەوە، کەچی ئەوانەی ئێســـتا میلیشیان و لە دەرەوەی دەســـەڵاتدان و ئازادن و سەر بە هەر ســـەرکردە، یان بەرپرسێك بن، دەتوانین رەخنەی توند لە پەرلەمان و حکومەت و دەســـەڵات و سەرۆك وەزیران، یان هەر بەرپرسێك بگرین، بەڵام کەس جورئەت ناکات باسی ســـەرکردەیەکی ئەو میلیشیایانە بکات، لەبەر ئەوەی چەکـــدارن و دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن، مەســـەلەکە روونە و پێویستی بە بڕیارێکی یەکگرتووی عێراقی هەیە، بۆیە ناکرێ بەم شێوەیە لە تیرۆر رزگارمان بێت.

*** پرســـیارێکە و دەکرێ، ئەگەر بە واتایەکی دیکە ئەم رەوشەی ئێستا بخەینە چوارچێوەی (سیناریۆیەکی شـــیعەوە)، پێتانوایە ئەمە سیناریۆیەکی شیعە بێت بۆ بەڕێوەبردنـــی حوکمڕانی لە ناوچەکە، یان عێراق، واتە حکومەت و میلیشیاکان هەموویان بە دەست شیعەوەن، ئەوان چییان دەوێت و چ خوێندنەوەیەکتان بۆ پلانەکانیان هەیە؟**

- مـــن پێموایە شـــیعە هیچی ناوێـــت و ناتوانێت هیچ لەم بارەوە بێنێتە ئاراوە، بوونی حەشـــدی شـــیعە بەرپرســـیارێتیی شـــیعە نییە، هەر وەك چۆن ناکرێ داعش بە بەرپرســـیارێتیی ســـوننە حیســـاب بکەین، تەنانەت ناکرێت ئایدیۆلۆژییەت و دەوڵەت و ویلایەتی فەقیە لەســـەر شیعەی عێراق حیســـاب بکرێت، بۆیە پێویســـتە ئەو زاراوەیەی باستان کرد، واتە سیناریۆی شیعە بخەینە لاوە و باس لە ئەجیندای سیاسی و حزبی بکەین. دەکرێ شـــیعە ببنە قوربانـــی ئەم ئەجیندانە، ئـــەوان نەك بە تەنیا لە عێراق بوونەتە قوربانی، بەڵکو لە زۆر شـــوێنی دیکەش لە پاکستان و ئەزربایجانیش هـــەر بوونەتە قوربانی، هەروەها چوونی میلیشـــیای شـــیعەی عێراقی بۆ شـــەڕکردن لە ســـووریا ئەمەش خۆی لە خۆیدا کارەســـات بووە، باشـــە ئەنجامی ئەم چوونەی شیعە بۆ سووریا چی لێکەوتەوە، جگە لەوەی کە بووە هۆی کوشتنی ســـەدان گەنجی عێراقی لەو شـــەڕ و ململانێیەی ئێســـتا لەو وڵاتە بەردەوامە، کە ئێســـتاش رۆژانە چەندین گەنجی شـــیعە دەکوژرێت، ئەمەش مەترسی هەیە بۆ سەر هەموو لایەك بە شیعە و ســـوننەوە. شیعە ئەمەی پێ خۆش نییە و نایەوێت، بەڵام ئێران ئەمەی دەوێت. ئایا ســـەرکردەکانی ئەهلی حـــەق و بەدر ئەمەیـــان بەلاوە گرنگە؟ لە راســـتیدا ئەگەر شـــیعەیەك دژی ئێران وەستاوە، یەکسەر دەبێتە بەکرێگیراو و بەرپرسیار دەبێت.

*** بەڵام بمانەوێ یان نا، لەوەتەی ٢٠٠٣وە جڵەوی حوکمڕانیی لە عێراق لە دەســـتی شیعەدایە، هەروەها کەوتنی شـــاری موسڵیش لەژێر بوونی سەرکردایەتیی شـــیعە بوو، کەواتە ئەم هاوکێشەیە چۆن لێکدەدەنەوە و ئەمە نیشانەی چییە؟**

- خەڵکەکـــە ئەمە نازانێت، من یەکێکم لەوانەی کە ناتوانم ســـەدام لە سەر سوننە حیســـاب بکەم، سەدام حوســـێن یەك حزبی هەبوو، ئەویش حزبی بەعس بوو، دواتـــر بوو بە بنەماڵەیی و کۆنترۆڵی حزبەکەیان کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا شـــیعەش لە نێو سەرکردایەتیی ئەو حزبەدا هەبـــوون و خاوەن بڕیاریش بوون، بۆیە ئەو بڕیارەی ئێستا شیعی نییە، بەڵکو بڕیاری میلیشیا و حزبەکانە، بۆیە لە جیاتی ئەوەی بێن و بەشداری بکەن لە ســـەقامگیریی رەوشی ئەمنی لە عێراق و ئاوەدانی بکەنـــەوە، دێن ریزی عێراقییەکان تێکـــدەدەن و لەبەر ئەوەی کە بەلاوەنان و کۆتایی هێنان بە تایفەگەری لە عێراق زیـــان بە ئەجنداکانی ئایدیۆلۆژییان دەگەیەنێت

کە بریتییە لە پرۆژەی فیکری کە خۆی لە ویلایەتی فەقیهدا دەبینێتەوە، ئەمەش شتێکە کە روون و ئاشکرایە و بە هیچ شێوەیەك ناتواندرێت لێی بێدەنگ بین.

*** رەوشی ئێستای عێراق بە بەراورد بەم سێ چوار ساڵەی رابردوو گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، باری ئابووری و رەوشی ئەمنیی عێراق خراپ بووە، بەردەوام تەقینەوە دەکرێ، هەروەها کەمیی داهاتی خەڵکەکە و بڵاوبوونەوەی هەژاری و بێکاری گرفتی زۆر گەورەن، هەوڵ دەدرا ئەم بوارانە چاك بکەن، ئەمرۆ لە جیاتی ئەوە، داعش و پێکهێنانی میلیشیا و حەشدی شەعبی هاتە ئاراوە و قوربانی و کاولکاریی زیاتر روویان لە عێراق کرد، هەروەها ئاوارەبوونی نزیکی دوو ملیۆن کەسی لێکەوتەوە، چارەسەری ئەمە لە چیدا دەبیننەوە؟**

- باشترین چارەسەر بۆ ئەم بارودۆخە لەوەدایە کە هەموو لایەن و پێکهاتە عێراقییەکان بێن و لەسەر یەك پرۆژەی هاوبەش رێکبکەون، هەتا ئێستا هەر یەکێك لە کوتلە سیاسییەکان، یان هەر بەرپرسێك بە بێ دەستنیشانکردنی هیچ لایەنێك دێت باس لە رێگە چارە دەکات، ئەوان باس لەوە دەکەن (چەند بۆ تۆ و چەند بۆ من)، دەبینین دەستنیشانکردنی سەرۆك وەزیرانمان دواخست، تا ئەو کاتەی ئێران رەزامەندی لەسەر دا، بۆ نموونە دەکرێ ئەمریکا یارمەتیمان بدات لە رووی ژیانی مەدەنی، یان پشتگیریمان بکات لە بواری سەقامگیریی ئەمنییەوە، بەڵام کاتێ باس لە ئێران دەکەین، دەبینین ئەو لە روانگەی ئایینی و مەزهەبییەوە دەست لە ئیش و کاری عێراق وەردەدات، هاوکات دەبینین لوبنان دەست لە سووریا وەردەدات، ئێمەی گەلی عێراق ئایا نازانین کە هەمووومان دژی سەرۆك و خودی حزبی بەعس بووین و ئێستاش بە هەمان شێوە، خەڵکی سووریاش رقی لە حزبی بەعس و سەرانی ئەو حزبەیە، کەواتە بۆچی دێین پشتیوانیی لە حزبی بەعسی سووریا دەکەین و هێزی بۆ دەنێرین؟ تا ئێستا هیچ بەرپرسێك نییە بیر لە بوارەکانی کەمیی کارەبا و ئاو بکاتەوە، باس لە چارەسەری بێکاری بکات لە عێراق، من بە ویژدانەوە دەڵێم کە حەیدەر عەبادی پیاوێکی تەکنۆکرات و هێمن و ئێشکەرە و دوورە لە تایفەگەری، بەڵام دەوروبەرەکەی خراپن و دەیانەوێ شکستی پێ بهێنن و ئەجێندای دەرەکی بەسەردا بسەپێنن، هاوکات فوئاد مەعسوم سەرۆك کۆمار کە پیاوێکی رابردووپاك و نیشتمانییە، هەروەها سەرۆکی پەرلەمانیش، بەڵام ئەوانە هەموویان کەوتوونەتە ژێر بار و گوشاری ئەجێندای دەرەکییەوە.

*** ئەگەر بە چاوێکی دووربینییەوە سەیری ئەو ئەجێندایانە بکەین کە باستان کردن، دەبینین سیاسی و ئاینین و پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە، پێتانوایە عێراق لە ئێستادا گۆڕەپانی دەستێوەردانی ئەمریکی و ئێرانییە، ئەو هەموو ئەجێندا و دەستێوەردانە چۆن بواری جێبەجێکردنیان پێدراوە و ئاکامەکانی بە چی دەگات؟**

- ئەو ململانێیەی کە لە عێراقدا هەیە، دیارە لە ئاکامی کاریگەریی دەرەکییە، ئەمریکا تەنیا داکۆکی لە سیاسەتەکانی دەکات و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە عێراق جێبەجێ دەکات، ئەمریکا دەیەوێت بە هەر شێوەیەك بێت خۆی لە ئێران نزیك بکاتەوە، بۆیە ئەو هەموو حزبەی کە لە عێراق هەیە ناتوانن لە فەرمانی ئێران لابدەن، ئێستا ئەمریکا بوونی هەیە و دەتوانێ بە هەناردەکردنی چەك و دابەشکردنی خۆی بسەپێنێت، بەڵام ناتوانێت کار لە هزر و بۆچوونی شەقامی عێراقی بکات، بە قەدەر ئەوەی کە ئێران دەستی باڵاترە و دەتوانێ ئاراستەی رووداوەکان بگۆڕێت، تەنانەت دەتوانم بڵێم جیبۆتی کە بچووکترین دەوڵەتە دەتوانێ شوێن پێی لە عێراقدا هەبێت، بەڵام ئێرانە کە بە تەواوی بوونی لە عێراقدا هەیە.

*** ئایا پێتان وانییە ئەمە دەستپێکی پرۆژەی دابەشکردنی عێراق بێت؟**

- دابەشکردنەکە دەستی پێکردووە، ئەو دابەشکردنە بوونی هەیە، تەنیا راگەیاندنی ماوە، ئەوەتا هەرێمی کوردستان لە ناوچەیەکدایە خۆی کاروباری خۆی بەڕێوەدەبات، بەڵام بڕوات هەبێت ئەگەر بەغدا کراوە و نەرم و تەبا بوایە و لەگەڵ هەرێمی کوردستان راستگۆ بووایە، ئەوکاتە سەرانی کورد خۆیان روویان لە بەغدا دەکرد، هەروەك دەزانین سەرۆك کۆمار کوردە، وەزیری دارایی و سەرۆکی سوپاسالاریش بە هەمان شێوە، دەبینین هەر پارێزگایەك و ناوچەیەك ئالایەك بەرزدەکاتەوە داوای بەهەرێمبوون دەکات، ناوچەی سوننە دەوڵەتی ئیسلامی لێیە، بۆیە لە ئێستادا پارچە پارچە کراوە، من پێموایە ئەم پرۆژەی دابەشکردنە تەنیا بەوە سەردەگرێ کە بڕیارێکی بەهێزی نێودەوڵەتی هەبێت، دەوڵەتانی ناوچەکە لە تورکیاو ئێران و سعودیە و دەوڵەتانی جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان رێك بکەون لەسەر ئەم پرۆژەیە، ئەو کاتە من بە باشترین رێگە چارەی دەبینم، بەڵام ئەمە چۆن دەکرێت؟ ئەم بڕیارە بە دەست عێراقییەکان نییە، بۆیە دەبینین لە بیستەکان بەریتانیا ئاراستەی عێراقی چەسپاند، لە ٢٠٠٣ ئەمریکاش هەر بەم ئاراستەیە کاری کرد.

**سەدام حوسێن یەک حزبی هەبوو، ئەویش حزبی بەعس بوو، دواتر بوو بە بنەماڵەیی و کۆنترۆڵی حزبەکەیان کرد، بەڵام لە هەمان کاتدا شیعەش لە نێو سەرکردایەتیی ئەو حزبەدا هەبوون و خاوەن بڕیاریش بوون**

**حەیدەر عەبادی پیاوێکی تەکنۆکرات و هێمن و ئێشکەرە و دوورە لە تایفەگەری، بەڵام دەوروبەرەکەی خراپن و دەیانەوێ شکستی پێ بهێنن و ئەجێندای دەرەکی بەسەردا بسەپێنن**

**ئەمریکا دەیەوێت بە هەر شێوەیەک بێت خۆی لە ئێران نزیک بکاتەوە، بۆیە ئەو هەموو حزبەی کە لە عێراق هەیە ناتوانن لە فەرمانی ئێران لابدەن**



بۆچی دیاردەی توندڕۆیی بە درێژایی مێژوو لە کوردستان بوونی نەبووە و ئێستا هەستدەکرێت بە جۆرێك لە جۆرەکان لەکوردستان بوونیان هەیە؟ بۆچی خەڵکانێك کە مامۆستا و زانای ئایینی نین، بوونە واعز و وانەی ئیسلامی و وانەی فێربوونی قورئان لە مزگەوتەکان دەڵێنەوە؟ ئایا مامۆستایان و زانایانی ئایینی ئەرکی خۆیان وەك پێویست جێبەجێ ناکەن، یان ئەو بوارە وا پێویست دەکات؟ تێگەیشتنی ئێمە بۆ نوێسازی لە ئاییندا چییە؟ ئایا دەمانەوێت ئایین نوێسازی تێدا بکرێت، یان تێگەیشتنی خەڵك بۆ ئایین نوێ بکرێتەوە؟ کورد خاوەنی سەدان زانای گەورەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا، ئەم زانایانە فێریان کردووین ئایین واتە خۆشەویستی، بۆچی زانایانی ئیسلامی کورد لە ئێستادا ناتوانن وەك پێشان خۆشەویستی لە ئایینەوە بەرهەم بهێنن؟ تاچەند کەمتەرخەمی حکومەت و بەرژەوەندی حزبە سیاسییەکان هۆکارن بۆ دەرکەوتنی فیکری توندڕۆیی لە کوردستاندا؟ بۆ قسەکردن لەسەر ئەم چەمك و پرسیارانە، ئەم دیمانە تایبەتەمان لەگەڵ د. قاسم غەفور حەسەن سیوەیلی سەرۆکی بەشی شەریعە لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر سازکرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.

د.قاسم سیوەیلی
سەرۆکی بەشی شەریعە لە زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# نابێت حکومەتی هەرێمی کوردستان رێگە بدات کەسێک مۆڵەتی نەبێت لە مزگەوتەکان قورئان و وانەی ئایینی بڵێتەوە

*** ئەوەی جێگەی شانازییە بۆ گەلی کورد ئەوەیە کە زۆربەی زۆری موسڵمانن، دیاردەی توندڕۆیی ئایینیش لە کۆمەڵگەی کوردی بوونی نەبووە، هەروەها پێکەوەژیان و رێزلێگرتن لەنێوان ئایینە جیاوازەکان هەبووە، تەنات لە شارێکی وەك سلێمانی کە ئێستاش ژمارەیەکی بەرچاو لە برایانی کریستیان تێیدا دەژین و کەنیسەی خۆیان هەیە، هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ خەڵکی شارەکە نییە، پێشتریش هەر لە سلێمانی ژمارەیەکی زۆر جوولەکە هەبوون و هیچ کێشەیەکیان نەبووە. ئایا سەرچاوەی لێبووردەیی ئایینی لە کوردستان لە چییەوە هاتووە؟**

- سەرەتا دەمەوێت دوو شت لە یەکتری جیا بکەینەوە، ئەو شێوازی لێبووردەیی ئایینەی کە لە دێر زەمانەوە لە کوردستان بوونی هەبووە، هەروەها ئەو دیاردەی توندڕۆییەی کە ئێستا دەیبینین. ئەمە جێگەی ئەوەیە بپرسین: ئایا ئەم دیاردەی توندڕۆییە لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟ ئایا ئەم دیاردەیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هەیە، یان هاتۆتە ناو ئیسلامەوە؟ ئەگەر ئێمە بە وردی سەرنج لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بدەین، ئەوا دەبینین ئایینی ئیسلام بەرنامەیەکە پەروەردگار بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی ناردوویەتی، ئەمەش واتە ئەم ئایینە بۆ مرۆڤە بەگشتی، نەك تەنیا بۆ موسڵمان، بۆ ئەوەیە ئەم مرۆڤانە بە هەموو پێکهاتەکانیەوە پێکەوە بە ئاشتی بژین. هەر وەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، لە سلێمانی پێشتر گەڕەکی جوولەکەکان و کریستیان هەبووە، هەروەها لێرەش شارۆچکەی عەنکاوە هەیە کە لەوانەیە هێندەی هەولێری کۆن بووبێت، بەڵام قەت رۆژێك لە نێوان ئایینە جیاوازەکانی کوردستان شەڕ و ئاژاوە نەبووە، لە کاتێکدا موسڵمانیش زۆرینە بوون، بۆیە دەبێت بپرسین: هۆکاری ئەم پێکەوەژیانە لە چییەوە هاتووە؟ دیارە ئەم ئیسلامە کە هاتووە بۆ بەختەوەری

> **ناكرێت كۆمەڵێك فەتوا و كۆمەڵێك ئایەت و سوننەت دەربهێندرێت و بكرێتە بیانوو بۆ ئەوەی خەڵكی بە ناوی ئیسلامەوە پێ بكوژرێت و سەریان ببردرێت و بسووتێنرێن، دەبێت ئەمە چارەسەر بكرێت**

هەموو مرۆڤایەتی هاتووە، نەك تەنها موسڵمانان، بۆیە گرنگە سـەرەتا لەمە تێبگەین ئایا ئیسلام بۆ موسڵمان هاتووە، یان بـۆ هەموو مرۆڤەكان هاتـووە، بێگومان بۆ مـرۆڤ هاتووە، لەبەر ئەوەی كاتێـك پەروەردگار وەك كۆتایی پەیامبـەران پێغەمبەری (د.خ) ناردووە، وەك نوێنـەری ١٢٤ هـەزار پێغەمبـەر ناردوویەتی، لەبەر ئەوەی پـەروەردگار ١٢٤ هەزار پێغەمبەری بۆ مرۆڤایەتی نـاردووە، بۆیە بەرنامەیەك بەرنامەی ١٢٤ هەزار پێغەمبەر و بەرنامەی خوا بێت، ئایا نابێت هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە و هەمـوو بە بەختەوەری پێكەوە بژین؟ بێگومان بـۆ هەموو مرۆڤایەتییە و پەروەردگار خۆی دەفەرمویت: (لو شـاء الله لهدي الناس جميعا)، ئەمـەش مانای ئەوەیە ئەگەر خـوا بیەوێت هیدایەتی هەموو خەڵك دەدات و هانی دەدات بۆ ئەوەی موسڵمان بێت، بەڵام پەروەردگار ئەمەی بۆ تاكەكان بەجێهێشتووە، بۆ ئەوەی هەموو كەس بە ئارەزووی خۆی بیر بكاتەوەو بڕیـار بدات، نەهاتووە بیسـەپێنێت بەسـەر خەڵكیدا، هەروەها ئەم ئیسلامەش كە هاتووە سێ بەشە:

١. بیروبـاوەڕ ( عەقیدە)، ئەمـە پێوەندی بە دڵی مرۆڤەوە هەیە، لەگەڵ هەموو جەستەی مرۆڤ تێكەڵ دەبێـت و ڕەنگدەداتەوە لە هەمـوو ژیانی مرۆڤەكەدا، لە ئیسـلامدا بەشـێك هەیە كە پێی دەڵێـن: كردارە نادیارەكان، لەسەر ئەمە كار دەكرێت بۆ ئەوەی مرۆڤەكە بیروباوەڕێكی هەبێت و لەسەری بڕوات.

٢. فیقهی ئیسـلامی، ئەمەش لەبەر ئەوەیە كاتێك مرۆڤـەكان هەموویان باوەڕ دێنن، ئـەوا كۆمەڵێك زانا دێن لە سـەر بنەمای ئیسـلام سیسـتمێك دادەنێن لە روانگەی ئیسلامەوە بۆ ئەوەی مرۆڤەكان پێكەوە بژین و كاروبارەكانیان ڕێكبخات، بۆ ئەمەش كۆمەڵێك بنەمای داناوە بـۆ دیاریكردنی مافی خەڵكـی، ئەمەش وەك ڕێكخستنی كۆمەڵگە.

٣. بەرنامـەی تەزكیـە و تەقوا، ئەمـە لایەنێكی دیكەیە كە كار لەسـەر كەسـایەتی مرۆڤەكان دەكات، واتـە مرۆڤـەكان دەپاڵێوێـت بۆ ئـەو بەرنامەی كە پێغەمبەر(د.خ) پێی سپێردراوە. لەبەر ئەوەی پەروەردگار دەفەرمووێت: (هو الذي بعث في الأميين رسـولا منهم يتلو عليهم آياته ويزكيهـم)، ئەمەش واتە پەروەردگار لە ناو نەخوێنـدەوارەكان پەیامبەرێك دەنێرێت بۆ ئەوەی ئایەتەكانـی خـوا بە سـەریاندا بخوێنێتەوە، پاشـان بیانپاڵێوێت، ئەمەش واتـە قورئان بە تەنها بەس نییە، پێویستی بەوەیە ئیش لەسەر تاكەكان بكرێت، ئەمەش لە پێنـاوی ئەوەیە ببنە هەڵگری ئەو پەیامە و توندڕۆیی لێ دروسـت نەبێت. واتە من رقم لە تۆ نەبێت و لەناو دڵـی خۆمدا پلان دانەنێم بۆ ئـەوەی مافی تۆ زەوت بكەم.

بۆیە ئەگەر لەم سـێ خاڵەوە سەیر بكەین، دەپرسین: هۆكاری ئـەوە چییە ئەم توندڕۆییـە لە كۆمەڵگەی ئێمـە هەیە؟ ئـەوا وەك دەبینیـن بیروباوەڕەكە هەیە، ئیسـلامەكەش بە رووالەت هەیە و خەڵكەكە دێت نوێژ دەكات و بـەرۆژوو دەبێـت و زەكات دەدات و دەچێـت بۆ عەمرە، بەڵام خاڵی سـێیەم كە ئیشـكردنە لەسەر تاكـەكان و بریتییـە لە تەزكیە و تەسـەوف، نییەتی، ئەمـەش توندڕۆیی و پەرگیری لێ دروسـت دەبێت. كەواتە ئایین تەنها لایەنێك نییە، بەڵكو ئەو سـێ بەشە بوو كە باسمان كرد، بەڵام ئەم توندڕۆییەی ئێستا بوونی هەیە، تەنها یـەك لایەنی گرتووە. لایەنەكانی دیكەی فەرامۆش كردووە، ئەم فەرامۆشكردنەش دەبێتە هۆكاری ئـەوەی خۆی لە توندڕۆییدا ببینێتـەوە. هەر بۆیە لە كوردستاندا هەتا سـەرچاوەی پەیامی ئایینی ئیسلام بەدەسـتی زانایانی خۆمانەوە بوو، هەرگیز توندڕۆیی لە كوردستان بوونی نەبوو، بەڵام ئێستا ئێمەی زانایانی ئیسلامی لە مزگەوتەكاندا بوونمان هەیە و ئەوەی لەسەر شانمانە وەك خۆی جێبەجێی ناكەین، ئەمەش واتە وەك چـۆن فەرمانبەرێك لە فەرمانگاكەی، پزیشـكێك لە نەخۆشـخانە، لەو ماوەیەی كە لـە دەوامە، لێی قبوڵ ناكـەن، كارەكەی خۆی نەكات، بەهەمان شـێوە دەبێت مەلایەك، یـان زانایەكی ئایینی كـە دێتە مزگەوت، لێپێچینەوەیەك هەبێت بۆ ئەوەی كارەكەی خۆی بكات، لەبەر ئەوەی ئەركی مامۆسـتایانی ئایینی تەنها ئەوە نییە پێشـنوێژی بكات، زۆر جار كەسانێك دێن كە هەر مامۆستاش نین و پێشنوێژی دەكەن. ئەركی مەلایەتی وەك وارسی پێغەمبەر ( د.خ)، چارەسەركردنی كێشەی خەڵكە و وتاری هەینی دەبێت تایبەت بێت بە كێشـەی ئەو خەڵكەی كە لەو گەڕەكە، یان لەو شـارە روودەدات و دەبێت بە شـێوازێكی لۆژیكانە چارەسەری بكات و هەموو هاوسەنگییەك رابگرێت. لەبەر ئەوەی ئیسلام بە میانڕەوی هاتووە، بۆ نموونە: لایەنێكی حكوومی هاتووە ئەم شەقامەی چاك كردووە، پێویستە لە وتاری هەینی ئەو مامۆسـتایە باسـی چاككردنەكە بكات، گرنگە بڵێت: سوپاسـی حكومەتی هەرێمی كوردستان دەكەین گڵۆپەكانی دانا، شەقامەكەی رووناك كردەوە، بەڵام ئەم كەموكورتییانەشمان هەیە و داوا دەكەین ئەوانەشمان بۆ چاك بكـەن. نەك بڵێت: ٢٠ سـاڵە حكومەت هیچی نەكـردووە، نابێت هەموو شـتەكان بكاتە سـفر، واتە پێویستە مامۆستایانی ئایینی واقیعبین و میانڕەو بن. بەڵام ٩٠٪ی مامۆستایانی ئایینی كاری خۆیان ناكەن،

> **ئێمە زۆر جار لەگەڵ سیاسەتمەدارانی كوردستان قسەمان كردووە و راشكاوانە پێمان وتوون، دەست لە پشتی ئەو سەلەفییانە مەدەن و خزمەتیان مەكەن و مزگەوتیان بۆ مەكەنەوە، ئۆتۆمبێلی زرێپۆشیان بۆ مەكڕن و پارێزگارییان مەكەن، بەوە قەناعەت مەكەن كە پێتان دەڵێن ئێوە وەلی ئەمری ئێمەن و واجبی ئێمەیە ئیتاعەتتان بكەین، لەبەر ئەوەی ئەمانە بۆیە ئێستا بەوجۆرە قسە دەكەن، چونكە بێدەسەڵاتن، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت پێش هەمووان وەلی ئەمرەكەی خۆیان سەردەبڕن**

مزگەوتەکانیـــان وازلێهێناوە، کۆمەڵە خەڵکێك دێنە ناو مزگەوتەکان نازانیـــن کێن و ئامانجیان چییە؟ دەبینین کۆمەڵێك دانیشتوون قورئان دەخوێنن، کۆمەڵێکی دیکە دەرســـی جۆراوجۆر دەخوێنن، کۆمەڵێکی دی وەعز بۆ خەڵك دەدەن، هەست دەکەین فەوزایەکە و نازانین چییە، بەڵام هەر ئەو فەوزایە دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژی پەرە پێداوە، بەڵام پێشتر لە مێژووی کوردەواری خۆماندا ئەگەر مامۆستایەك کەسێکی ببینیایە لە مزگەوت کە قورئان فێری کەســێك بکات، مامۆستای مزگەوتەکە بانگی دەکرد و دەیپرســی: کێ رێگــەی پێداویت لە مزگەوت دەرســی قورئان بڵێیتەوە؟ دەیگوت بۆ قورئان وتنەوە قەدەغەیە؟ مامۆستاکە لە وەڵامدا پێی دەگوت: بەڵێ دروســت نییە، بەڵکو دەبێت زانایەك مۆڵەتت پێ بدات، ئەوجا بۆت هەیە لێــرە قورئان بڵێیتەوە. هەروەك جــاران مۆڵەتی ١٢ عیلمی هەبـــوو، بۆ ئەوەی خەڵك بتوانێــت ببێتــە مەلا، بــە هەمان شــێوە هەموو ئەو خەڵکانەی لە مێژووی ئیســـلامدا قورئانیان وتۆتەوە، مۆڵەتی مامۆســـتایەکی قورئان خوێنیان هەبووە، ئەم قورئان خوێنە دەبوا مۆڵەتی لە ســەرووی خۆی هەبێت تــا دەگاتەوە ســەر پێغەمبەر (د.خ). هــەروەك چۆن من مامۆســـتایەکم مۆڵەت بە مەلایەك دەدەم، منیش کەســێکی دیکە مۆڵەتــی پێداوم، تا دەگاتەوە ســەر پێغەمبــەر (د.خ)، قورئانی پیــرۆز و فەرموودەکانیش بە هەمان شــێوە. بە درێژایی مێژووی ئیســـلام ئەگەر یەکێك مۆڵەتــی زانایایەکی نەبووایە رێگەی پێنەدراوە فەرموودەکانیش بڵێتەوە، ئەوکات هەر کەس ئیشی خۆی دەکرد، بۆیە فەوزا نەبوو، بەڵام ئێستا پزیشکە و دەچێت لە مزگەوت وەزعی ئایینی دەدات، ئەندازیارە لەســـەر تەلەفزیۆن باسی ئایین دەکات، بۆیە ئەم فەوزایە دروست بووە. هەر بۆ نموونە: ماوەیەك لەمەو پێش ســەندیکای پزیشـــکان داوایەکیان لەســـەر مامۆستایەك تۆمار کرد لەبەر ئەوەی چووبوو ئیشی پزیشکی دەکرد، کە ئیشی ئەو نەبوو، حکومەت شوێنەکەی پێداخست، بۆیە هەقە ئێمەش وەك زانایانی ئایینی ئەگەر بینیمان یەکێك دێت ئیشی ئێمە دەکات، ئەوجا پزیشکە، ئەندازیارە، پارێزەرە، دەبێت ئێمەش رێگەی لێ بگرین و بڵێین بچۆرەوە سەر کاری خۆت و ئەمە کاری تۆ نییە.

*** لایەنێکی دیکە کە هەقە موسڵمانانی کورد شانازی پێوە بکەن، مێژووی زانایانی گەورەی ئیسلامە، ئەوەی جێگەی تێڕامانە کاتێك ســەیری نووســینی زانایانی ئیســـلامی کورد دەکەیـــن، هەر لە مـــەلای جەزیری و ئەحمـــەدی خانـــی، تا دەگاتە مەولەوی و ســـالم و مەحوی و نالی، هەست دەکەین هەموومان فێری عەشق و خۆشەویســـتی و عیرفان دەکـــەن، ئایا ئیلهامی ئەم خۆشەویستی و عیرفانانەی زانایانی ئیسلامی کورد لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- ئــەو عیرفانەی لە ناو زانایانی ئیســـلامی کوردا هەبووە، تێگەیشـــتنیان بـــووە بۆ ئــەو ئایینە پاکەی وەریانگرتووە و ئەو خۆشەویســـتییە لەوێوە سەرچاوەی گرتووە، لەبـــەر ئەوەی ئایین فێری خۆشەویســـتی و پێکەوەژیانمـــان دەکات، فێری ئەوەمـــان دەکات ریایی لەگەڵ کەس نەکەیـــن، رق و کینەمان بەرامبەر کەس نەبێـــت، مرۆڤمـــان وەك مرۆڤ خۆش بوێـــت، ئەمانە هەمـــووی لە پێغەمبەر (د.خ) فێر دەبین، لەبەر ئەوەی پێغەمبەر (د.خ) لەبەر جەنازەی جوولەکەیەك هەستاوە و کاتێك لە هۆکارەکەیان پرسیوە، لەوەڵامدا فەرموویەتی ئەو رێزگرتنە لە نەفسی ئەو جەنازەیە، زانایانی ئێمەش ئەم خۆشەویستییەیان لەو ئایینە پاکەوە وەرگرتووە، نەك وەکو ئەمڕۆ لەگــەڵ رێزم بۆ ئەو گەنجانە، دێن ئایین لە گەنجێکی تازە پێگەیشتوو وەردەگرن. وەك پێغەمبەر (د.خ) ئاماژەی پێکردووە سەردەمانێك خەڵکانێك دروست دەبن کە سەیریان دەکەیت، ئەوەی خۆت پێ کەمە، بەڵام دەفەرموێت ئەوانە هیچیان ئایین نین.

*** هەمـــوو نەتەوەیەکـــی موســـڵمان زۆر بایەخ بە زانایانی ئیسلامی خۆی دەدات، هەر بۆ نموونە تورکیا هێندەی بایەخ بە ســـەعیدی نەورەســـی دەدات (کە لە بنەڕەتیشدا کوردە)، هێندە بایەخ بە زانایانی نەتەوەکانی دیکـــە نادەن، بەڵام ئێمەی کوردی موســـڵمان هێندەی بایەخ بە زانایانـــی غەیرە کورد دەدەین، هێندە بایەخ بە زانایانی خۆمـــان نادەین، تەنانەت لە ناونانی مزگەوت و دامەزراوە ئیسلامییەکاندا ناوی بێگانە بەکار دەهێنن، نەك ناوی زانایانی خۆمان، ئایا ئەمە بە جۆرێك لە خۆ بە کەم زانین لە قەڵەم نادرێت؟**

- راســـتە ئێمە خۆمان کەموکورتیمان هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ خوێنەوار و رۆشـــنبیری خۆمان کاتێك لەســـەر لایەنێك کار دەکەن، بۆ نمونە کاتێك لە ســـەر زمان کار دەکەن بە شـــێوەیەکی گشـــتگیر کار ناکەن. بـــەڵام ئێمە (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس)مان هەیە کـــە زیاتر لـــە ٧٥ کتێب و نامیلکـــەی هەیە، هەر لە نامیلکەیەکی ســـادەوە تا دەگاتە تەفســـیری قورئانی پیرۆز، ئەگەر سەیری ئەم زاتە بکەین دەبینین لە هەموو کتێبەکانیـــدا دێڕێك نییە کە تۆ فێـــری رق لێبوونەوە، یان توندڕۆی بکات، هەروەها ئەم کەســـە وەك نووسەر، نووسەرێکی گەورەی کوردە، وەك زمانزان، زمانەوانێکی گەورەیە، لە حەوت بەرگدا بە زمانی کوردی تەفسیری قورئانی کردووە، بە چوار بەرگ باســـی شـــەریعەتی

هەر رەفتارێکی خراپ بە ناوی ئیسلامەوە بکرێت، ئەوجا سەلەفی بیکات، یان سۆفی، یان هەر کەسێکی دیکە، بەتایبەتیش ئەوەی ئەمڕۆ بەناو جیهاد دەیکات و بەڕاست و چەپدا توندوتیژی دەکات و خەڵک دەکوژێت و سەردەبڕێت و دەسووتێنێت، زانایانی ئیسلام لێی نیگەرانن، لەبەر ئەوەی ئەوان دێن بەناوی ئیسلامەوە ئەو رەفتارە دەکەن و ئیسلامیش لەو رەفتارانە بێبەرییە

ساڵانە لە تورکیا و مالیزیا و جەزائیر کۆنفرانس بۆ سەعیدی نەورەسی دەکرێت کە کوردە، بەڵام ئەوە ٢٤ ساڵە کە ئێمە حکومەت و پەرلەمانی خۆمانمان هەیە تا ئێستا وەک وەزارەتی رۆشنبیری کۆنفرانسێکمان بۆ نەگرتووە و کۆنفرانسێکیشمان بۆ مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و شیخ محەمەدی خاڵ و مامۆستا بالک و مەلای گەورەی بیارە، رەشاد موفتی، مەلا مستەفای هیرانی و چەندەها زانای تری کورد نەگرتووە، ئەمانە هەر یەکەیان رۆڵێکی باڵایان هەبووە لە ئیسلام و لە چاکسازیی کۆمەڵگە هەبووە

ئیسلام دەكات، بۆیە ئەمە كاری ئێمەیە وەك رۆشنبیران و وەزارەتی رۆشـــنبیری حكومەتی هەرێمی كوردستان كە بێین شانازی بەم توراسەی خۆمانەوە بكەین. ساڵانە لە توركیا و مالیزیا و جەزائیر كۆنفرانس بۆ ســـەعیدی نەورەســـی دەكرێت كە كوردە، بەڵام ئەوە ٢٤ ســـاڵە كە ئێمە حكومەت و پەرلەمانی خۆمانمان هەیە تا ئێســـتا وەك وەزارەتی رۆشـــنبیری كۆنفرانسێكمان بۆ نەگرتووە و كۆنفرانسێكیشـــمان بۆ مەلاعەبدولكەریمی مودەڕیس و شـــێخ محەمەدی خاڵ و مامۆســـتا بالك و مەلای گەورەی بیارە، رەشاد موفتی، مەلا مستەفای هیرانی و چەندەهـــا زانای تری كورد نەگرتـــووە، ئەمانە هەر یەكەیان رۆڵێكی باڵایان لە ئیســـلام و لە چاكســـازیی كۆمەڵگە هەبووە. بەداخەوە ئێمە شانازییان پێوە دەكەین، بەڵام هیچمان بۆ نەكردوون.

*** ئـــەوەی لە مێژووی ئیســـلامی كورد هەســـتی پێدەكرێت، دیاردەی سۆفیگەراییە زیاتر نەك سەلەفی، ئەمەش لە هەموو كوردســـتانی گەورە دیاردەیەكی باو بووە، بۆ نموونە: كاك ئەحمەدی شێخ لە سلێمانی و شێخ عوبەیدوڵای نەهری و شـــێخ عەبدولسەلامی بارزانی، بەدیع زەمان سەعیدی نەورەسی، لای ئەم مەنهەجەی سۆفیگەرایی، هەموو كات ئایینی ئیسلام سەرچاوەی ئاشـــتی و چارەسەری كێشـــەكان بووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیـــە؛ بۆچی لای كورد هەموو كات ئیســـلام وەك ســـەرچاوەی ئاشـــتی ســـەیركراوە، نەك غەزوكردن و هێرشكردن؟**

- ئەگـــەر بگەڕێینـــەوە بۆ پێش ئـــەم مێژووەش، دەبینیـــن پیاوی وەك ســـەلاحەددینی ئەیووبی هەبووە كە ســـەركردەیەكی گەورەی كورد بـــووە و توانیویەتی دەوڵەتیكی گـــەورەی وەك دەوڵەتـــی ئەیووبی بەڕێوە بەرێت، بێجگە لـــەوەی توانیویەتی وڵاتێك رێكبخات، لەهەمانكاتدا خزمەتێكی زۆری بە رێبازی تەســـەوف كردووە و چۆتە هەر شـــوێنێك خانەقایەكی درووســـت كردووە، قوتابخانەی بۆ زانستی شەرعی و قوتابخانەی بـــۆ پەروەردەی رۆحی دامەزراندووە، هەروەها حەزرەتی مەولانـــا خالیدی نەقشـــبەندی هاتووە لە ســـلێمانی مزگەوت و خانەقای درووست كردووە كە ئەم مزگەوتە بێجگە لە قوتابخانەیەك بۆ زانستی شەرعی، جێگەی تەزكیە و تەســـەوفیش بووە، لەبەر ئـــەوەی حەزرەتی مەولانا خالیدی نەقشبەندی زانیویەتی تەنها زانستی ئایینـــی بەس نییـــە و هەندێك كـــەس هەیە غرووری دەیگرێت و پێویســـتی لە پـــەروەردەی رۆحی هەیە بۆ ئەوەی ئەو غرووری نەمێنێـــت، بۆ ئەوەی مرۆڤێكی میانڕەوی لێ دروســـت بێت، هەروەها حەزرەتی شـــێخ عوسمانی تەوێڵەش خانەقایەكی درووست كردووە و ئەم خانەقایە بێجگە لەوەی قوتابخانەی زانستی ئیسلامی بـــووە، لە هەمانكاندا قوتابخانـــەی پەروەردەی رۆحی و تەزكیە و تەســـەوفیش بووە. دوای ئەویش حەزرەتی شـــێخ محەمەد بەهائەدین و حەزرەتی شـــێخ محەمەد عەلادین و حەزرەتی شـــێخ عوســـمانی بیارە و شـــێخ عوســـمانی ســـەراجەدینی دووەم، ئەمانە هەموویان لە ماوەی ٢٠٠- ٣٠٠ ســـاڵی رابردوو بە هاتنی تەریقەی نەقشـــبەندی خزمەتی ئایین و تەســـەوفیان كردووە، هەروەها لە تەریقەتی قادریش لە شێخ مارفی نودێەوە، هەتا ئێستا نەمانبیستووە دیاردەیەكی توندڕۆی بوونی هەبووبێـــت، هۆكاری ئەمـــەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەم زاتانە لـــە ســـەرچاوەكەوە ئایینەكەیان بە پاكی وەرگرتووە، واتە ئەو ئایینەی پێغەمبەر( د.خ) پێڕەوی كردووە، بە تاكەكانیـــان گەیاندووە و تەزكیەیان كردووە و پاڵاوتوویانن، لە ئێستاشـــدا كە ئەم بارودۆخە هەیە، كەســـێك نییە پەروەردەی ئەو قوتابخانە بێت و كارێكی توندڕەوانەی ئەنجامدابێت.

*** ئەوەی لە ئێستادا لەسەر ئاستی جیهانی ئیسلامی و تەنانـــەت رۆژئاوا باســـی لێوەدەكرێت، مەســـەلەی ئیســـلامی سەلەفییە، ئەم ئاراســـتەیەی ئیسلامی بە شـــێوازێك بۆ بەرهەمهێنانی توندوتیژی سەیر دەكرێت، ئایا مەترسیی سەلەفی جیهادی لەسەر ئایینی پیرۆزی ئیسلام و كۆی موسڵمانان چییە؟**

- ئەم پرسیارە زۆر لە جێگەی خۆیەتی، لەبەر ئەوەی ئەگەر ســـەیری ئەم توندوتیژییـــە بكەین كە بە ناوی ئیسلامەوە پیادە دەكرێت، هێندەی زانایانی ئیسلامی بە دەستیەوە گیرۆدە بوون، هێندە جیهان بە دەستیەوە گیری نەخواردووە، هەر بۆ نموونە ئێمە كوردین، كاتێك كەسێك دێت بە ناوی كـــوردەوە رەفتارێكی خراپ دەكات، یان لە شوێنێكدا كارێكی تێكدەرانە بكات، سەیر بكە، ئێمە خۆمان لەبەر ئەوەی كـــوردە چەند پێی دڵگران دەبین، واتە خەڵكی دیكە بەو كارەی چەند نیگەران و ناڕەحەت بێـــت، ئەوا خۆمان وەك كورد ســـەد هێندە ناڕەحەت و نیگەران دەبیـــن. هەر رەفتارێكـــی خراپیش بە ناوی ئیسلامەوە بكرێت، ئەوجا سەلەفی بیكات، یان سۆفی، یان هەر كەســـێكی دیكە، بەتایبەتیش ئەوەی ئەمڕۆ بەناو جیهادی دەیكات و بەڕاست و چەپدا توندوتیژی دەكات و خەڵك دەكوژێت و ســـەردەبڕێت و دەسووتێنێت، زانایانی ئیسلام لێی نیگەرانن، لەبەر ئەوەی ئەوان دێن بەناوی ئیسلامەوە ئەو رەفتارە دەكەن و ئیسلامیش لەو رەفتارانە بێبەرییە، ئەمە ئیسلام نییە. ئەگەر بپرسین: چارەسەری ئەمە بەچی دەكرێت؟ بێگومان لەسەر ئەم

**پێغەمبەر (د.خ) نەیوتووە ئیسلام نوێ بكرێتەوە، بەڵكو داوا دەكات تێگەیشتنی خەڵک بۆ ئایین نوێ بكرێتەوە، ئێستا ئێمە هەموومان بەدەست ئەم توندڕەوانە گیرمان خواردووە، پێویستمان بە كەسانێكە بێن و بڵێن ئەم توندەڕۆییە ئایین نییە و ئایینە راستەكە ئەمەیە**

**پێغەمبەر (د.خ) لەبەر جەنازەی جوولەكەیەک هەستاوە و كاتێک لە هۆكارەكەیان پرسیوە، لەوەڵامدا فەرموویەتی ئەو رێزگرتنە لە نەفسی ئەو جەنازەیە، زانایانی ئێمەش ئەم خۆشەویستییەیان لەو ئایینە پاكەوە وەرگرتووە، نەک وەكو ئەمڕۆ لەگەڵ رێزم بۆ ئەو گەنجانە، دێن ئایین لە گەنجێكی تازە پێگەیشتوو وەردەگرن**

پرسە ئێمە زۆر جار لەگەڵ سیاسەتمەدارانی کوردستان قسەمان کردووە و راشکاوانە پێمان وتوون، دەست لە پشتی ئەو سەلەفییانە مەدەن و خزمەتیان مەکەن و مزگەوتیان بۆ مەکەنەوە، ئۆتۆمبێلی زرێپۆشیان بۆ مەکڕن و پارێزگارییان مەکەن، بەوە قەناعەت مەکەن کە پێتان دەڵێن ئێوە وەلی ئەمری ئێمەن و واجبی ئێمەیە ئیتاعەتان بکەین، لەبەر ئەوەی ئەمانە بۆیە ئێستا بەوجۆرە قسە دەکەن چونکە بێدەسەڵاتن، ئەگەر دەسەڵاتیان هەبێت پێش هەمووان وەلی ئەمرەکەی خۆیان سەردەبڕن، من وەك شارەزایەکی ئیسلامی دەزانم ئەوان راست ناکەن و ئەوە ئیسلام نییە، بەڵام سیاسییەکان دێن پشتگیریان دەکەن.

*** ئەگەر راشکاوانە لەسەر ئەم پرسیارە، پرسیارێکی دیکە بکەین، ئایا بۆچی ئەم بۆچوونە درووست بووە بەوەی سەلەفییە جیهادییەکان لەسەر بنەمای مێژوویی و توراسی ئیسلامی و کتێبە فیقهییەکان توندوتیژی بەرهەم دەهێنن؟ ئایا تاچەند بۆ ئێستا گرنگە فقهی نوێ ئیجتیهاد بکرێت و جێگەی ئەو فیقهە کۆنە بگرێتەوە؟**

- دابەشکردنی فیقهی ئیسلامی بۆ کۆن و نوێ، ئەمەش یەکێکە لەو پرسانەی ئەو خەڵکانە بۆیان دروستکردووین، ئەمەش لەسەر ئەو بنەمایەی گوایە فیقهی کۆن وا دەڵێت و پێویستە هەموو مێژوو زەربی سفر بکرێت، ئەمە هەڵەیە، بۆ نموونە ئەگەر باسی خەباتی خۆمان بکەین بۆ رزگاری کوردستان، دیارە ئەوەی ئەمڕۆ بەدەست هاتووە، بەرهەمی خەبات و تێکوشانی ١٥٠ ساڵ لەمەو پێشە. ئایا دەکرێت ئەو خەباتە زەربی سفر بکەین و بڵێین بە کەڵکی ئەمڕۆ نایەت؟ راستە سەردەمی ئێستا لەسەردەمی ئەو کات جیاوازە، بەڵام ئەم دەسکەوتانەی ئەمڕۆ بەرهەمی خەباتی ئەوانیشە، بۆیە دەبێت لەسەر بنەمای خەباتی ئەوان ئێستامان بخوێنینەوە و رێزی لێبگرین، لە ئیسلامیشدا ئەوە هەڵەیە بڵێین فیقهی کۆن توندوتیژی بەرهەمهێناوە و دەبێت ئەو فیقهە بگۆڕدرێت بۆ نوێ، من تەحەددا دەکەم چ کەسێك سەبارەت بە هەر شتێك هەر لە کۆمپیوتەر و ئەنتەرنێت تا دەگاتە مندالێ بلووری، پرسیاری لە زانایەکی ئایینی کردبێت و وەڵامی نەدابێتەوە. ئەگەر باسی نوێسازی لە ئایینی خەڵك دەکەین، ئەوە جیاوازە، ئیسلام خۆی نوێسازییە و پێغەمبەر (د.خ) پێش ١٤٠٠ پێی راگەیاندووین هەر ١٠٠ ساڵ جارێك خوا کەسێك دەنێرێت بۆ ئەوەی ئایینی خەڵك نوێ بکاتەوە، نەك ئیسلام، بەڵام ئەوان هاتوون مانای ئەم قسەیان بە پێچەوانە وەرگرتووە، پێغەمبەر (د.خ) نەیوتووە ئیسلام نوێ بکرێتەوە، بەڵکو داوا دەکات تێگەیشتنی خەڵك بۆ ئایین نوێ بکرێتەوە، ئێستا ئێمە هەموومان بەدەست ئەم توندڕەوانە گیرمان خواردووە، پێویستمان بە کەسانێکە بێن و بڵێن ئەم توندەڕۆییە ئایین نییە و ئایینە راستەکە ئەمەیە. واتە ناکرێت کۆمەڵێك فەتوا و کۆمەڵێك ئایەت و سوننەت دەربهێندرێت و بکرێتە بیانوو بۆ ئەوەی خەڵکی بە ناوی ئیسلامەوە پێ بکوژرێت و سەریان ببردرێت و بسووتێنرێن، دەبێت ئەمە چارەسەر بکرێت، بەڵام بۆچوونیشمان هەیە ئەمە دەگۆڕێت، بۆ نموونە زانایەکی ئایینی ١٠٠ پێش ئێستا لە سەر پرسێك فەتوایەکی داوە، ئێستا من هەمان پرس بێتە لام هەمان فەتوا نادەم و بە گوێرەی کات و شوێنکەی چارەسەرێکی نوێ بۆ هەمان پرس دەدۆزمەوە، ئەمەش لە ئیسلامدا لەسەربنەمای ئەسڵ بڕیاری لەسەر دەدرێت، نەك بڵێت توراس نابێت بمێنێت.

*** هەندێك لە بیرمەندانی ئیسلامی پێیانوایە ریفۆرم، یان نوێکردنەوەی تێگەیشتن لە دەقە پیرۆزەکانی ئیسلام، بەمانای ئەوە نییە ئێمە لە دەقەکانی قورئانی پیرۆز لادەدەین، بەڵکو بەمانای ئەوەیە چۆن بەپێی سەردەم و قۆناخی نوێ دووبارە دەقەکان دەخوێنینەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا وەك زانایایەکی ئیسلامی بە تایبەتی بۆ ئێستای بارودۆخی کوردستان چۆن سەیری ریفۆرم و نوێبوونەوە لە ئیسلامدا دەکەن ؟**

- لە ئیسلامدا کۆمەڵێك بنەما هەن، نەگۆڕن و پێیان دەڵێن: (الثوابت) ئەمانەش بریتین لە قورئان و سوننەت، لە هەمانکاتدا گۆڕاویشمان هەیە پێی دەڵێن: (المتغیرات)، ئەوجا لەسەر پرسی نوێسازی هەموو کات لە ئیسلامدا نوێسازی هەبووە و تەنانەت لە مەجلیسی پێغەمبەردا (د.خ) ئەم نوێسازییە کراوە و زۆر جار بۆ یەك پرسیار کە کۆمەڵێك کەس ئاراستەی پێغەمبەر(د.خ) یان کردووە، کۆمەڵێك وەڵامی جیاوازی داوەتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە پێغەمبەر (د.خ) لە نەفسیەتی خەڵکەکە تێگەیشتووە و بەپێی کێشەی ئەو خەڵکانە وەڵامی داوەتەوە، لە ئێستاشدا گرنگە بەپێی تێگەیشتن لە خەڵکەکە وەڵام بدرێتەوە، بەڵام کێ ئەم کارە دەکات، بێگومان ئەوانەی ئەهلییەتیان هەیە، واتە دەبێت زانایانی ئیسلام بیکەن، نەك ئەندازیارێك، یان پارێزەرێك، یان پزیشکێك بێت، کە ئیشی ئەوان نییە لەسەر هەموو لایەنەکانی ئایینی ئیسلام قسە بکەن، چۆن من وەك زانایەکی ئایینی لە ئەندازیاری و پزیشکی نازانم، ئەگەر باسی بکەم، دەڵێن ئیشی تۆ نییە، ئەمەش ئیشی ئەوان نییە و دەبێت زانایانی ئایینی ئیسلام ئەم کارە ئەنجامبدەن.

**٩٠٪ی مامۆستایانی ئایینی کاری خۆیان ناکەن، مزگەوتەکانیان وازلێهێناوە، کۆمەڵە خەڵکێک دێنە ناو مزگەوتەکان نازانین کێن و ئامانجیان چییە؟ دەبینین کۆمەڵێک دانیشتوون قورئان دەخوێنن، کۆمەڵێکی دیکە دەرسی جۆراوجۆر دەخوێنن، کۆمەڵێکی دی وەعز بۆ خەڵک دەدەن، هەست دەکەین فەوزایەکە و نازانین چییە، بەڵام هەر ئەو فەوزایە دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژی پەرە پێداوە**

**ئەرکی مەلایەتی وەک وارسی پێغەمبەر ( د.خ)، چارەسەرکردنی کێشەی خەڵکە و وتاری هەینی دەبێت تایبەت بێت بە کێشەی ئەو خەڵکەی کە لەو گەڕەکە، یان لەو شارە روودەدات و دەبێت بە شێوازێکی لۆژیکانە چارەسەری بکات**

# چەمکی فەرمانڕەوایی لە ڕوانگەیەکی قورئانییەوە



عەبدولڕەحمان سدیق
بۆ گوڵان دەینووسێت
asidiq1962@yahoo.com

لە ڕوانگەیەکـــی قورئانییەوە چەمکی فەرمانڕەوایی بە سێ قۆناغدا تێپەڕ بووە.[١]

**قۆناغی یەکەم:** حاکمییەتی خودایی

وەك ئەوەی لە مێژووی بەنوئیسرائیلدا هەبوو، مەملەکەتی خودا لە سەر زەوی دروستکرا، خاکی ئەو مەملەکەتە بە پیرۆز وەسف دەکراو، گرووپە فەرمانڕەواکەش بە پەسەندکراو وەسف دەکران، وەك خوای گەورە دەفەرمویێت:

**(يَا قَوْمِ ادْخُلُوا الأَرْضَ الْمُقَدَّسَةَ الَّتِي كَتَبَ اللّٰه لَكُمْ)**

**(يَا بَنِي إِسْـرَائِيلَ اذْكُرُوا نِعْمَتِيَ الَّتِي أَنْعَمْتُ عَلَيْكُمْ وَأَنِّي فَضَّلْتُكُمْ عَلَى الْعَالَمِينَ)**

لـــەم مەملەکەتـــەدا حاکمییەتی خودا بە شـــێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی بەســـەر سروشت و مرۆڤدا دادەنا، بۆیە خودا دیاردە و دەرامەتەکانی سروشـــتی دەخســـتە خزمەتیانەوە، وەك دەفەرموێت:

**(وَإِذْ فَرَقْنَـا بِكُمُ الْبَحْرَ فَأَنْجَيْنَاكُـمْ وَأَغْرَقْنَا آلَ فِرْعَوْنَ وَأَنْتُمْ تَنْظُرُونَ)**

**( وَإِذِ اسْتَسْـقَى مُوسَـى لِقَوْمِـهِ فَقُلْنَـا اضْـرِبْ بِعَصَاكَ الْحَجَـرَ فَانْفَجَرَتْ مِنْهُ اثْنَتَا عَشْـرَةَ عَيْنًا قَدْ عَلِـمَ كُلُّ أُنَاسٍ مَشْـرَبَهُمْ)**

**(وَظَلَّلْنَا عَلَيْهِمُ الْغَمَامَ وَأَنْزَلْنَا عَلَيْهِمُ الْمَنَّ وَالسَّلْوَى)**

کەواتە لە قۆناغی حاکمییەتی خوادا، خودا هەژموونێکی ڕاستەوخۆی بەســـەر مرۆڤ و سروشـــتدا هەیە، بۆیە لێرەدا پیرۆزیـــی خاکی مەملەکەت و هەڵبژاردنی گەل، لەپێداویستییەکانی حاکمییەتی خودان.

**قۆناغی دووەم:** حاکمییەتی هاوبەش

وەك خوای گەورە دەفەرموێت :

+ **(أَلَمْ تَرَ إِلَى الْمَلإِ مِنْ بَنِي إِسْرَائِيلَ مِنْ بَعْدِ مُوسَى إِذْ قَالُوا لِنَبِيٍّ لَهُمُ ابْعَثْ لَنَا مَلِكًا نُقَاتِلْ فِي سَبِيلِ اللّٰهِ)**

لە دوای کۆچی دوایی مووســـا (سەلامی خوای لەسەر بێت) بە چەند ســـەدەیەك نەوەکانی ئیســـڕائیل داوایان لە خـــودا کرد لە بـــری دەســـەڵاتی پێغەمبەرەکەیان و حاکمییەتی خودایی، ڕاستەوخۆ پاشایەکیان لە خۆیان بۆ بکاتە دەسەڵاتدار.

وەك ئیبن کەسیر (موفەسیرو مێژوونووس)دەڵێت:

**( كان في بني إسرائيل سبطان: سبط نبوة وسبط مملكة، فكان سـبط النبوة سبط لاوي بن يعقوب ومنه كان موسى وهارون وسـبط المملكة سـبط يهوذا بن يعقوب ومنه كان داود وسـليمان ولـم يكن طالـوت من أحدهما إنما كان من سبط بنيامين بن يعقوب)**[٢]

واتـــە: لە بەنی ئیســـڕائیلدا دوو نەوە هەبـــوون، نەوەی پێغەمبەرایەتی و نەوەی پاشایەتی، نەوەی پێغەمبەرایەتی وەك مووســـا و هاروون لەلای (لاوی)ـــەوە بوو، نەوەی پاشایەتییش وەك داود و ســـولەیمان لەلای (یەهوودا)وە بـــوو، بەڵام (تاڵوت) لە هیچیـــان نەبوو، بەڵکو لە لای (بنیامین)ـەوە بوو :

وەك ئەلتەبەری (موفەسیرو مێژوونووس)دەڵێت:

**(كان قوام أمر بني إسرائيل بالاجتماع على الملوك ، وطاعة الملـوك لأنبيائهـم ، فـكان الملك هـو الذي يسـير بالجموع ، والنبي يقيم له أمره ويشـير عليه برشـده ويأتيه بالخبر من ربه)**[٣].

واتە: بەنوئیسرائیل بە گوێی پاشاکانیان دەکرد، پاشاکانیش بە گوێی پێغەمبەرەکانیان دەکرد، پاشا پێشڕەویی سوپای دەکرد، پێغەمبەریش ڕێنمایی لە خوداوە بۆ وەردەگرت.

**قۆناغی سێیەم :** حاکمییەتی مرۆیی

خـــودا لە دوا قۆناغدا مرۆڤایەتی بـــەرەو ئەوە ڕێنمایی کـــرد کە مرۆڤ خۆی حوکمی خـــۆی بکات، بۆیە لە حاکمییەتی ڕاســـتەوخۆی خوداییەوە بـــۆ حاکمییەتی هاوبـــەش تا حاکمییەتـــی مرۆیـــی، ڕێنمایی مرۆڤی کردووە.

حاکمییەتـــی مرۆیـــی بەویســـتی خوا، لـــە دەرەوەی

هەژموونی راستەوخۆدایە، مرۆڤیش تیایدا نابێت بە جێنشینی خودا لەسەر زەوی بۆ فەرمانڕەوایی، بۆیە لەم جۆرەی حوکمکردنەدا خودا مرۆڤ دەسپێرێت بە ئەقڵ و دانایی خۆی لە ڕێگەی دواپەیامی دواپێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت) و موعجیزەی دەستێوەردانی خودایی بۆ فەراهەم ناکات، ئەمەش ئەو قۆناغەیە کە لە سەر دەستی (موحەممەد) (درودی خوای لەسەر بێت) هاتەئاراوە[٤]

بۆیە (ابن حزم ) (زانای ئەندەلوس) دەڵێت:

(فإن من حكم الله أن يجعل الحكم لغير الله)[٥]

بەمەش گوتراوە خەلافەتی مرۆیی، واتە یەکێك دێت جێگەی ئەوەی پێش خۆی دەگرێتەوە.

وەك لە(مفردات ألفاظ القران)دا هاتووە : (الخلافة النيابة عن الغير)[٦].

یان وەك لە(مجموع الفتاوى)دا هاتووە کە:

(والخليفة هو من كان خلفا عن غيره ... وقد ظن بعض القائلين الغالطين - كابن عربي - أن الخليفة هو الخليفة عن الله مثل نائب الله ... والله لا يجوز له خليفة ولهذا لما قالوا لأبي بكر : يا خليفة الله قال : لست بخليفة الله ولكني خليفة رسول الله صلى الله عليه وسلم حسبي ذلك .

بل هو سبحانه يكون خليفة لغيره قال النبي صلى الله عليه وسلم ( اللهم أنت الصاحب في السفر والخليفة في الأهل اللهم اصحبنا في سفرنا واخلفنا في أهلنا)

ولا يجوز أن يكون أحد خلفا منه ولا يقوم مقامه . لأنه لا سمي له ولا كفء له . فمن جعل له خليفة فهو مشرك به)[٧].

واتە: (خەلیفە ئەو کەسەیە کە دەبێتە جێنشینی کەسێکی پێش خۆی، هەندێك لەوانەی بە هەڵەدا چوون وەك (ئیبن عەرەبی)، وایانزانی کە خەلیفە بە مانای جێنشینی خودایە و وەك جێگری خودا، بەڵام نابێت کەس خەلیفەی خوا بێت، بۆیە کاتێك بە (ئەبوبەکر)یان گوت: ئەی خەلیفەی خودا، گوتی: من خەلیفەی خودا نیم، ئەوەندەم بەسە کە خەلیفەی پێغەمبەرم (درودی خوای لەسەر بێت)، هەروەها خودا خۆی خەلیفەی کەسانی ناحازرە وەك لە دوعای سەفەردا هاتووە لە پێغەمبەرەوە (درودی خوای لەسەر بێت)، بۆیە نابێت کەس خەلیفەی خوا بێت، یان لە جێگەی ئەو بێت، چونکە خودا هاوشێوەی نییە، هەر کەس خەلیفەی بۆ بڕیار بدات، شەریکی بۆ قەرار دەدات).

لێرەدا بەپێویستی دەزانم ئاماژە بەم دوو ئایەتە بدەین:

١- وَمَن لَّمْ يَحْكُم بِمَا أَنزَلَ اللَّهُ فَأُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ

هەندێ کەس زاراوەی (حکم) و(أمر)یان لەلا تێکەڵ بووە، بە جۆرێك وا دەزانن هەردووکیان هەر یەکن، بۆیە کە خەواریجەکان گوتیان (لاحكم الا لله)، ئیمامی عەلی وتی:

( إنها كلمة حق يراد بها باطل.. نعم، إنه لا حكم إلا لله، ولكن هؤلاء يقولون: لا إمرة إلا لله، وإنه لابد للناس من أمير)[٨].

واتە: ( ئەوە قسەیەکی هەقە ناهەقی پێدەویسترێت، بەڵێ (لاحكم الا لله)، بەڵام ئەوانە وای تێدەگەن کە(فەرمانڕەوایی بۆ خودایە)، نازانن فەرمانڕەوایی کاری (ئەمیر)ـە. هەر لەبەر ئەمەش بوو لە قورئاندا بە فەرمانڕەوا گوتراوە (أمير) نەك (حاكم)

٢- (يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُواْ أَطِيعُواْ اللّهَ وَأَطِيعُواْ الرَّسُولَ وَأُوْلِي الأَمْرِ مِنكُمْ)

چەند وردەکارییەك لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا هەیە:

یەکەم: خوای گەورە بۆ خۆی فەرمووی (وأطيعوا الله) بۆ پێغەمبەریش فەرمووی (وأطيعوا الرسول)، کەواتە بۆ خوا و پێغەمبەر وشەی (أطيعوا) وەك یەك هاتووە، مانای وایە ئەو کەسەی ئیتاعەی پێغەمبەری کرد، ئیتاعەی خوای کردووە، هەرکەسێکیش بیەوێت ئیتاعەی خوا بکات، ئەوە دەبێت ئیتاعەی پێغەمبەریش بکات.

بەڵام بۆ (وأولي الامر منكم)، نافەرموێت (وأطيعوا اولي الامر منكم) چونکە (أولي الامر منكم)ی نەهێناوەتە ئاستی خوا و پێغەمبەری خۆی، بۆیە وشەی (أطيعوا)ی بۆ دووبارە نەکردۆتەوە.

دووەم: خوای گەورە نافەرموێت (ولی الامر) بە موفرەد باسی ناکات. ناڵێت تاکە فەرمانڕەواکەتان، بەڵکو بە جەمع دەڵێت (أولي)، دیارە وشەی (أولي) جەمعی (ولي)یە، واتە فەرمانڕەواکانتان، دەبینین کردی بە کۆ و بە دەزگا و بە کۆمەڵێك کەس کە یارمەتی کەسی فەرمانڕەوا دەدەن.

سێیەم: فەرمووی (منكم)، واتە کەسێکە لە خۆتان و لەنێوخۆتاندا هەڵتانبژاردووە، کەسێك نییە لە دەرەوەی خۆتان هاتبێت.

---

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

(١) محمد أبو القاسم الحاج حمد ، الحاكمية ، دار الساقي ، بيروت – لندن ، ط١ ، ٢٠١٠

(٢) ابن كثير : البداية والنهاية ، ج٢ ، ص٧

(٣) ابن جرير الطبري ، تفسير الطبري ، دار المعارف ، مصر

(٤) محمد أبو القاسم الحاج حمد ، الحاكمية ، دار الساقي ، بيروت – لندن ، ط١ ، ٢٠١٠ ص ٧١

(٥) محمد أبو حامد ، جريدة اليوم السابع ، الحاكمية ، خواطر حول تجديد الخطاب الدينى (١٣) ، ١١ اب ٢٠١٤

(٦) ، (مفردات الراغب، ص٢٩٤)

(٧) ابن تيمية : مجموع الفتاوى ، ج ٤٢ص ٣٥-٤٦

(٨) د.صبرى محمد خليل ، مفهوم الحاكمية فى الفكرالسياسى الاسلامى ، جريدة اليوم السابع ، الحاكمية ، وخواطر حول تجديد الخطاب الدينى (١٣) ، ١١ اب

# لەسەر کام گەل و چ دەوڵەتێکی عێراقی بدوێین؟



سۆلاڤ کاکەیی

بۆ گوڵانی نووسیوە

گومانـــی تێدا نییە کە دامەزراندنی دەوڵەت بۆ وەدیهێنانی ئاســـایش و خۆشـــگوزەرانیی کۆمەڵگەیە، زۆر لە ڕێبازە هەمەچەشـــنەکان هەوڵیـــان داوە لە نێـــوان فەراهەمبوونی پێویســـتییە گشـــتییەکانی تاکەکان (کە بە پاڵپشتیکردنی دەســـەڵات نەبێت نایەنەدی)، هەروەهـــا لەگەڵ ئارەزوویان بۆ پاراســـتنی ئازادییەکانی تاکەکان هاوسەنگی ڕابگرن، بەمەش دەوترێت هاوســـەنگیی نێوان دەســـەڵات و ئازادی. ئەم هاوســـەنگییە لە کۆمەڵگەیەکەوە تا کۆمەڵگەیەکی تر جیاوازی هەیە، وێڕای جیاوازی لە خودی چەمکی ئازادی لە نێوان هەردوو ڕێبازگەی سۆسیالیســـتی و تاکگەرایی، بەگشتی ئەرکەکانی دەوڵەت لەم خاڵانە چڕ دەکرێنەوە:

١. پارێزگاریکردنی ئاسایشـــی گشـــتی دەرەکی: ئەمەش ئەرکێکـــی بەرگرییە کە دامـــودەزگا ســـەربازییەکان بۆ ســـەلامەتی دەوڵەت و تاکەکانی لە دوژمنکارانی دەرەکی پێی هەڵدەستن.

٢. پارێزگاریکردن لە ئاسایشی گشتی ناوخۆ: پێوەندیدارە بە پاراستنی تاکەکان و موڵك وماڵیان.

٣. وەدیهێنانی دادپەروەری: یەکســـانبوونی تاکەکان بە پێی چەند یاسایەك کە بە دەقی قەزایی داڕێژرابێت.

ئەم ئەرکانە خەســـڵەتی پاســـەوانی بە دەوڵەت دەبەخشن، بەرپرســـیارێتی دەخاتە ئەســـتۆیەوە، کە ئـــەوەش ڕۆڵێکی ئەرێنی دەگێڕێت بۆ دەوڵەت لە بەرانبەر ماف و ئازادییەکانی تاکەکانـــدا، چونکـــە دەوڵـــەت دەڕەتێنێ لـــە بوارەکانی تەندروســـتی و خوێندن و ڕۆشنبیری و پرۆژەکانی ئابووری و پەرەپێدان، کەواتە دەســـتێوردانی دەوڵەت کورت دەکرێتەوە بۆ پاراستن و ڕێکخســـتنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان، بێ ئەوەی هیچیان لێ کەم بکاتەوە، کە ئەوانەش بریتین لە ئازادییەکانی هاتوچۆ و نیشـــتەجێبوون و ئاسایش، هەروەها بیروڕای ئازاد و ڕۆژنامەگەری و کۆبوونەوە و خۆپیشاندان و ئازادییەکانی تری ئایینی و خوێندن و فێرکردن و تاد.

لە بەرانبەردا تێگەیشـــتنێکی تر هەیە کە بە دەستێوەردانی دەوڵەت دەناسرێتەوە، بەوەی دەوڵەت لە بوارەکانی کشتوکاڵ و پیشەســـازی و بازرگانی، هەروەها دەستوەردانی دەوڵەت لە کاروبـــاری کۆمەڵایەتی وەك فێرکردن و تەندروســـتی بـــۆ دابینکردنی تاکەکانی گـــەل خاوەنـــی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانی نـــاو کۆمەڵگەکە بێت، هەمـــوو ئەمانەش پێویستیان بە بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی دەزگایەکی پتەوی جێبەجێکار هەیە، بۆیە پێویستە ئەو دەزگایە پسپۆرایەتی و دەسەڵاتەکانی  فراوان بکرێت.

چارەســـەرێکی مامناوەندانـــە هەیە، کـــە ئەویش دەوڵەتی تێکەڵەیە، کە تێیدا هەردوو خەسڵەتەکە لە خۆ دەگرێت: واتا هەم پارێزەر و پاســـەوانە و هەم دەستێوەردەر، هەم ئاسایشی گشـــتی تاکەکان دەپارێزێت و هەم پێداویستییەکانیشیان بۆ دابین دەکات، وەك لە وڵاتانی ئەســـکەندەناڤیدا ئەمە هەیە.

لێرەوە دەکرێت بپرســـین: ئەو ئاڕاســـتەیەی لە ساڵی ٢٠٠٣ بە دواوە دەوڵەتی عێراق گرتوویەتیەبەر کامەیانی لەســـەر دەچەسپێت؟

دەوڵەتـــی عێراق بە واتای وشـــە دەوڵەتێکی بێدەســـەڵاتە، بێدەســـەڵاتە لە پاراستنی ســـنوورەکانی وڵات لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، فاشـــیلە لە جڵەوگرتنە دەست و چارەسەرکردنی کێشـــەکانی ناوخۆدا، بە هۆی سیاسەتە ئیقســـائییەکانی کە جگە لـــە پێکهاتەی شـــیعە هەموو پێکهاتەکانـــی تری پەراوێز خســـتووە، بە هەنجەتی ئەوەی بە درێژایی مێژوو بەتایبەتیش بە درێژایی فەرمانڕەوایەتی بەعســـییەکان شـــیعە مەغدوور کراوە، بۆیە ئـــەم دەوڵەتە ناتوانێـــت دادپەروەری وەدیبهێنێـــت، تەنانەت ناتوانێت وەك دەوڵەتێکـــی تەقلیدی ئەرکی پارێزگاریش ببینێت، چ جای ئەو ڕۆڵانەی تری کە بەرژەوەندیی گشـــتی و بارودۆخی بژێوی خەڵك دەیخوازێت.

کەواتـــە ئەمە ئەو ئەنجامە خراپەیە کـــە دەوڵەتی عێراقی بەدەســـتی هێناوە پـــاش دەرچوونی لە بەنـــدی حەوتەمی میســـاقی نەتەوە یەکگرتووەکان، کە بەندێکی تایبەتی تێدا

بوو بە هەڵگرتنی سزاکان و کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکاو گێڕانەوەی سەروەریتی بۆ خاکی عێراق، بەڵام چی لێ دروست بوو؟ دەوڵەتێکی هەڵوەشاوەی بێتوانا لە ئاست ئەرکە تەقلیدییەکانی دەوڵەتیدا، کە هێزی خۆی دژ بە تاکەکانی ناو وڵات خستۆتەگەڕ، جارێك بە ناوی سەروەریتی و جارێکیش بە ناوی یەکێتی نیشتمانی و پێکەوەگونجانی کۆمەڵگەیی!

ئەم دەوڵەتە عەرەبییە تا ئەمڕۆش لە پیلاندایە بۆ هەر هەوڵێکی کورد کە بە شێوەیەکی یاسایی و بەپێی دابی دەوڵەتییانە و دەستوورییانە بۆ مافی ئەم نەتەوەیە بیدات، بۆیە مافی سروشتی گەلی کوردە بە بێ دەستێوەردانی دەرەکی چارەنووسی خۆی دیاری بکات.

لەمەوە داخوازییەکانی سەرۆك بارزانی لە دوایەمین سەردانیدا بۆ واشنتۆن بریتی بوون لە ڕەوایەتیی مافی گەلی کورد بۆ سەربەخۆبوون و مافی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، کە لە بەرانبەردا سەرۆك ئۆباما پێشوازییەکی گەرمی لێکرد، بەڵام بۆ حاڵی ئێستا ڕازامەندبوون لەسەر ئەوەی هەوڵ بدرێت لە چوارچێوەی فیدراڵیدا هەرچی مافی نەتەوەی کوردە دەستەبەر بکرێت، بەڵام حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقی ئەم دواییە ئەم دەسەڵاتی فیدراڵیبوونە قۆرخ دەکەن بۆ خنکاندنی مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان تا بە ناوی دەستوورەوە بزاڤەکانی ئیفلیج بکەن و دەسەڵاتەکانی هەرێم لاواز بکەن.

ئێستا دەوڵەتی عێراق لە هەوڵدایە لە ڕووی جیۆگرافیاوە خاکی پارێزگا سوننەکانی بە نموونە وەك ئەنبار بلکێنێتەوە بە قەوارە شیعەکانەوە بە ناوی گێڕانەوەی کاروبارەکان بۆ سەر ڕاستەڕێی خۆی و چاککردنەوەی هەڵەکانی پێشوو، کە پێشتر حکومەتی بەعس ئەم گۆڕینە دیموگرافییەی ئەنجام داوە، کەچی ئامادە نییە هەمان سیاسەت بۆ ڕاستکردنەوەی دیموگرافیای کەرکوك و ناوچە کێشەلەسەرەکانی کورد بهێنێتەوە سەر هەمان ڕاستەڕێگەی دروست.

ئەوەتا حکومەتی عێراق دیسانەوە لە پاش موسڵ بەرفراوانترین پارێزگای عێراقی بۆ داعش بەجێهێشت و دیسانەوە سوپای عێراق هەڵهاتن، سەرۆك وەزیرانی عێراق هانا بۆ حەشدی شەعبی دەبات بە فریای بکەون، لە کاتێکدا ئەم حەشدە چەند مانگێکە دامەزراوە و سوپاکەش چەندین ساڵە مەشقی پێدەدرێت و پڕچەك دەکرێت.

کەوتنی ئەنبار بە دەستی داعش دوپات بوونەوەی هەمان سیناریۆی موسڵە، بە واتا گەڕانەوەی داعش بۆ تکریتیش ئاسانتر دەکات، کەواتە حکومەتی عێراق هیچ کۆنترۆڵی بەسەر ناوچە سوننەکاندا نەماوە، ڕەنگە بەغدای پایتەختیش بکەوێتە ناو هەمان پلانی داعشەوە.

ئەمە بریتییە لە داکوتانی سنگ لەسەر ئەو دابەشبوونەی لە پاش ساڵی ١٩٩١ ڕوویداوە، نەك لە ساڵی ٢٠٠٣ وەك جیهانی عەرەبی (بایدن)ی پێ تۆمەتبار دەکەن بەوەی لە ٢٠٠٧ ئەم پلانەی دانابێت.

بڕیاری ٦٨٨ی ساڵی ١٩٩١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەوە بوو هێڵی ٣٦ بکرێتە نەوایەکی ئارام بۆ کوردستان، هەروەها ئاسمانی ناوچە شیعەکانیش دەپاراست لە فڕۆکەکانی بەعس کە کەوتبوونە باشووری هێڵی ٣٢، ئەوکات سوننە لە هاوکێشەی پاراستن وەدەرنرابوو، نەك بەو خەسڵەتەی لایەنگری ڕژێمی بەعسین، بەڵکو بۆ بەرجەستەبوونی دابەشبوونەکە بەپێی تایفەگەری و لەسەر جیۆگرافیای هەرسێ پێکهاتەی کورد و سوننە و شیعە، کەواتە ناهەقییە بەرانبەر سەرۆك بارزانی دەکرێت، ئەگەر وابزانرێت بە دروستکردنی کیانی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی هەوڵ دەدات قۆرخی ئەم دۆخە هەڵوەشاوەی عێراقی فاشیل بکات.

هەمیشە کورد هاوپەیمانی سیاسەتە نیشتمانییەکانی عێراق بووە، بە بەڵگەی ئەوەی زۆربەی زۆری کۆنگرە و سیمینارەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی چارە بۆ ئەم دۆخە نالەبارەی عێراقی پاش سەدام لە سەر خاکی کوردستان ئەنجام دراون، هەر کوردستانیش بووەتە لانکەی هەموو ئەو عەرەب و پێکهاتانەی تر کە لە شوێنەکانی ترەوە لێیان دەقەومێت.

داخوازیکردن بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی چارەسەری بنەڕەتی قەیرانی حکومەتی عێراقییە پاش ئەوەی هەموو ڕێگە دەستوورییەکانی لە کورد داخستوون و هیچ بوارێکی بۆ دیالۆگ و تێگەیشتن نەهێشتۆتەوە، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بە پێی ڕاڤە و شیکارکردنی ئەو دۆخەی عێراق تێیکەوتووە کە دەوڵەتێکە ناتوانێت ڕۆڵی تەقلیدی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری هاووڵاتیانی خۆی بگێڕێت و ئەوەتا هانا بۆ گرووپگەلێکی میلیشیایی و بەکرێگرتە دەبات لە بری سوپای عێراقی دەوڵەتەکەی پێ بپارێزێت، هەمووی بەڵگەن لەسەر بێتوانایی دەوڵەتی عێراق لەبەرانبەر ئەرکی بەرگریکردن لە خاك و هاووڵاتیانی خۆیدا، باشترین بەڵگەش ڕاگەیاندنەکانی ئێرانە کە ئامادەباش بوون بۆ دەستێوەردان و گێڕانەوەی خاکە زەوتکراوەکانی عیراق لە دەستی داعش، کەواتە ئێستا عێراق نە خاوەنی سەروەرێتییە، نە دەسەڵاتی پارێزگاریکردنی لە خاك و گەلەکەی ماوە، یەك لەسەر سێی خاکەکەی بۆ داعش بەجێهێڵاوە، گەلی عێراقیش دابەش بوونەتە سەر سوننەیەکی یاخی بە سیاسەتەکانی حکومەت و کوردێکی نارازی بەم شێوە حوکمەی ئێستا و مەسیحییەکی هەڵهاتوو لە وڵاتێك کە پڕی تەکفیری بووە بۆ لەناوبردنی پێکهاتەکانی تر، تورکمانێکی دابەشبوو بەسەر چەندین تەوژمی هەمەجۆردا، کە هەندێکیان شیعەمەزهەبن، هەندێکیشیان تۆرانین و داواکانیان نزیکە لە داواکانی تورکە قەوڕوسییەکانەوە و ...تاد

کەواتە لەسەر کام گەل و کامە دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو قسە بکەین!؟

**دەستێوەردانی دەوڵەت کورت دەکرێتەوە بۆ پاراستن و ڕێکخستنی ماف و ئازادییەکانی تاکەکان، بێ ئەوەی هیچیان لێ کەم بکاتەوە**

**دەوڵەتی عێراق بە واتای وشە دەوڵەتێکی بێدەسەڵاتە، بێدەسەڵاتە لە پاراستنی سنوورەکانی وڵات لە بەرانبەر هەر هەڕەشەیەکی دەرەکی، فاشیلە لە جڵەوگرتنە دەست و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناوخۆدا، بە هۆی سیاسەتە ئیقساییەکانی کە جگە لە پێکهاتەی شیعە هەموو پێکهاتەکانی تری پەراوێز خستووە**

**هەمیشە کورد هاوپەیمانی سیاسەتە نیشتمانییەکانی عێراق بووە، بە بەڵگەی ئەوەی زۆربەی زۆری کۆنگرە و سیمینارەکانی تایبەت بە دۆزینەوەی چارە بۆ ئەم دۆخە نالەبارەی عێراقی پاش سەدام لە سەر خاکی کوردستان ئەنجام دراون، هەر کوردستانیش بووەتە لانکەی هەموو ئەو عەرەب و پێکهاتانەی تر کە لە شوێنەکانی ترەوە لێیان دەقەومێت**